# پێشەکی

هەستێکی سەیرە ، منداڵ بیت و باوکت شاعیرێکی ناسراو . من بەو هەستەوە
لەدایك بووم و چاوم کردەوەو گەورەبووم ، بەو هەستەوە ژیانی منداڵی و
قوتابخانەم
بردە سەر ، لە قوتابخانەی (( بێخود )) ی سەرەتایی ، لە کۆبوونەوەی
سالآنەی
باوکاندا کاکەی فەللاحیان بە سەرۆکی باوکان هەڵدەبژارد ، هەموو ساڵێ وا
بوو
دوبارە دەبووەوە ئاخر کاکەی فەللاح یەکێ نەبوو تۆ بتوانی لە شارەکەی خۆیدا
و
لە قوتابخانەی کوڕەکانی خۆییدا لە یادی بکەیت . ئەویش دەیزانی کە هەڵی
دەبژێرن و
وتارێکی تێر و تەسەلی ئامادە دەکرد و منیش دەبوایە لە بەردەم هەموو باوکان
و مامۆستایاندا بیخوێنمەوە ، بە چەپڵەڕێزان دایان دەگرتمەوە بە بێ ئەوەی
لە دێڕێکی وتارەکە بگەم . بەلآم ئیتر کە مرۆڤ گەورە دەبێ ، ئیدی کە پرسیار
لە دوای پرسیارت لا دروست دەبێت ئەو هەستە بەرەو لاوازی و کاڵ بوونەوە
دەچێ . لە جیاتی ئەوە
دەبێتە جۆرێك لە پرسیار کردن . پرسیار کردن لە شیعر و کێشەکانی ، لە ژیان
خۆی لە رۆشنبیری و ئاستەکانی ، لە جوانی و دزێویی ژیان ، لە پرسیارکردنی
شیعر خۆی لە هەموو گەردوون



کاکەی فەللاح و نەوەی ئەو ، ئەو کەسانە بوون کە خەونی خۆیان هەبوو .
رۆژگارێ بوو ئێستە بەسەرچووە ، بەلآم ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوان خەونی
جوانی خۆیان نەبوو بۆ ئێمە ، خەونێك کە تەنها لەدوای مەرگی زۆربەیان بە
جۆرێك لە جۆرەکان ، لە ئاستێك لە ئاستەکاندا هاتە دی و نەهاتە دی
شیعرەکانیان هەرچۆنێ بوبێت ، شاعیرە ناسراوەکانی مێژووی ئێمەن
مێژوویەك پڕ برین ، ئەوانیش ئەو شاعیرە بە ویقار و غەمبارانە بوون کە هیچ
شتێ لەم دونیایەدا دڵشادی نەدەکردن .
کلتووری ئێمە وایە ، کلتوورێکی سەیر و نالەبارە . شاعیر نابێ دڵخۆش بێت و
پێبکەنێت بۆی هەیە دڵداری بکات ، بەلآم تەنها لەناو شیعردا . ئەویش دەبێت
عاشقێکی دۆڕاو بێت ، سەرگەردان و رەنج بەخەسار و کلآو بابردوو .هەرچەندە
باوکی من یەکێ بوو لەو کەسە دەگمەنانەی کە دانیشتن لە لای هەتا بڵێی بە
تام و پڕ جۆش و سەر لێو لە نوکتەو گاڵتە و پێکەنین بوو ، ئەمە قسەی تەنیا
من نییە ،
بەڵکو هی هەموو ئەو کەسانەشە بە پیر و گە نجەوە لە لای دادەنیشتن
من ئەم پێشەکی یەم لە جیاتی هەموو براو خوشکە ئازیزەکانم نووسی لە
جیاتی هەموو ئەو پەپوولانەی کە رۆژێ لە رۆژان باوکمیان لە کونجی
زیندانەوە
تامەزرۆی بینین و شادبوونەوە بوو پێمان (( شەش پەپوولەکەی گۆشەی
باخەکەم

هەر بۆ ئێوەیە ئاخ و داخەکەم )) بە کۆچ کردنی یەکجارەکی ئێمەش وەك دەبینن

لە پە پوولەیی خۆمان کەوتین . لە ناکاو ... بە بیٚ وادە کۆچی کرد و لەدوای خۆی زۆر شتی بۆ جێهێشتین . هەر لە شیعر و وەرگێڕان و ڕەخنەی ئەدەبی و شیعری جوانی بۆ منداڵان و زۆر نووسینی تریش . ئەمەی لێرەدایە ، کۆی شیعرەکانێتی ، ئەوانەی کە لە ( دیوانی کاکەی فەللاح دا ساڵی 1980 ) بڵاوکرابوونەوە ، لەگەڵ زۆربەی زۆری ئەو شیعرانەی تریش کەلە دوای دیوانەکەی

لەملاو ئەولا دەستمان کەوتنەوە ، هەروەها ئەو شیعرانەی تریش کە تەنها لە لای

خۆمان پاراستبوومان و بە هیچ مەرجیٚ لە بەر ئەو بارە سیاسیەی لای خۆمان هیچ ڕۆژنامەو گۆڤاریٚ نەیدەگرتنە خۆی .

ئارام

## ژیـــــان و شــیعری

## کاکەی فەلـلاح

لە بارەی ژیان و شیعری کاکەی فەللاحەوە وەك خۆی لە ( کاروانی شیعری نویٚی کوردی )دا باسی لیٚ دەکات هەر بەو شێوەیەی خۆی بڵاوی دەکەینەوە



کاکەی فەللاح ناوی ( حمە ) کوڕی ( حمە ئەمین ) ی کوڕی ( قادرە ) و لە ساڵی ( 1928 ) ی ز لە قەزای چوارتا { شارباژێڕی } سەر بە پارێزگای سلێمانی هاتۆتە دنیاوە و ڕۆڵەی خێزانێکی دەست کورت و شێوە هەژارەو لە ماڵێکدا چاوی کردۆتەوە و ڕاست و چە پی خۆی ناسیوە کە کەسیان خوێندەوار نەبوون و لە دێیەکدا هاتۆتە دنیاوە کە هەر لەبەر ئەوەی لەسەر سنورەو ناوچەیەکی گەورە و دێهاتێکی زۆری لەسەرە ناویان ناوە قەزا ... کەلە خەم ڕەخسیوە باوکی بەدەستوری ئەو سەردەمە ویستویەتی گولستان و بۆستانی سەعدی لەحوجرەدا فێر بێت ، بەڵام ئەم چاوی لە هاوڕێکانی کردوەو ڕێگای قوتا بخانەی گرتۆتە بەرو بەتایبەتی لەو سەردەمی خوێندنی سەرەتاییدا زۆر حەزی لەقسە و ئامۆژگاریەکانی ( ع . و نوری ) کردوە کە بۆ ماوەی سیٚ ساڵ ( 39 , 40 , 41 ) بەڕێوەبەری قوتا بخانەکەیان بووە لە چوارتا . لە پاڵ خوێندنەکەشیدا زۆر یارمەتی باوکی داوە لەکار و باری دوکان و وردە فرمانی تردا .

هەر لەتەمەنی منداڵیەوە حەزی لە شیعر و هۆنینەوەی کردوە و زۆر جار خۆی بۆ ئەو مەبەستە تاقی کردۆتەوە .. پاش تەواو کردنی خوێندنی قۆناخی سەرەتایی باوکی ناردویەتی بۆ سلێمانی کە بخوێنێت و لەیەکەم بەشی ناوخۆیی وەرگیراوە و هەر لە سەرەتای چونیەوە تێکەڵ بەچالاکی یەکێتی قوتابیانی ئەو سەردەمەو کاروباری سیاسەت بوە و لە ڕێگای شیعرو شیعر

خوێندنەوەشەوە ، کەم و زۆر ، وەك یەکێکی بەرچاو کەوتو ، جم و جۆڵ و بەشداری هەبوە ..

سەرەتای شیعر دانانی بۆ ساڵەکانی ( 1945 – 1946 ) دەگرێتەوە و یەکەم شیعری دەربارەی ( نەورۆز )ە هیچی لەیاد نەماوە .. ئەم دو سێ پارچە شیعرەی خوارەوە نمونەی بەرهەمی ئەو سەردەمەیەتی :

**رێگای بەختیاری**

**ئــەوی ئــەیــەوێ بــبێ بـــەختیـــار**
**بــیر و بـــاوەڕم بــکــا ئــیـختـیـــار**
**پـێش هـەمـو شـتێ بــەرەو نـــیشانێ**
**ڕێ بـکـوتێ خـۆیشی بــا لەسەر دانێ**
**چـاوی نـەتـرسێ بـچێ بـێ پـشـــو**
**گـیـانی نـەبـەزیـن بـکـا بـە تـوێشو**
**ئـەبێ بـزانـێ لـەسـەر ئـــەو ڕێیــە**
**کـە نـەبێ هـەزار چـوتـورمی لـــێیە**
**دوژمنی خـاوەن چـەکی هـەمە ڕەنگ**
**لەسەر چونی ئەو لەو ڕێیە بون بەنگ**
**ئـەویش لـە سـایەی ئەو هێز و تینەی**
**میللـەت داوێتیە لـەو وەرسی ژینەی**
**لـەگـەڵیـان بـکـا بـەرەبـەرەکـــانی**
**تـــاکـو بـڵێسـەی گـــڕی تـەکـــانی**
**ڕۆشـن کـەرەوەی بەر دەرکی شادی**
**دەریـخــــا بــۆتــە شــــبری ئـــازادی**

ئەم شیعرە کە لە هۆنراوەوە نزیکە ، دەست نیشانی ئەوە دەکات کە شاعیر خۆی بە هەڵگری بیر و باوەڕێك داناوە و بەلای چەپدا ڕۆیشتوە و پێش کەوتوە . وەك ئاشکرایە ناوچەی شارباژێڕ ، کە شوێنەزایەتی ناوچەیەکی لادێیەوجوتیار نشینە و چەوساندنەوەی چینایەتی زۆر بە زەقی پێوە دیاربوە و هەمیشە شێخ و ئاغا و بەگە زۆردارەکان چەوسێنەری چینە ڕەش و ڕوت و خوێن مژراوەکان بون و سێبەری خوای ئاسمان بون لەسەر زەوی و وەك سپڵی لاورگ لەسەر حسابی ئەو هەژارە کەساس و زەبونانە تەواو بە خۆشی ژیاون .. چیرۆك و بەسەرهاتی ژیانی و گوزەرانی ئەو چەوساوانەش ، وەك هەوێنێك ، لەسەرەتاوە کەرەسەی بایەخی شیعر و هۆنینەوەی ئەم شاعیرەمان بوەو ئەوەتا لە پارچە شیعری ( گووڵی جێماو )ی ئەو سەردەمەیدا ڕو دەکاتە جوتیار و دەڵێت :

**ئـەی ئەو کەسەی هەمیشە**
**پیشـەت کـۆشش و ئیشـە**

بە سەرگەرمی ، بێ وچان
لەسەر ڕێگای هەوڵدان
تاکو دواهەناسەن ژین
بەخت ئەکەی تەوژم و تین
بەرەنجی شانی بازو
بە گاسنی بێ پشو
جەرگی زەوی دەرئەدەی
تۆوی بەسەردا ئەکەی
بەئارەق و ئەشکی چاو
پەروەردەی ئەکەی تێراو

هەر لەو سەردەمەدا و ئەم چەشنە جم و جۆڵ و بیر و باوەرە پێشکەوتنخوازو و باس وخواستی چەوساندنەوە و کاروباری خەباتی چینایەتیە بۆ ماوەی چەند شەوو رۆژێك دەبێتە میوانی بە زۆر بانگ کراوی بەندیخانە ، کە ئوتێل بەلاشمان پێ دەگوت و لە رۆژێکی دەرگا بچکۆلەی بێ پەنجەرەدا گیری دەدەن و ئەمیش بە دزیەوە لەسەر پشتی پارچە مقەببایەکی شڕ ئەم ( ئەی شەو )ە دەنوسێت و دەڵێت :

دریخیم لێ مەکە ئەی شەو ، بەهێزی جوتە باڵی رەش
زەمینی ژینەکەم یەکسەر بخە ژێر سێبەری باوەش
بەسەرما شێوە ڕەشماڵی هەڵی بە جوستەکەم بگرێ
هاتە ئەتوانێ پرشنگی ژیانی شادی من بگرێ
مەهێڵە رو بە روی من بێ ، بەرەوروی زۆر بە دەربەستی
بچۆ تاکو لە توانائتا هەیە زۆر بیکە بەربەستی
برۆ هەرچی ئەکەی دەربارەمی کەسا بە چالاکی
پەلاماریکی شێتانە بەرە سەر تیشکی روناکی

مەسەلەی لەقەبی ( کاکەی فەللاح )یش تا ئێستا زۆر کەس نازانێت لە چیەوە هاتوەو ئایا خۆی ناوی وایە ، یان خۆی بۆ خۆی هەڵیبژاردوە . یان خەڵکی بەسەریدا بریوە؟ ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەم لەقەبە هەر تەواو ناوە راستیەکەی شاعیری قوت داوە و جوڵەی لێ بڕیوە .. سەرەتای ئەم لەقەبە بۆ ساڵی ( 1947 )ی ز دەگەڕێتەوە ، بۆ سەردەمی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارلەمان کە پارتی کۆمەنیست و حیزبی ئازادکردنی نیشتمانی لە سلێمانی کۆبونەوەیەکی تەواو گەورەیان بۆ سازکرد و لە ساحەی قوتابخانەی سانەوی ( غازی ) ، قوتابخانەی شێخ مەحمودی سەرەتایی ئێستا ، ئەو کۆڕە بەستراو ، ئەمیش بەو بۆنەیەوە پارچە قەسیدەیەکی دور و درێژی خوێندەوە کەخۆیشی هەر ئەوەندەی خوارەوەی لەبیر ماوە و دەڵێت :

کرێکار و قوتابی و چینەکانی روت و بێ نانت
سەپان و کاکی فەللاحی بەرەی تالآن کراوانت
لەگەڵ کیژ و هەتیوانی کزی بێ سوچ و تاوانت


www.pertwk.com

ئەڵێ دەی را پەڕە و گوێ بگرە کففەی خوێنی لاوانت
بەدەنگی بەرز ئەڵێ ، نێزیکە جەژنی بەش خوراوانت
بـرا ئـەو گـیـانـە خـاوێنەی کـەوا قـوربـانی رێی تۆیە
ئـەڵێ : مـەجلیسی وا دانێ کەبۆ سەربەرزی تۆ هۆیە
بـڵێ : ئـۆبـاڵی چـەن ملیۆن هـەژارانـت لە ئەستۆیە
مـلی رێگـەی چـەوت نەگری دەسم دامێنت ئەمرۆیە
دەسـا دەی ڕا پەڕەو گـوێ بگرە کففەی خوێنی لاوانت
بـە دەنگی بەرز ئەڵێ : نێزیکە جەژنی بەشخوراوانت
لــە ئـینســانێکی بـێ فەردا نەچی دەنگت بدۆڕێنی
دەخیلت بم نـەکـەی لاشـەی شـەهــیدانت بـتـۆرێنی
بـە دەربـەستـی نـەیەی تا دوا دڵۆپی خوێن بچۆڕێنی
لـە تـۆ دێ ڕەورەوەی مـێژو بـەرەو پێشـێ بسـوڕێنی
دەسا تۆش را پەڕە و گوێ بگرە کففەی خوێنی لاوانت
بـەدەنگی بـەرز ئـەڵێ : نێزیکە جەژنی بەشخوراوانت

جا لەبەر ئەوەی کە وشەی ( کاکەی فەللاح ) لەم شیعرەدا هاتوە و شاعیریش لەپێشەکەشکردندا بە ناوی فەللاحە رەش و روت و چەوساوەکانی ناوچەی شاربازێڕەوە پێشەکیەکی بە پەخشان خوێندەوە ، لەقەبی ( کاکەی فەللاح )ی بەسەردا دابڕاو بو بە لەقەبی شیعر بۆی .

لەو سەردەمەدا کە شەپۆل و لافاوی بزوتنەوەی نیشتمانی بەرەو را پەڕینەکەی کانونی ( 1948 ) ، رۆژ بە رۆژ ، لە بەرزبونەوەو تەوژمدا بو ... دوای بگرە و بەردە و سزا و ئەشکەنجەیەکی زۆر و سەبارەت بە جم و جۆڵی شیعری سیاسی لە کۆبونەوە و خۆپیشاندنەکاندا ( کاکەی فەللاح ) میوانێکی هەمیشە نوێن بە کۆڵی خانەخوێ نەویستی هەر رۆژە نا رۆژێکی بەندیخانەکانی ئەو رۆژگارە ڕەشە بو .

تا وای لێ هات یاساوڵ لەسەر کورسی قوتابخانە و خوێندن پەلی گرت و بە پێچەوانەی یاسا و وەسیقەی قوتابخانە و شەهادەتی موختار ، بە زۆری زۆردارەکی لە پۆلی سێی ناوەندی را پێچی سەربازی کار و مۆری ( متخلف )یان بە ناوچەوانی موعامەلە دەسکردەکەیەوە ناو لەترسی جەماوەری گەلی سلێمانی ، کە خۆپیشاندانێکی نارەزایی گەورەی ( 30 ) هەزار کەسیان بۆ کرد و هەڵیان کوتایە سەر بەندیخانە ، لە نیوەشەودا بە کەلەبچە و زنجیری درێژەوە ، پۆلیسی سوارە ، بە پێ و چنگ لەسەر شان ، بەهەورازی ئەزمریاندا هەڵگیرا و لە چوارتا کەین و بەینەکە تەواو کرا و بە بەندکراوی بەرەو شارە نەوتاوییەکەی کەرکوك کرایەوە و بەرگی خاکیان لەبەرکرد و ئەمیش لەبەرخۆیەوە دەیوت :

برینی قاچی زامــار و دەلاقەی دەوری پـۆستاڵم
بەجوتە هەردو بونە تەرجومانی ئێستەکەی حاڵم

بەلاّم لەسایەی دادگای سەربازی و ویژدانی نەمردوی سەرۆکی ئەو دادگایەوە ، پاش ئەوەی لە گالّتە جاری تەمسیلەکەیان گەیشت ، بیّ تاوان دەرکرا و بە پە نجا دیناری بەدەلی ئەوسا رزگاری بو هاتەوە بۆ سلیّمانی و روی کردەوە خویّندن ، بەلاّم میری هەر بەرهەلّستی کرد و لەئە نجامدا ، دوای هیّنان و بردنیّکی زۆر ، لەسەر بەشداربوونی را پەڕینەکەی کانونی دوەمی سالّی ( 1948 ) سالّیّك بەندی و سالّیّك دەست بەسەری حوکم درا و ، بەندییەکەی لە نیّوان بەغداد و کوت و دەست بەسەریەکەی لە پاریّزگای ( ناصریە ) بەسەر برد و لە ( ئەبو غریّب )دا بە ناوی ( لەجەرگەی تاریکیەوە ) دەلّیّت :

سەربەستی ئەتپەرستم
تۆی تاقە خۆشەویستم
تۆی ویردی سەر زمانم
تۆی ئامانجی ژیانم
تۆی ئایینم ، تۆی بڕوام
تۆی ئاواتم ، تۆی هیوام
تۆی بیر و هۆش و هەستم
تۆی ئارەزو و مەبەستم
تۆی قیبلەگای نیازم
بۆ تۆ ئاواتەخوازم
بۆ تۆ بژیم ، بۆت بزۆم
ئۆبالّیّکەو لە ئەستۆم



مـنیّکی دیـل و یەخسیر
هـاودەمی کـۆت و زنجیر

دوای تەواوبونی ئەو خەرج و باجی خەباتە گەڕایەوە بۆ سلیّمانی و کەدی ( کونە مشکیان لیّ کردوە بە قەیسەری ) بە تەواوی پشتی کردە ئەو تۆزە روناکی و سەربەستیە و خۆی کرد بە گۆمی سامناك و بیّ بنی تیّکۆشانی نەهیّنیدا و عەجەب داستانیّکی پڕ لە کویّرەوەری و سزا و راونان و خەبات و دەربەدەری و پەژارە و ئارەق رشتن و دان بەخۆدا گرتن و خۆبەخت کردنیّکی ریخۆلّە بە کیّشانە بۆ ماوەی شەش سالّیّکی دور و دریّژ و بیّ هەناسەدان ، لەژیانی خۆیدا تۆمار کرد و بەسەر برد و ژیا تا کەوتە بەردەستی میری و بۆ ماوەی پیّنج سالّ بەندی و سیّ سالّ دەست بەسەری حوکم درا و ، پاش ئەو ماوەیە وازی لە سیاسەت و حیزبایەتی هیّناو گەڕایەوە بۆ شاری سلیّمانی سەرومر کەوتە دنیای شیعر و ئەدەب و رۆشنبیرییەوە و لەم بارەیەوە ، وەك یادیّکی ئەو دیمەنانە و ئەو سەرگوزەشتە تاریکانە و باری دەرونی و هەستی شاعیر ، لە پارچە شیعری ( لەناخی دەروونەوە ) دەلّیّت :

جار جار شە پۆلی هەستیّکی بیّ بن
دیّ ئەشلّەقیّنیّ گۆمی بیری من
کە دیّ شە پۆلی ئەو هەستە قولّە
دەریای دەرونم ئەخاتە جولّە
را پیّچم ئەکا بەرەو رابردو
رابوردوی وەکو گولّیّك ! بابردو
ئەو رابوردووەی ناگەڕیّتەوە

گوڵێ کە سیس و ناگەشێتەوە
دێنێتە یادم ژینی بەسەر چوم
ڕۆژانی تاریك ، شەوانی پێشوم

هەر لەسەرەتای شیعر دانانەوە ڕێبازی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانەی بۆخۆی هەڵبژاردوە وەك :

ئەو کاروانە بە ڕۆژ و شەو
لەدو چاوی حەرامە خەو
ڕێگا ونبوی شەوەزەنگە
بەلاَم گوێی لە دەنگی زەنگە

لەسەر ئەو ڕێگایەش لەژێر ناونیشانی ( بەستەیەك ، راز بلبلێك ، کوننە پە پو ، ئەی کامەرانی ، هیوا ، خۆشم ئەوێ ، شوانی بێ فەر ، مەردایەتی ، ئۆخەی ، یادی بێ کەس ، شانازی شەڕ ، گەشتێك ، کاروان ، چوار منالەکە ، دوێنێ و ئەمڕۆ ، لەجەرگەی تاریکیەوە ، ڕۆژێکی نوێ ، ئەو گەلەی ، وشکە مەلە ، جەژنی دو جەژنە ، کاروانی وشە ، بەستەی پێشمەرگەیەکی نەناسراو ، سرودی نەورۆز ، دڵێکی کۆست کەوتو ، یادی ئاوا بونێك ، منیش وتم ... هتد ) چەند پارچە شیعرێکی بەرهەم هێناوە .

ئەگەرچی لەو شیعرانەدا و لە بەرهەمەکانی تریشدا وەك هەوێن گیانێکی ڕۆمانسیانەی ئاوێتە کردوە ، بە رای خۆی و بۆ چێژلێ وەرگرتن چەشنە



پاراویەکی پێ بەخشیون . بۆ نمونە لە شیعری ( بۆ دڵێکی کۆست کەوتو )دا دەڵێت :

ئەو بەهارەی مەبەستمە بەهاری ئاسایی نەبو
بەزم و شایی و ڕەشبەڵەك و هەڵپەرکێی لاسایی نەبو
شادمانی لە دەرونا ، وەکو کانی هەڵ ئەقولاَ
زۆر دڵی لەت لەتی خەفەت بۆ ڕۆژێکی وا ئەکولاَ
بۆ بەبادانی ئەو خەمە و دەربڕینی ئەو خۆشیە
لەو بەهارە پاراوەدا سەیران و ئاهەنگ جۆشیە
شە پۆلی منالْ و مەزن ، بەهەزاران سەیران کەران
ڕۆحێکی تازە بابەتی بەخشی بۆ گەشت و گەڕان
هەرچی کە پێی بلێی دڕکی ناسۆری لە باخا نەبو
لەبەر گزنگی ئەو خۆرە پەژارە لە ناخا نەبو
کەچی لە پڕ گوڵێکم دی بە دو نێرگسی مەستەوە
بەلێوێکی بە بارەوە ، چە پکە گوڵی بەدەستەوە

وەك سەرنج و بایەخێکی ئەدەبی لە شیعردا ، مەسەلەی دەرون و ئەو شە پۆل و لافاوانەی لەو دەریایەدا هەن و بە یەکا دەچن و لەبەر ئەوەی کە پەیوەندیەکی ژیاوی نەپێچراوی ڕۆژانەیان لەگەڵ مرۆڤدا هەیە ، جا ئەو مرۆڤە چ شاعیر خۆی بێت و چ پاڵەوانانی ناو شیعرە دەرونیەکان ، لەم ڕوەوەکۆمەڵێك شیعری بابەتی دەرونی هەیەو تا ڕادەیەك ڕەنج و تەقەلای ئەدەبی خۆی بۆ تەرخان کردووە . وەك ( شیوەنی پاییز ، کامیانە ، سەرنجێك ، نەخۆشی بایی بوون ، دوربینی ، بەردێك ، تێ بینی ، بادەی خەم ،

www.pertwk.com

هەناسەیەك ، بەراوردێك ، بەسەرهاتێك ، لەناخی دەرونەوە ، بڵقی سەر ئاو ، من و پاییز ، تاسەیەك ، مامۆستا گیان .. هتد ) کە بەشێوەی ئاوێتەکردنی بیری فەلسەف و جار جارەش بەرەمز دێنە زمان و لە ڕێگای دەربڕین دێنەوە مەبەست بە دەستەوە دەدەن .

پارچە شیعری ( بڵقی سەرئاو ) وەك بابەتی دەرون ، لە حەقیقەتی مرۆڤی هەلپەرست و بێ بار دەدوێت ، ئەوانەی کە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەموو نەنگیەك قوت دەدەن بە مەرجێك بەرژەوەندی خۆیان تیا بێت , شەریکی دز و هاوڕێی کاروانن ، لە شینی مەڕدا سەر بە قوڕ و لە شایی گورگدا سەرچۆپی کێشن و هیچ فو لەدۆ ناکەن :

بەسەرژمێر خۆی یەکێکە لە بەرچاو
کەچی پەلکەزێڕینەیە بە هەناو
بە پێی شوێن و بە پێی هەوا و بەرژەوەن
گێرە ئەکا و خەرمانەکەی ئەکا شەن

بەلاّم ئاخۆ ژیان هەر بەم چەشنە و تاسەر دەچێتە سەر و هەر بەکامی دڵی هەڵپەرست ئەم چەرخە دەسوڕێتەوە و دەڕوات ، نەخێر .

بەلاّم ژیان ، ژیانی راستەقینە
زۆر لەم بڵقی سەرئاوانە بەقینە
ریاکاری ، خۆپەرستی ، ترسنۆك
ئەمڕۆ ، سبەی ، ئەبێ هەر دابدا چۆك



خۆشەویستیش ، وەك هەوێنێکی پێویستی بەرهەمی شیعر ، ئەگەرچی شیعری کەم پێ وتوە ، بەلاّم بەشێوەیەکی قوڵ و بنج بەست هەر هەیە و لە چەند شیعرێکدا رەنگی خەستی داوەتەوەو گەیشتۆتە پلەی سۆفی گەری و پەرستنی تەواو ، وەك :

ئەی فریشتەی خۆشەویستی
خۆشەویستی پاك و بێ گەرد
کەوتومەتە تۆ پەرستی
لەئاسمان بێ یا لەسەر عەرد
خۆشەویستم
ئەتپەرستم
بەتۆمەستم
بێ تۆ پەستم
بەو چاوە جوانانە قەستەم
بێ تۆ ژیانم ناخۆشە
ناخی ئەم دەرونە پەستەم
بۆ روناکی تۆ پەرۆشە
پەریزادە
دڵ بەربادە
زۆر ناشادە
خەمی رادە

www.pertwk.com

هەرچەن شێوەی تۆ ئەبینم
لـە جـوانی تێر نابێ چاوم
بـە بێ تـۆ شۆخی شیرینم
گـوڵێکـی سیس و ژاکاوم
بێ رەنگ و بۆ
بێ گفت و گۆ
بێ هات و چۆ
دەستە و ئەژنۆ
ئـەی فـریشتـە نـازدارەکەم
تـۆ چـرای مـن پـەروانـەتم
ئـەی تـاقـە وەفـادارەکـەم
کوشتەی ئەو تیشکە جوانەتم
هـەتـا ئـەمرم
تـۆ پـەروەرم
نـازت ئەگرم
لەسەر سەرم

یان ئەوەتا لە شیعری ( بۆچی نابێ )دا بەو پەڕی بێ پەروابییەوە دەڵێت :

خوا پەرست بم ، لە خوا زیاتر
خۆم خۆش ئەوێ
ئەگەر دنیا پەرستیش بم
زۆر زۆر لەم دنیایە زیاتر
خۆم خۆش ئەوێ
ئەزانی بۆ ؟ نازدارەکەم!
ئەوەندە من خۆم خۆش ئەوێ :
لەبەر تۆیە تۆم خۆش ئەوێ
پەیکەری خۆشەویستی بم
بۆچی نابێ
تا ئەم دنیایە دنیا بێ
هەر بمێنم
هەر بمێنم
هەر بمێنم

خۆشەویستی نەتەوە و خاکی کوردستان و ، بەتایبەتی چینە چەوساوەکانی کورد، بەشێکی دیاربوی بەرهەمی گرتوەو شەقڵی تایبەتی خۆی لە خەرمانی ئەو رەنج و تەقەلایە داوە ئەویش بە شیعری ( کامیانە ، خۆشم ئەوێ ، مەردایەتی ، یادی بێ کەس ، بۆ هەڵۆ ، هەستێکی پیرۆز ، ئەو گەلەی ، لە یادی شێخ سەلامدا ، جەژنی دو جەژنە ، کاروانی وشە ، یادی پیرەمێرد ، بەستەی پێشمەرگەیەکی نەناسراو ، سرودی نەورۆز ، دڵێکی کۆست کەوتو )دا ، کەتێکرا وەك بابەتێکی ریالیزمی شۆڕشگێڕانە مۆرکی تایبەتی نەتەوایەتیان پێوە دیارە :


www.pertwk.com

ڕێبوارێکـــم
بەسەر هەورازی توتڕکا
هـەڵئەگەڕێم
بە ڕێی کاکێشانی دڕکا
هەنگاو ئەنێم
بە ڕێگادا
گۆماوی خوێن بەجێ دێڵم
لە دنیادا
بەشوێن مەبەستێکا وێڵم
چەندان خاوەنی تاتەشۆر
بەرۆکیان ئەگرتم بە زۆر
گۆڕهەڵکەنانی زەبروزەنگ
لێیان هێنامە ژار و ژەنگ
نە خاوەن گۆڕ ، نە تاتەشۆر
توانیان من بنێنە گۆڕ

هەر لەزووەوە ، لەشەستەکانەوە ، وەك هەستێکی بەرزی پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ و بایەخ و برەوی پێویست بە ئەرکی ئەدەبی بابەتی منداڵە ، ئاوەڕی لەم لایەنە گرنگە داوەتەوە و وەك شتێك زۆر بە پێویستیەکی تەواوی سەرشانی داناوە .

منداڵ ، وەك بەچکە مرۆڤێکی زۆر پاك و تەواو پیرۆزو سادە و خۆشەویست گۆشەیەکی پڕ بایەخی لە دڵی دا گرتوە :



وێنەی ئەو بابەتە بەرهەمەش ئەم دو پارچەیەی خوارەوەیە :

1- هەنگەکەم

ئـەی هـەنـگی ویزە خـۆشم
وەکـو تـۆ تـێ دەکـــــۆشم
چـــاوم لـەتــۆیــــە وردی
ئـــای چەن بەدەست و بردی
جێی بـــەرز ئـــــەدۆزیتـەوە
هــەلاڵــــە دەچـنیتـــەوە
شیلە و هەلاڵەی بۆن خۆش
دەکـەی بـە هەنگوینی نۆش
منیش ئەی هەنگ! وەکو تۆ
ڕە نجم گـرتـۆتـــە ئـــەستۆ
بــەرەو ئـــامــا نجی شــیرین
شـیرینترە لــە هـــەنگوین

3- پشیلە سورە

پـشیلــە سورە خت ، خت
بـۆ خۆت لێ کردوم بەشت
ئەی خاوەن چڕنوك و قەپ

لە تۆ نایە گاڵتە و گەپ
برۆ میاومیاوی چیتە
سەر زلەی سمێڵ قیتە
ئەی چاوبزەی چاوشینە
دڵم لەتۆ بە قینە
چاوم لە تۆ بۆ دوێنێ
وەکو چەقەڵ لە شوێنێ
بەو دەست و پێ چەپەڵە
کەوتیتە شوێن جوجەڵە
جوجەڵەی جوان و خرپن
وەك من بچکۆلە و گوپن
لاچۆ برۆ لە بەرچاو
ئەی کەتن کەری گلاو

هەرگیز شیعر و منداڵ لە یەکتری جیاناکاتەوە و لای وایە کە چۆن منداڵ پیرۆزە و دروست دەبێت و ژانی هەیە و ژیانی هەیە و گەورە دەبێت و جێگای شیاوی خۆی لە مەیدانی گەورەی ئەم ژیان و بۆنەدا دەکاتەوە شیعریش بەوپلەو قۆناغانەدا دەڕوات و دروست دەبێت و دەژی و هەناسە دەدات و کاردەکات :

شیعر لای من منالێکە زادەی هەناوە
باڵدارێکە و لە هێلانەی ژانا خولقاوە
گەوهەرێکە ، بە ناو دەریای ئازار و دەردا
دەبێ بچم ، تێر بگەڕێم ، تاکو سەرهەڵدا
شیعریش وەك تۆ کۆرپەیەکە نازدارو ساوا
وەکو پشکۆ گەش دەنوێنێ لە تین و تاوا
شیعر لای من بزەی لێوی قاقای زامێکە
وەکو نیشان لەسەر سنگی رێ و پەیامێکە
شیعریش دەبێ وەك تۆ و ژیان تینوی تاسەبێ
بەر لە هاتن خاوەن جوڵەو بای هەناسەبێ

کەواتە وەك هەوێن و ناوەڕۆکی ئەدەبی ، دەردوئازار و چەوساندنەوەی هەژارو لێ قەوماوەکان ، زۆر و ستەمی زۆردار و خوێن مژ ، دیمەنی رازاوەی کوردستان و خۆشەویستی مرۆڤی کورد ، جوانی و خۆشەویستی ، دەرون و شەپۆلە هەمە چەشنەکانی ، سەربەستی و ماف و بایەخی مرۆڤ و مرۆڤایەتی ، کاروباری کۆمەلأیەتی ، منداڵ و جیهانە تەلیسماویەکەی ، لەبەرهەمەکاندا سەرجەم هەن و جێگیرن .

لە حەفتاکانیشدا ، دوای رەنج و تەقەلایەکی زۆر و ماندوبونێکی تەواوی دەست لە ئەنجام شۆرانە ، توانی ئیمتیازی رۆژنامەی ( ژین ) بگرێتە دەست خۆی و بۆ ماوەی چوار ساڵ هەمو هەفتەیەك دەری بکات و پشت بە کۆمەك و یارمەتی و بەشداربونی نوسەرانی بەڕێزی کورد بە رێك وپێکی ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیە بخەملێنێت و چاپخانەیەکی بچکۆلەی بەناوی ( چاپخانەی کاکەی


www.pertwk.com

فەللاح)ەوە بۆ بسازێنێت و لە پاڵ ڕۆژنامەکەشدا کۆمەڵێك بەرهەمی کتێبی بە کەڵکی کوردی ئەم و ئەو بخاتە ناو کتێبخانەی کوردییەوە .

لەمەیدانی ڕۆژنامەگەریدا توانی ، وەکو وتمان ، ببێتە خاوەنی ڕۆژنامەی (ژین)و بە تاقی تەنیا ئەرکی هەڵسوڕاندن و بەڕێوەبردن و نوسین و پڕکردنەوە و دەرچون و پاراستنی رادە و بەرزبونەوەی ئاست و چارکردنی هەمو گیروگرفت و تەنگ وچەڵەمە سەختە ئاشکراو نەهێنیەکانی ڕۆژنامەگەری و چاپخانەی گرتە ئەستۆ و ملی ناو وەبووبە ئەندامی کارای نەقابەی ڕۆژنامەنوسانی عێراق و ئەندامی یاریدەدەری کۆڕی زانیاری کوردە .

لە شیعر و ئەدەب و تێکڕا ژیاندا باوەڕی بە گۆڕین و پێشکەوتن و نوێ بونەوە هەیە و نویٚ لە منداڵدانی کۆندا دروست بوە و ڕەوا نیە وەك سامان و کەلەپوری نەتەوایەتی ، نە هەموی فڕیٚ بدەین و نە باوەشیش بۆ هەموی بگرینەوە ڕاست وایە تەنها سامانی باش و بەکەڵك و زیندو بقۆزینەوە و ئاوێتەی بەهرە و هونەر و چێژ و پێزی خزمەت و بەرهەمی سەردەمی خۆمانیان بکەین و لایەنە ڕزیو و مردوەکانیش پشت گوێی بایەخ و ڕەنجمانیان بخەین .. بۆیە لەم بارەی بەراوردی (دوێنیٚ و ئەمڕۆ و سبەینیٚ)یەوە دەڵێت :

ئەمڕۆ کە زادەی دوێنیٚ یە
ڕێگای بەرەو سبەینیٚ یە
هەر لەبەر ئەوەی ئێستایە
تەمەنێکە و لە دەستایە
ئەبیٚ ئەو ڕەنجە درابیٚ
باخچەی وەك دوێنیٚ نەمابیٚ
گوڵەکانی بۆنخۆشتر بن
مەلەکانی دڵخۆشتر بن
دوربیٚ لە دڕك و داڵی خەم
دای نە پۆشیٚ ئاسمانی تەم

لە ناو شاعیرە کلاسیکیەکاندا زۆرتر بابەتایەری هەمەدانی و مەحوی و مەولەوی و نالی و حەمدی دەخوێنێتەوە و لەگەڵ بەرهەمەکانیاندا دەژی و لەشاعیرانی ئەم چەرخەش (گۆران)ی هەرەتەواو ، وەك بلیمەتێکی هەڵکەوتو ، بەدڵە .. سەرجەم شیعری شاعیرە لاوەکانی ئەم سەردەمەی کوردیش بەتاسەوە دەخوێنێتەوە و چێژیان لیٚ وەردەگرێت . لە شاعیرە عەرەبەکانیش بەیاتی و سەییاب و مەلائیکە و قەببانی و مەحمود دەروێش و ئەدۆنیس سەرنجی ڕاکێشاون و زۆرتر دەیان خوێنێتەوە ، شاعیرە جیهانییەکانیش : نازم حیکمەت و نیرۆدا و مایاکۆفسکی و ئەراگۆن و لۆرکا ، مایەی بایەخ پیٚ دان و جارجارەش وەرگێڕانی بەرهەمەکانیانە بۆ شیعری کوردی ، بەتایبەتی شیعرەکانی نازم حیکمەت و پاپلۆ نیرۆدا و پۆرەهەنگی هەست و تاسەی چ بۆ چێژلیٚ وەرگرتن و چ بۆ وەرگێڕان دەوروژێنن ، وەك ئەم پارچە بچکۆلەیەی نازم حیکمەت :

جوانترین دەریا ، ئەو دەریایەیە
کە تاکو ئێستا مەلەی نەدیوە


www.pertwk.com

جوانترین ساوا ، ئەو ساوایەیە
لێوی گەورەیی پێ نەکەنیوە
خۆشترین رۆژمان ، ئەو رۆژەیە وا
بە ژینی ئێمە رانەچەنیوە
جوانترین وشەش کە بە تۆی بڵێم
ئەوەیە لە دەم هەڵنەوەریوە

باوەڕی وایە کە شاعیری ئەمرۆ ، وەك شاعیرانی دوێنێ ، هەر بە سەلیقە و بەهرەی ڕوت نابن بە شاعیر و ، بەڵکو پێویستە لەسەریان کە بڕشتی بەهرە لە سایەی خۆماندوکردن و خوێندنەوەی هاوچەرخانەو تاقی کردنەوەی خۆیی و خەریك بونەوە ئاوبدەن و گەشەی پێ بکەن و ئەمەش نایەتە دی هەتا شاعیر خاوەن فەلسەفە و بیری ڕوناك و سەربە ژیان و هیوا و پێشکەوتن نەبێت .

وەلە ( 1990/10/9 )ی ژاینی مەرگ یەخەی گرتوو بوو بەمیوانێکی هەمیشەیی گردی سەیوانی شاعیران .

لەبەرهەم و بلاوکراوەکانی کاکەی فەللاح

أ- بەرهەمە چاپکراوەکانی خۆی :

1- سۆزی دەروون – شیعر – 1962
2- چرۆ – شیعر بۆ منداڵ - 1965



3- لەگەڵ شەپۆلەکاندا – شیعر - 1967
4- شێری ساختە – شیعر بۆ منداڵ - 1968
5- جگەر گۆشەکان – شیعر بۆ منداڵ – دووجار چاپکراوە : 1978 و 1980
6- کاروانی شیعری نوێ ی کوردی سێ جار چاپکراوە : 1979 و 1980 و 1987
7- دیوانی کاکەی فەللاح – شیعر - 1980
8- چۆلەکە پاساری – شیعر بۆ منداڵ - 1983
9- ئۆپەرێتی ماڵ و قوتابخانە – شیعر - 1984

ب- بلاوکراوەکانی :

10- سروود بۆ قوتابیان – شیعر - 1968
11- مەم و زین – پیرەمێرد – 1968
12- چوارینەکانی نەخەعی – شێخ سەلام – گۆڕیویەتی - 1969
13- روباعیاتی خەییام – شێخ سەلام – گۆڕیویەتی – 1967 و 1980
14- مەولەوی – پیرەمێرد - 1965
15- پەندەکانی پیرەمێرد – بەرگی یەکەم – 1969 و 1982
16- پەندەکانی پیرەمێرد – بەرگی دووەم - 1969
17- پەندەکانی پیرەمێرد – بەرگی سێ یەم - 1972
18- پەندەکانی پیرەمێرد – بەرگی چوارەم - 1980
19- گاڵتە و گەپ – پیرەمێرد - 1970
20- کەمانچە ژەن – پیرەمێرد گۆڕیویەتی - 1979

21- **ئۆدیبی پاشا – گۆڕینی کاکەی فەللاح** - 1980
22- **چۆلەکە بچکۆلەکە – گۆڕینی کاکەی فەللاح** - 1981
23- **ئە نجومەنی ئەدیبانی کورد – ئەمین فەیزی** - 1982
24- **دوانزە سوارەی مەریوان – پیرەمێرد** - 1983
25- **دیوانی ناری** – 1984
26- **محمود ئاغای شیوەکەڵ** - 1985

## ڕاپەڕین

1947

**ئەی کرێکاری نەبەردوو     کاکی جوتیاری هەژار**
**ئەی زەلیلانی چە پۆکی     خوێن مژانی شەرمەزار**

**ماوەیەکە شێخ و ئاغاو     میرو ئیستعماری پیس**
**لاشەتان ئەدرن بە کەڵبە     وەك سەگی هەوشاری پیس**
**ماوەیەکە بەش خوراون     سا بەسی بێ کۆششێ**
**بۆ نەجات و بەختیاری     ڕاپەڕینێ شۆڕشێ**
**ئەی برام کاکی فەللاحم     شێری دەشت و چاڵ و کۆ**
**پێم بڵێ بۆچ وا زەعیفە     باوەڕو ئیمانی تۆ**
**میر لە ناو کۆشك و تەلارا     بەش بکا خەرمانی تۆ**
**ئەو بخوا گۆشتی مریشك و     تۆش نەخۆی تێر نانی جۆ**
**ئافرەتانی شارو لادێ     هەروەها ئێوەش هەموو**
**ئاشکرایە بەش خوراون     هەروەکو جارانی زوو**

**تێبینی : ئەم شیعرە هەر ئەوەندەی ماوە**

## گوڵی جێ ماو

1947

**ئەی ئەو کەسەی هەمیشە**
**پیشەت کۆشش و ئیشە**
**بەسەر گەرمی بێ ووچان**
**لەسەر ڕێگەی هەوڵدان**


www.pertwk.com

تاکوو دواهەناسەی ژین
بەخت ئەکەی تەوژم و تین
بەرەنجی شانی بازوو
بە گاسنی بێ پشوو
جەرگی زەوی دەر ئەدەی
تۆوی بەسەردا ئەکەی
بە ئارەق و ئەشکی چاو
پەروەردەی ئەکەی تیر ئاو
جا بەداسی بزوتن
ئەکەویە درەو کردن
لەگەڵیا ئەکەویە خۆ
پیێ ئەبڕی بەرگی مەڵۆ
لەوێ لەسەر پشتی وورد
گێرەی ئەکەی دەست و برد
بە شەنی بێ وچانی
لێك ئەکەی پوش و دانی
دوای ئەو ئە مجا کێشەوە
خۆی ئەکوتێ بۆ پێشەوە
سەروەری گوڵی جێماو
هەر تۆی تۆ ئەی بەجێماو



ڕەنج و کنەی ڕۆژو شەو
کردەی تۆیەو بردەی ئەو

** * **

## ڕێگای بەختیاری 000

1947

ئەوی ئەیەوێ ببێ بەختیار
بیرو باوەڕم بکا ئیختیار
پێش هەموو شتێ بەرەو نیشانێ
خۆی بکوتێ خۆیشی با لە سەر دانێ
چاوی نەترسێ بچێ بێ پشوو
گیانی نەبەزی بکا بە تێشوو

ئەبێ بزانێ لە سەر ئەو ڕێیە
کە نەبێ هەزار چوتوڕمی لێیە
دوژمنی خاوەن چەکی هەمە ڕەنگ
لەسەر چونی ئەو لەو ڕێیە بون بەنگ
ئەویش لە سایەی ئەو هێزو تینەی
میللەت داویتێ لەو وەرسی ژینەی
لە گەڵیان بکا بەربەرەکانی
تاکو بڵێسەی گڕی تەکانی
ڕۆشن کەرەوەی بەردەرکی شادی
دەریخا بۆتە شبری ئازادی

## ئەی شەو 000

1947

دریٚخیم لێ مەکە ئەی شەو ، بە هێزێ جووتە باڵی ڕەش
زەمینی ژینەکەم یەکسەر بخە ناو سێبەری باوەش
بە سەرما شێوە ڕەشماڵی هەڵیبە جوستەکەم بگرێ
هەتا ئەتوانی پرشنگی ژیانی شادی من ببڕێ
مەهێڵە ڕوو بە ڕووی من بێت بەرەو رووی زۆر بەدەربەستی
بچۆ تاکوو لەتواناتا هەیە زوویکە بەربەستی

بڕۆ هەرچی ئەکەی دەربارەمی کە سا بە چالاکی
پەلامارێکی شێرانە بەرە سەر تیشکی ڕووناکی
بەقامچی گازەرای پشتی سەراسەر توێخی دامالێ
بەرەو دوا بێ ئەوەی سلێ کەی نەوەی ڕووناکی رامالێ
لەئامۆژگاری ئەستێرەو ڕەشی ئەو هەورە تارایە
کە شێرازەی چنینی چۆتەیەك چی کەت لەبارایە؟
بەگیانێکی نەبەزپڕ دەم ئەڵێم تۆی مل کەچی فەوتان
نەمانە پاشەروژی هێزی کاروانانی ڕێ چەوتان

## لەجەرگی تاریکی یەوە

1949

سەربەستی ئەتپەرستم
تۆی تاقە خۆشەویستم
تۆی ویردی سەر زوبانم
تۆی ئامانجی ژیانم
تۆی ئایینم ، تۆی بڕوام
تۆی ئاواتم ، تۆی هیوام
تۆی بیرو هۆش و هەستم
تۆی ئارەزوو مەبەستم
تۆی قیبلەگای نیازم
بۆ تۆ ئاواتە خوازم
بۆ تۆ بژیم ، بۆت بڕۆم
ئۆباڵێکەو لە ئەستۆم
منێکی دیل و یەخسیر
هاودەمی کۆت و زنجیر
کۆتی دەست و دەم و پێم
زرەی نابڕێ لە گوێم
بەجۆرێکی گوشیبم
تا ئێسکی دابڕیبم
لە زیندانێکی تەنگدا
تاریکی شەوەزەنگدا
بن میچەکەی نەوی بێ
ژێر ڕاخەرم زەوی بێ
خەو زاتی ئەوە ئەکا
خۆی توشی ئەو شوێنەکا
ئەی چۆن ئەبێ زمانم؟
نەڵێ : داخی گرانم
تاقە یەکێکە گیانم
هەر جارێکە ژیانم
تالەم ژیانە زیاتر
لەو تاقە گیانە زیاتر
شاباشی ڕێگەتی کەم
بەفەرشی جێگەتی کەم
بەستەیەک

1956

من مەلیێکم ئاشتی خواز
بە چریکەی خۆش ئاواز
لە خاکی کوردستانا
خەڵکی ئەخەمە پەرواز
بە بەستەی شیرین و خۆش
بەکوڵ بەتاسە ، بە جۆش
لەهەرلا دەنگ هەڵ ئەبڕم
ئەیخەمە بەزم و خرۆش
ئەخوێنم ، دڵم شادە
لەش لە قەفەس ئازادە
بەستەی ئاسایش ئەڵێم
بەزوبانێکی سادە
هەتا ڕۆژ بەشەو ئەکەم
بانگی ئەم و ئەو ئەکەم
بۆ ئاشتی و برایەتی
هی نووستو لەخەو ئەکەم
بۆ ئەوەمە بەجارێ

هەڵسن بیکەینە کارێ
کوننە پە پووی شەڕانی
چنگ لەسەر شان بتاری
نەهێڵین لێرەو لەوێ
هەناسەیەك بسرەوێ
ئەوەندەی هەڵفرێنین
تالە پەل و پۆ کەوێ
چونکە کوندە پە پووی گەڕ
زۆر حەز ئەکا وشك و تەڕ
بەسەر یەکا بسووتێ
بەئاگری شوومی شەڕ
حەز ئەکا دەستی تاوان
بگرێ بەرۆکی لاوان
بەناسۆر هەڵوەرینێ
گوڵی تەمەنی جوانان
یان بۆمبا لە ناکاوا
لەو پەڕی تین و تاوا

لەگەرمەی شیرین خەوا
خۆی با لە کۆرپەی ساوا
یان ئافرەتێکی سك پڕ
نێزەیەکی جگەر بڕ
لەشی ئە نجن ئە نجن کا
لەگۆشەی مالاّ لە پڕ
یان پیرێکی دەروون پاك
سادەو ساویلکەو خەمناك
پارچە بۆمبایەکی وێلْ
بۆ خۆی بیکا بەخۆراك
یان ئەتۆمی بێ ئامان
دوژمنی سەرو سامان
دەس کا بە پاکۆ دانی
ژینی پڕ لە هیوامان
یان سەرانسەر شارو دێ
بەسەر خەلْکا بڕوخێ
کوننە پەپوو کەلاوەی
بۆ خۆی لێ بکا بەجێ
بەلاّم خەیالْی خاوە
ئەو چە پەلی گلاّوە
خەلْکی بەسۆزو بەکولْ
پە یمانی ئەوەی داوە
ئەو پەڕی هێزو توانا
لە ڕێگەی هیوای جوانا
بۆ ئاسایش بەخت کا
لە پێناوی ژیانا
بەهۆی ئەم خەباتەوە
دنیا دەنگ ئەداتەوە :
سەفەربەرو ڕەشبگیر
ئەبێ ڕوو نەداتەوە
گەلانی نزیك و دوور
زەردو ڕەش و سپی و سوو
هاوار ئەکەن پڕ بەدەم
هیوادارو پشت ئەستور :

ئاشتی هەر پایەدار بێ
دنیا گوڵ و گوڵزار بێ
پڕ گوڵی ئاڵ و واڵا
چوار وەرزەکەی بەهار بێ
منیش مەلی کوردانم
پەروەردەی کوردستانم
بۆ گوڵی ئەو بەهارە
بلبلی نەغمە خوانم

** * **

## ڕازی بلبێك

1956

با خاوەنم پارەدار بێ
یەکەم دەولەمەندی شاربێ
جێگەی بەرزو پایەدار بێ
بەدەستەڵات و زۆرداربێ
مادام قەفەز جێگەی منە
ئەو خاوەنەم لا دوژمنە
باسەرمایەی بەکلوور بێ
دەسکەوتی بەبێ سنوربێ
پشتی بە پارە ئەستور بێ
لەدەردو بەلا بە دوور بێ
مادام قەفەز جێگەی منە
دەریای مەینەتیم بێ بنە
باخەوانم واهەبوو بێ
جێ ی نوستنم توکی قوو بێ
خۆراك بە پێی ئارەزوو بێ

دڵ چی ئەوێ زوو بەزوو بێ
مادام قەفەز جێگەی منە
ئەم ژیانەم لا مردنە
باشووڵی قەفەزم زێر بێ
پڕ نیعمەت و خێرو بێر بێ
چەن چاوی بەدی پێ کوێربێ
چەن ملی بو هەڵەو دێربێ
مادام قەفەز جێگەی منە
تەوقی دیلیم لە گەردنە
بادەنگم تابلێی خۆش بێ
پڕ لە نەشئەو بەخرۆش بێ
ئاوازی بەرزو بە جۆش بێ
گەشەبەخشی دڵ و هۆش بێ
مادام قەفەز جێگەی منە
ئەو دەنگ و ئاوازەش ونە
باڵدارێکی دەرو دەشتم

فێری ئاهەنگ ، فێری گەشتم
چۆلەکەی باخی بەهەشتم
بەسەربەستی و فڕین چەشتم
کەچی قەفەز جێگەی منە
کەی ئەوە کاری کردنە؟!
دیلێکم بەربوونم ئەوێ
لە قەفەز دەرچوونم ئەوێ
زاخاوی دەروونم ئەوێ
گەشتی شەبەیخوونم ئەوێ
گەرچی قەفەز جێگەی منە
دڵ بەو هیوایە رۆشنە

** * **

ئەی مانگ ئەگەر چی هەوری تاڵ و ڕەش
بۆتە چارشێوی تریفەی تۆی گەش
بەڵام ڕووناکی یادی دێرینت
ناخی دەروونی گرتۆتە باوەش

کونه په پوو :

1956

کوننه په پوی ڕوو ترش و مۆن
جێ نشینی کەلاوەی کۆن
دۆستە دێرینەی وێرانی
تۆی دوژمنی ئاوەدانی
لەبەر ڕۆژ جێگەت پەنایە
چاوت بەتیشکی هەڵنایە
کوێری لەعاستی ڕووناکی
هەر بەشەو چستو چالاکی
پیرە دەعبای چەپەڵ و گەڕ
خاوەن بالۆرەی شوم و شەڕ
کەی تۆ لە ڕەگەزی مەلی
شایستەی سەر لق و پەلی ؟!
تۆ ئەوەندە بەد فەسالی
کەی شایەنی پەڕو باڵی ؟!
وا هنەزانی ئێسك سووکی
پەسەندی گەورەو بچووکی



هیچ کەسێ چارەتی ناوێ
شیرو تیرت لێ ئەساوێ
پیرۆزت بێ ناو کەلاوە
سەر ئەو دیوارە رووخاوە
پیرۆزت بێ تاریکە شەو
ئەودەمەی سەرئەکرێنە خەو
بەلام رۆژ هەر ئەبێتەوە
تاریکی ئەرەوێتەوە
بەو دووچاوە کوێرانەوە
ئەبێ بەژێر وێرانەوە

** * **

ئەگەر خەم ڕۆژو شەو دەستەو یەخەم بێ
ئەبێ خۆم خەم نەخۆم , خەم توشی خەم بێ

شیوەنی پایز

1956

مە پرسە بۆچی مات و خەمبارم ،

بۆچی ڕەنگ زەردم ، بۆ لێو بەبارم ؟
بۆ دەستە ئەژنۆ مل بە لارەوە
فرمێسکم بەخوڕ دێتە خوارەوە؟
بۆچی پەشێوە قژی زەرد باوم؟
قژی لەسەر ڕوو پەرش و بڵاوم؟
بۆچی فرمێسکی سکاڵاو ڕازم؟
ئەشۆرێتەوە گۆنای بێ نازم؟
بۆ نەبڕایەوە ئۆف و ئاخی من ،
هەناسەی ساردی پڕ لەداخی من ؟
بۆ دوایی نەهات شیوەن و ڕۆ ڕۆ
خەم و تەمی سەر دڵەی ڕەنجەڕۆ؟
لەبەر کردەوەی چەرخی چەپگەردە
فرمێسك ئەڕێژم ڕەنگەکەم زەردە
بێزارە دڵ و دەرون و گیان
لەدەس بناغەو شێوەی ژیانم
کەی ڕەوای حەق بوو بێمە دنیاوە
تە پاو تل بدەم بە دەم سزاوە

چۆن دڵی هێنای گەردوونی بێ باك
بەهار بگۆڕی بە منی خەمناك؟!
بەهار کە وادەی جوانی و خۆشی یە
سەردەمی پیاڵەی بادە نۆشی یە
سروشت بە بەرگی ئاڵ و واڵاوە
تازە بووکێکەو خۆی لەتەل داوە
پێ ئەکەنێ گوڵ ، شادە لە باخا
بادڕك هەرشەق بەرێ لەداخا
بە بادەی شەونم بلبل سەرمەستە
ئاهەنگ ئەگێڕێ بۆ گوڵ بە بەستە
پە پوولەی نەخشین لەناو بەهەشتە
بۆخۆی سەرگەرمی سەیران وگەشتە
پۆل پۆل کوڕان و کچانی نازد
خەم بەبا ئەدەن لە دەرەوەی شار
لەسەر کارێزو فەرشی سەوزە گیا
لەدەشت و دۆڵ و سەرلوتکەی چیا
کەچی ئەوەندەی پێ ناچێ گەردوون

ئەم دیمەنانە ئەکا سەرنگوون
بە جوانەمەرگی بەهار ئەنێژێ
خوێنی هونەرو جوانی ئەڕێژێ
سیس ئەبێ گوڵی زەردو سورو ئاڵ
هەڵ ئەوەرێتە بەرپێ ی درك وداڵ
کۆستی ئەکەوێ بلبلی دەنگ خۆش
بەستەو گۆرانی ئەکا فەرامۆش
شەونم لەداخا سەرئەنێتەوە
پە پوولەش باڵی ئە پێچێتەوە
ئیتر هیچ کەسێ بۆسەیران وگەشت
ناگرێ ملی ڕێگای دەرو دەشت
گەلا ڕێزانی دارو درەختە
سەرەی هاتنی منی بەدبەختە

### گەلاڕێزان

کە هەناسەی من وەك بای خەزان بێ
زەردەخەنەی لێو وشکە گریان بێ
وەك یەك بنوێنێ بەهارو پلیز
دەبا وەرزەکەم گەلاڕێزان بێ

**   *   **

### بەندیخانە لەجەژنا

شوێنە سەیرانگای بەهارم ئێستە بەندیخانەیە
خواردنم نان و پیازەو بەرگەکەم هی کانەیە
شەربەت و خۆشاوی جەژنم چایە یان ئاوی پەتی
چێشتە خۆشەی بەربەیانم نیسکی دانە دانەیە
پێ لەناو زنجیرو کۆتا دەست و دەم گیرۆدەیە
دڵ لەگۆشەی مەینەتی دا عابیدو دێوانەیە

1957

### ئەی فریشتە

ئەی فریشتەی خۆشەویستی !
خۆشەویستی پاك و بێ گەرد

کەوتومەتە تۆ پەرستی ،
لە ئاسمان بی یالەسەر عەرد
خۆشەویست
ئەتپەرستم
بەتۆ مەستم
بێتۆ پەستم
پرشنگی چاوە کاڵەکەت
دڵم ڕوناك ئەکاتەوە
بزەی سەر لێوە ئاڵەکەت
گیانم زاخاو ئەداتەوە
ئەی بێ وێنە
خۆت بنوێنە!
بێ ، بم دوێنە
بم بزوێنە
بەو چاوە جوانانە قەستەم
بێ تۆ ژیانم ناخۆشە
ناخی ئەم دەرونە پەستەم

بۆ ڕوناکی تۆ پەرۆشە
پەریزادە
دڵ بەربادە
زۆر ناشادە
خەمی ڕادە
هەرچەن شێوەی تۆ ئەبین
لەجوانی تێر نابێ چاوم
بەبێ تۆ شۆخی شیرینم
گوڵێکی سیس و ژاکاوم
بێ ڕەنگ و بۆ
بێ گفت و گۆ
بێ هات و چۆ
دەستەو ئەژنۆ
ئەی فریشتە نازدارەکەم!
تۆچرای ، من پەروانەتم
ئەی شۆخە وەفادارەکەم
کوشتەی ئەو تیشکە جوانەتم

هەتا ئەمرم
تۆ پەروەرم
نازت ئەگرم
لەسەر سەرم

** * **

لە سەر گۆڕی جوانە مەرگێك

ئەگەر هاتیتە سەر گۆڕم بزانە خێرنەدیوێکم
لە ناو باخی بەهاری عومرما گوڵ هەڵوەریوێکم
لە ڕێگەی میللەت و زانست و خاکی نیشتمانم دا
منی نوستوو لە گۆڕیشا , وەك و زوو ,

(( ئەی وێنە! ))

1957

ئەی وێنە جوانەکەی دەستم!
چۆن شنەی شەماڵ هێناتی؟
هەوێنی تازە هەڵبەستم ،
لای کام فریشتەوە هاتی؟
چی تۆی گەیان
ئارامی گیان
بەهرەی ژیان
سروەی بەیان
خونچەی تازە بەهارەکە
لە باخا جێگەت سەر چڵە
ئەستێرە پرشنگدارەکەم
تۆی ڕۆشن کەری ئەم دڵە
نوری چاوم
تین و تاوم
عومری لاوم
تۆی هەناوم
کۆرپەکەم ، جگەرگۆشەکەم
شەوو ڕۆژ دڵم لەلاتە
بێچوی هێلانە خۆشەکەم
چاوم ڕونی تەماشاتە

گوڵی باخم
هۆی دەماخم
شەو چراخم
تۆی وەجانم
سەرنجی بێ برانەوەت
هەست و تاسەی خرۆشانم
قسەی بێ لێو لەرانەوەت
یادگاری وروژانم
یادی دێرین
تاڵ و شیرین
خەندەو گرین
کەوتە لەرین
گزنگی سەرکەلی بەختم
شەوی تاریکم رامالە
ئاسان کەری دەردی سەختم
دڵ هۆگری گروگاڵە
ئەی شێوە جوان
بێرە زمان
شنەو دووان
بۆ ناخی گیان

** * **

## کامیانە؟

(( شەپۆلی بەربەرەکانیەکی دەرونی
بێ پایانە - 1957 - ))

سەرو دڵ ئێستە ئاسودەی تەریك و گۆشە گیریمە
ئەمەم پێ خۆشە نازانم لە شێتی یالە ژیریمە؟
لەدنیای رۆشنا چاکە بنێرم خۆم لە کونجێکا ،
لەساغی وائەڵێم ، یاخو ورێنەی دەم نەخۆشیمە؟

کەمن ژینم لەمەولاوە لەتاوا چۆڵ پەرستی بێ،
ئەپرسم ئاخۆ بەختم باشە ، یا بەڵگەی کلۆڵیمە؟
گەلێ شت دێتە بەرچاوم ، بەوەی لێم دیارە تێ ناگەم ،
لەبەر ووردیمە ئاخۆ وای ئەبینم ، یاخو کویریمە؟
زمان و دڵ ئەبینم بەینی وەك ئاسمان و ڕیسمانە ،
لە پەستی وا ئەڵێم یاخو قسەی توغیانی خۆشیمە؟
گەلێ ناحەز ئەبینم وا لەبەرگی دۆستی دیرینا ،
لەمەستی وائەڵێم ، یاخو قسەی کاتی بەهۆشیمە ؟
گەلێ کەس دێتە بەرچاوم کە شیتی شۆرەت و ناوە ،
بەخیلی پێ ئەبەم ، یاخو قسەی پڕ سۆزی مەردیمە ؟
کەسانی ساغ و دڵسۆزیش هەیە خزمەت بکا بێ دەنگ

ڕیا وام پێ ئەڵێ ، یاخو قسەی ڕاست و دروستیمە؟
وتومەو هەر ئەڵێم دەرمانی دەردی ئێمە یەك بوونە ،
قسەی هیوامە ئاخۆ ، یاخو نوزەی نائومێدیمە ؟
ئەگەرچی گۆشەگیرم فەخرو شانازی ئەکەم کوردم
کەزیندو بونەوەی گۆڕم لەبەر تەلقینی کوردیمە .

** * **

## ژیان و مردن

زەردە پەڕ ئەڵێ : ڕۆژ ئاوا ئەبێ
هەر ئاوا بووەو هەر ئاوا ئەبێ
ڕۆژ بە دوای شەوا , شەو بەدوای ڕۆژا
پاش بەخێرهاتن , ماڵ ئاوا ئەبێ

## ئەی کامەرانی

1957

ئەی کامەرانی ! گەشەو ڕووناکی هیوای ژیانی
بۆ شەو شەبەقی , گزنگی خۆری دەمەو بەیانی
تریفەی مانگی , جریوەی خۆشی ئەستێرەی گەشی
ڕۆشن کەرەوەی دڵ و دەروونی تاریك و ڕەشی
تۆ ئەو مەبەستە پیرۆزەی بەرەو قۆناخی شادی
یەکەم ڕابەری کاروانە گەورەی ئادەمیزادی

تۆ چارەسەرەی دەردی گرانی گیانی کۆمەڵی
بۆ دۆزینەوەی رێ لە ژیانا گرو مەشخەڵی
وێرانە گەر تۆ بچیتە ناوی , خۆشە , ئاوایە
تۆ هەبێ خەم و پەژارەو سزاکەی لە ناوایە ؟
تۆ هەبی ئەوەی کەوا هەژارو دیل و کڵۆڵە ,
بەخت و ناو چاوی ڕەشی لە تاوا ئاوارەی چۆڵە
تۆ کلیلێکی زنجیرو کۆتی پێ ئەکەیتەوە
جەرگ و هەناوی ڕەشی بەدبەختی بەرئەدەیتەوە
ئەوەش ئەزانم کە تۆ نەبەهرەی , تۆ نەخەڵاتی
بەڵکوو بەروبووی بە پیت و فەڕی تۆوی خەباتی
چەن لافاوی خوێن , خوێنی گەش و ئاڵ بۆ تۆ ڕژاوە
چەن کەللەی سەرو مێشکی بلیمەت بۆ تۆ پژاوە
چەن پێ هەڵوەری بەدەم زنجیرو کۆتی سزاوە
چەن دەست و مەچەك لەناو ئاسنا بۆ تۆ ڕزاوە
چەن مل لەسەر تۆ , بەڕۆژی ڕووناك ,کرا بە پەتا
چەن جەستە , چەن گیان , سووتا لەبۆتەی جەورو مەینەتا
چەن دڵی ناکام , ئێستا لە سەر تۆ , ئەسپەردەی گڵە
گلێنەی چاوی چەن گوڵی نازدار زەدەی چڵە
چەن گیانی نەبەز بۆ تۆ , لەسەر تۆ , گیرۆدەی بەندە
دیلی زیندانی تەنگ و تاریك و ئەڵقەی پێوەندە



چەن جوانە مەرگی خێر لەخۆ نەدیو کەگیانی دەرچوو
بەستەو گۆرانی ی ئاوات و هیوای تۆی لەسەر دەم بوو
بە کورتی ماك و هەوێنی شادی و خۆشی ی ژیانیت
بەنرخی بۆیە وەها گرانە قۆچی قوربانیت

** * **

## کوردستان

1957

دڵگیرو خۆشە کوردستان
بە دیمەنی ساکارو جوان
سەیرانگایەکی نازدارە
ئاوو هەوای سازگارە
نیشتمانی نەوەی کوردە
قیبلەگای درشت و ووردە

بە هەشتێکی ڕووی سەر ئەرزە
پڕلە کەژو کێوی بەرزە
دارستانی چڕو پڕە
ئاوی خۆش و ساردو سڕە
پڕ لە ڕەزو باخی جوانە
کانیاوی ڕوون و ڕەوانە
هەڵئەقوڵێ لە بناری شاخ
ئەکشێ بۆ ناو دێیەرو باخ
گوڵ و سەوزە گیا ئاو ئەدا
دڵ و گیان لە زاخاو ئەدا
لەبەر هاژەی چەم ڕۆژو شەو
تەبیعەت لێی حەرامە خەو
هەرچی لق و پۆپ و پەلە
سەرخۆشی جریوەی مەلە
ورشەی گەڵای دەم شنەبا
ژەنگ و ژاری دەروون ئەبا
ئەم کوردستانی ئێمەیە
جێگای بەزم و زەمزەمەیە
لە جوانی یا شۆخ و شەنگە
باخچەی سەیران و ئاهەنگە
سەر تەختی ئەو شینایی یە
شوێنی هەڵپەڕکێ و شایی یە
بە سۆزو ئاوازی شمشاڵ
ئەجۆشێ دڵی کوڕو کاڵ

تێبینی : ئەم قەسیدەیە دوورو درێژە ئەوی تری فەوتاوە

## هەتا کەی

1957

ئەگەرچی مات و بێ دەنگم ، دەمم پڕهات و هاوارە
دڵیشم گەرچی ڕوناکە ، دەروونم پڕ لە ئازارە
برینی سەخت و ناسۆری هەناو قەتماخە نابەستێ؟
سەرم سوڕماوە ، تێ ناگەم هەتاکەی خوێنی ناوەستێ؟
هەتاکەی داخی جێ ماوی نەوەی ئەم کوردە داماوە؟
لەتەختی سینەما ئاخ و هەناسەی پڕ لە زووخاوە
هەتاکەی دەردی ناکۆکی لەناو ئەم قەومەدا باوە
هەزاران داخی ناسۆری بەسەر جەرگ و دڵا ناوە

هەتاکەی بۆیە یەك ئەگرین کە ئیتر پشتی یەك نەگرین
هەتاکەی پڕبەدڵ تواخوا بەدڵ بۆ حاڵی یەك نەگرین؟
هەتاکەی کردەوەی چاکە بەواتەی بەد بفەوتێنین؟
هەتاکەی تەڕ لەگەڵ ووشکا بەبێ تاوان بسووتێنین؟
هەتاکەی زۆر دڵی گەورە بەچاوی کەم تەماشا کەین؟
لەڕەنجی پاك و پیرۆزی هونەرمەندانە حاشا کەین؟
هەتاکەی گیانی خەمخۆری کزولاوازو بێ ڕەنگ بێ
وەکوو پەیکەر لەکونجێکی دەروونا مات و بێ دەنگ بێ؟
هەتاکەی بێخ و بنچینەی وەفاو ڕاست گۆیی بن کەن بێ؟
لەناو پەیوەندی کۆمەڵدا وەفاداری بەدەگمەن بێ؟
هەتاکەی زۆر ڕەوشت و خوو نەچەسپێ شوێنەکەی لەق بێ؟
شکاتی گەردن و ئەستۆ لەسەر ئۆباڵی ناهەق بێ؟
هەتاکەی ژینی پیرۆزو تەمەن بدرێ بەدەم باوە
بەدەم بای عادەتی پووچ و قسەو ڕەفتاری بێ جاوە؟

** * **

کەس نەڵێ : گەورەم ، تۆزە گەردێکە
ژاکاوی دەستی سووکە دەردێکە
خەزانی مردن کە گەڵای وەران
ون بووی ژێر خاکی پەنا بەردێکە

## لەسەر شێوەی کۆن

1957

لەوەسفی خۆشەویستی تا زمانی لاڵە هەڵبەستم
ئیتر تۆ پێ بزانی ، یانەزانی ، من چ دەربەستم؟
ئە پرسی : بۆچی جامی دڵ بەنەشئەی بادە مەست نابێ
ئەڵێ : لێوڕێژی بادەی عەشقی تۆم و هەربە تۆ مەستم
ئەگەر باوەڕ بەمن ناکەی وەرە سەیری دەروونم کە
لەدنیای خۆشەویستی تا چ دەریایەکی پڕهەستم
لەبەر سۆزی دڵم دوورو نزیکی بۆنییە چاوم
خوڕەی دێ ئاوی سەرچاوەی ئەگەر شادم ئەگەر پەستم

جگە لەو یادە شیرینەت ، سەرانسەر تاڵە ژینی من
کەچی ئەتوێتەوە خەم ، چوون لەگەڵ ئەویادە پەیوەستم
بەتاجی عەشقی تۆوە شام لەناو بەرگی گەدایی دا
کەبەندەی تۆم و ئازادەی چەرخ ، دیلێکی سەربەستم
بەهیوای ئاوڕێکی تۆیە خۆ هەڵبستەکانی من
لەڕێ ی تەیری نیگایەکتا ئەبێ هێلانە هەڵبەستم

## سرودی خۆشم ئەوێ

1958

خۆشم ئەوێ ، خۆشم ئەوێ
ئەم نیشتمانەم خۆش ئەوێ
تا لێدانی دڵ ئەسرەوێ
هیچ لە بەر چاوم ناکەوێ
خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم
کانگای هیواو ئاواتەکەم
ئا ئەم هەواو ئاوو گڵە
بۆ ژیانم خوێنی دڵە
دڵ کە بلبلی سەرچڵە
شەیدایە بۆ ڕوی ئەو گوڵە
خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم
کانگای هیواو ئاواتەکەم
کوردستانە خۆشەویستم
هەتا ماوم ئەی پەرستم
هاوار ئەکا هۆش و هەستم
بە جوانی دیمەنی مەستم
خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم
کانگای هیواو ئاواتەکەم
دڵم ئەڵێ ، وەك زمانم
خۆشم ئەوێ کوردستانم
خۆشەویستی نیشتمانم
بۆتە سەر لەوحەی ئیمانم
خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم
کانگای هیواو ئاواتەکەم
خۆشم ئەوێ ، خۆشم ئەوێ
ئاواتە خوازم سەرکەوێ

ناوی لە ناوا دەرکەوێ
گەشەو ڕووناکی بەرکەوێ
خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم
کانگای هیواو ئاواتەکەم

## هەستێکی پیرۆز

1958

دڵم وەك خونچە ئەگەشێتەوە
وەك ئەستێرەی گەش ئەدرەوشێتەوە
وەك گوڵ بەشەماڵ ئەشەکێتەوە
وەك ساوای نازدار ئەخنێتەوە :
هەر کەناو بەناو چاو ئەدەم زاخاو
بە ( ژین و هیواو شەفەق و هەتاو )
( ژین ) هاوار ئەکا : کورد نەمردووە
ژیانی ئەوێ چونکە زیندووە
عومری لە ئەرکا بەسەر بردووە
لەمەینەتیدا هەلێ کردووە
بۆ ئەوەی بژی بە پێی دڵی خۆی :
دەنگی ئەم ( ژین )ە ڕابەرێکە بۆی
( هیوا )ش خەریکە بەڕۆژو بەشەو
کورد بۆ هیوای خۆی هەڵسێنێ لەخەو
بەواتەی جوان و ڕەنجی ئەم و ئەو
خەرمانی کومەڵ ئەکا شەن و کەو
بەڵێ ( هیوا )مان جێگەی هیوایە
چونکە ئاوێتەی بیرو بڕوایە
(( شەفەق ))یش مژدەی شەبەقی پێیە
دەمەو بەیانی ناوشارو دێیە
بۆ کاروانی کورد مەشخەڵی ڕێیە
بەرەو قۆناخی جوان و بەجێیە
( شەفەق ) ڕوناکی بەری بەیانە
ڕۆشن کەرەوەی شەوی ژیانە
دیارە دوای ( شەفەق ) نۆرەی ( هەتاو )ە
ئەڵێ: تیشکی رۆژ وا بەڕێگاوە ،
شەوگاری درێژ زۆری نەماوە

ڕوناكی گاڵی تاریكی داوه
گۆڤاری ( هەتاو ) تیشكی چرایە
بۆ ( ژین و هیواو شەفەق ) برایە
ئەمانە بەهرەی ( پێشكەوتن ) مانن

هۆی بوژاندنەوەی وێژەو زمانن
مەشخەڵ هەڵگری ناو كوردستانن
جێگەی شانازی نەوەی كوردانن
بێ دەردو بەڵاو گێرەو كێشەوە
هەنگاوتان بنێن بەرەو پێشەوە

** * **

بابە گیان وێنەت لە ناو چوارچێوەی دڵی منایە
شە پۆلی هەستی خۆشەویستی تۆ هیچ لە بن نایە

ساڵی هەزارو نۆسەدو پە نجاو هەشت بەجێت هێشتم
ماڵی سەیوانت لە ژێر سێبەری ئەرخەوانایە

## ڕۆژێكی نوێ

1958

ساڵێ لە ساڵان ، ڕۆژێكی تازە لەگەل هاتەدەر
مژدەی ڕوناكی بەخشی بەدڵی تاریكی بەشەو
سەری دەرهێنا لە ئاسۆی بەرزی یەك وڵاتەوە
بۆ ئەوەی تیشكی بەسەر زەمینا بڵاوكاتەوە
هەورۆژە ناچێ ، هەموو ڕۆژ دەمەوبەیانی هەڵدێ
كەچی ئێواران لەبەر تاریكی و سامی شەو هەڵدێ
لەورۆژە ناچێ ، هەموو ڕۆژ دەمەوبەیانی هەڵدێ
هەزاران دادو سكاڵا ئەكات وەكوو ئەسیرێ
لەو ڕۆژە ناچێ هەر لەبەیانی هەتا ئێوارە
دیلی چارشێوی هەوری چڵكن و تەم وغوبارە

ئەو ڕرژەی ئەڵێم یەك جار هەڵ بووەو شەو پێ ی ناوێرێ
هەتا هەتایە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەڕەش ناگیرێ
هەوری چڵکن وتەم وغوباریش خۆیان دڵنیان
هەرگیزاو هەرگیز ڕوی ڕۆژی وانوێ ناگیری پێ یان

## هیوا !

1958

هیوا لە ژینا ڕێ پیشاندەرمە
وێڵ و ئاوارەم هەر ئەو ڕابەرمە
بۆ لوتکەی بەرزی ی پاڵ پێوەنەرمە
بۆ شەڕی ژیان قەڵاو سوپەرمە
خۆراکی گیان و توێشوی سەفەرمە
بێ هیوا : ژیان : زیندانی تەنگە
تاریك و نوتەك وەك شەوەزەنگە
هیوا هەڵدینێ چاوی خەوتنم
ئەبێتە مایەو هۆی سەرکەوتنم
بەجولانەوەم ، بە نەسرەوتنم
بەهەڵسانەوەم لە پاش کەوتنم

بێ هیوا : ژیان : وشك و بێ تامە
بێ پاشە ڕۆژە ، بێ سەرەنجامە
تەنها بەهیوا دڵ ئەکرێتەوە
دەرون زاخاوی پێ ئەدرێتەوە
گیان ژەنگ و ژاری خۆی ئەسرێتەوە
وڕەو هێز جێگای زوی ئەگرێتەوە
هەنگاو گرەوی پێ ئەبڕێتەوە
بێ هیوا ، ژیان : نائومێدی یە
ڕنجەڕۆیی یە ، نامرادی یە
هیوایە سارێژ ئەکا برینم
ئەسڕێ فرمێسکی چاوی گرینم
گریان ئەگۆڕێ بە پێکەنینم
خۆشی ئەخاتە دڵەی خەمگینم
شەبەق ئەبەخشێ بەشەوی ژینم
بێ هیوا ، ژیان : پەست و ناخۆشە
گوڕستانێکی مات و خامۆشە


www.pertwk.com

## شوانی بێ فەڕ

((ناوەڕاستی 1958))

هاوار ئەکەم بە ڕۆژو شەو
ئاخ لە دەس شوانی چاو لە خەو
مەڕ بەگورگان خواردو ئەدا
لەو کەژو چۆڵ و دەشتەدا
بۆ تۆزێ خەو ، تۆزێ پشوو
ئاگر بەر ئەداتە پوشوو
گورگ بەرئەداتە گیانی مەڕ
شوانی وا پاتاڵ و بێ فەڕ
ئەو مێگەلە بزن و مەڕە
قوربانی سایەی سێبەرە
قوربانی توزقاڵێ خەوە
هۆی بەقڕدانی ئەم ، ئەوە

داد لەدەس شوانی خۆپەرست
تێر نەخۆرو سك خۆشەویست
تا ڕاوەستابێ ئەو ورگە
کەی ئاگاو هۆشی لای گورگە
هەر شیری تازە نۆش ئەکا
شتی تر فەرامۆش ئەکا
هەر شنەی شەماڵی ئەوێ
هەر سۆزی شمشاڵی شەوێ
هەر بەستەو گۆرانی ئەوێ
هەر گەشت و سەیرانی ئەوێ
هەر ئاوی سەرچاوەی ئەوێ
هەر دەشتی ڕازاوەی ئەوێ
هەر سایەی سێبەری ئەوێ
هەوای دەشت و دەری ئەوێ
شوانێ رەوشتی ئاوابێ
دەربەستی مێگەلی نابێ
بەلام خاوەنی بزن و مەڕ

مل کەچی نابێ تاکوو سەر
خۆی بێ ترس و پەروا ئەکا

شوانی وا هەر رسوا ئەکا
مێگەل ئەداتە دەس شوانێ
کەقەدری شوانی بزانێ
ئەیداتە دەست پاسەوانی
خۆی لەسەر مێگەلی دانێ

** * **

(( مەردایەتی ))

1958

زمانم با نەجولێنم ، کە جولاّنم قسەی پێیە
لە گوللەی خۆت بپارێزە ، تفەنگێکەو لەسەر پێیە
دەبا تیری قسەی ناخی دەروونی خۆم بهاوێژم
بەری و جێ ی تێ ئەگەم ، تۆش هەر بڵێ چەند بێ سەروپێ یە
بە سەربەرزی بژی تاماوی ، مردوو پیاوی سەرشۆڕە
ئەگەرچی نرخەکەی باسی سەرە ژینێکی بەم پێیە
مەڵێ حەیفە مەرگ جەستەم ئەکاتە خاك و خۆڵی ڕێ
سەری سەردارەهای دوینێیە وا ئەمڕۆ لەژێر پێیە
ئەوی نازانێ ( ژیری ) بێ هونەر ، تیغێکە بێ جەوهەر
لەدو پێ زیاترە ، هەرچەن بە ناهەق ناوی دوپێیە
برا پێ هەڵگرەو توێشوو نەبەردی باب و با پیرە
بەسەر ڕێگەی ژیانا کردەوەی مەردانە جی پێیە
سەرنجی پەندی کۆنت بە برای کوردم کە کون نابێ
( کە مردن مردنە ئیتر چیە ئەم لنگە فرتێیە )
( کەئازا جاری ئەمرێ ترسنۆکیش رۆژی دووسەدجار )

لەژین و مردنی مەردی دڵی تۆ بۆچی کرمێیە ؟

ئەوی شوێنی ئەوی شایانی شانی خۆی ئەبینێ وا
لە جێگەی گەردی ژێر پێیە ، سەرانسەر ژینی بێ جێ یە
ئەوەش مەرگی لە ڕێگەی ژینی سەربەرزا ڕەوا دیوە
شەهادەت بەن شەهیدی باوەڕی بەرزو بەڕێ و جێ یە

** * **

بە بۆنەی شۆڕشی 14ی گەلاوێژەوە

## ئۆخەی

1958

مژدەبی ئەی خوشك و برا
ئالای ئازادی هەڵکرا
دەزگای جمهوری دانرا
پاشایەتی پێ شێل کرا
ئۆخەی ، ئۆخەی گەلم شادە
لەتەوقی دیلی ئازادە
هێزی مەرد هاتە کایەوە
بارەگای شای پێچایەوە
تەختەکەی هەڵگیڕایەوە
سەرکەوتن دەنگی دایەوە
چواردەی تەموز هاوار ئەکا
لە لای ئێمەش باستێل شکا
جەژنی ئازادی ئەمرۆیە


www.pertwk.com

گزنگی خۆری ئێتاسۆیە
ڕووناکی بۆ من و تۆیە
بۆ جەرگی ناحەز پشکۆیە
شەمشەمە کوێرە دەرکەوێ
چۆن بە شەوارە ناکەوێ
ئۆخەی کوردو عەرەب شادە
لەتەوقی دیلی ئازادە
زنجیرو کۆتی بەربادە
هاودەمی ڕۆژی مرادە
ئیمپریالیست و نۆکەری
وەك گەڵای پاییز هەڵوەری
سەرکەوتن هەر بۆ هەق بوە
دوای شەوەزەنگ شەبەق بوە
جێ بە ئیستعمار لەق بوە
نۆکەری شەق و پەق بوە
ئەمڕۆ هاتەدی ئەو خەوە
کە ئاواتی ئەم و ئەوە

ئۆخەی کە دڵ کرایەوە
گیانی شەهید ژیانەوە
تۆڵەی خوێنی درایەوە
خونچەی هیوای گەشایەوە
بۆ مزگێنی ئەم سەردەمە
هەر ئۆخەیەو لەسەر دەمە
هاتۆتە دی خەوی خۆشم
بۆیە وا شادو دڵخۆشم
هەرتێر نابێ هەست و هۆشم
ئای چەن بەتاسەو پەرۆشم
دڵم شادە ، لەخەم دوورم
پە پوولەی سەرگوڵی سوورم

** * **

## ئەو گەلەی

1959

ئەو گەلەی کەوا ساڵەهای ساڵ بوو
ڕێگای خەباتی پڕ دڕك و داڵ بوو
لەبۆتەی سزاو متەینەتا قاڵ بوو
لەناکاو بەسەر دوژمنا زاڵ بوو
تازە چۆن دیل و دەست بەسەر ئەبێ
ڕۆڵەی وەك جاران دەربەدەر ئەبێ
ئەو گەلەی کەوا دوێنێ ژێر دەست بوو
شەوی ژیانی تاریك و پەست بوو
هۆی ئیستعمارو کۆنە پەرست بوو
ئەودیلەی دوێنێ ئەمڕۆ سەربەست بوو
تازە چۆن زنجیر لە گەردن ئەبێ
نیشتمانەکەی بۆ دوژمن ئەبێ
ئەوگەلەی کەوا خوێنی ڕژاوە
بەگوللە کەللەی ڕۆڵەی پژاوە
هەرگیزو هەرگیز ڕانەوەستاوە
بەرەو پێشەوە تەکانی داوە
تازە چۆن گەلی وەها قارەمان
خۆی بەخت ناکا لەسەر نیشتمان ؟
ئەوگەلەی شەوی دورو درێژبوو
ڕێی ڕزگاربوونی هەورازو لێژ بوو
بەرەو شەبەقی وەك (گەلاوێژ) بوو
یەك یەك برینی دڵی سارێژ بوو
هەرکەسێ ئەڵێ گەلی وانەبەرد
دیل ئەکرێتەوە سەری دالەبەرد
ئەو گەلەی دەردی دیلی چەشتووە
خوێن و ئارەقی زۆری ڕشتووە
دەستەی ناپاکی بێ گۆڕ ناشتووە
هەتا بەم ڕۆژەی خۆی گەیشتووە
چۆن نەڵێ خاکم کرد بە گۆڕستان
بۆ پیلان گێڕو کۆنە پەرستان

** * **

## کێ بوو؟

1959

کێ بوو لە تاریکی شەوا
لەسەردەمی شیرین خەوا
بۆ گەلی دیل و بێ نەوا
بوو بە پێش مەرگەو پێشەوا
کێ بوو بۆژینی سەربەستی
گیانی خۆی خستە سەردەستی
بەرەو ئەو نیازەی بەستی
وتی : نامەوێ ژێر دەستی
کێ بوو بەرەو قەڵای دوژمن
بەگیانی خۆبەخت کردن
کەوتە شەڕی ژین و مردن
تاریشەی دەرهێنا لەبن
کێ بوو بۆ عەرەب و بۆ کورد
نۆکەرانی لەت و پەت کرد
ئیستعماری بەو دەردە برد
بڵێ : ئەو باوکەی ئێمە مرد
کێ بوو زنجیری تێك شکان
قەڵای باستیلی هەڵتەکان
ئازادیدا بەدیلەکان
ناپاکی دایە بەرتەکان
کێبوو بە پشتیوانی گەل
بۆسەرکەوتن گەڕا لە هەل
تائەو ڕۆژە دەرچوو لەکەل
ناحەزی تیابکا پەل پەل
کێیە ویردی سەر زمانە
جگەر سۆزە قارەمانە
ئازادکەری نیشتمانە
هەقی زۆری لە سەرمانە

** * **

یادی ( بێ کەس )

1959


www.pertwk.com

ئەی فریشتەی هەڵبەستی ورد!
مژدەبێ باڵەتۆو لەکورد
یادی دەساڵەی ( بێ کەس )ە
ئەو بێ کەسەی کوردی کەسە
ئەو بێ کەسەی نەمردووە
لەناو دەروونا زیندووە
ئەژی وەکوو شیعرەکانی
بۆ خزمەتی کوردستانی
***
(( بێ کەس )) لە دەوری ڕابردو
بەگیانێکی لەخۆ بوردو
بەبڕوای ئاسنینەوە
کەوتە شیعر هۆنینەوە
شیعری چی؟ پشکۆی ئاگرە
دڵۆپی خوێنی شاعیرە
شیعری ( بیست وحەوت ساڵە )کەی
کرد بە زمانی حاڵەکەی

ئەو دەمەی وەك بۆمبا تەقی
ڕو بەڕوی جەورو ناحەقی
قسەی دلی خستە سەر لێو
بێ ئەوەی سڵ بکا لە دێو
ووتی خاکم وێرانەیە
ژێر چە پوکەی بێگانەیە
هوی ئیستعماری ئینگلیسە
ئەڵێی شەیتانی نەگریسە
ووتی : مایەی تۆ درۆیە
هەر بۆ تالان و برۆیە
ئەی بەد ڕەوشت و کردەوە
کورد چاوی نووستوی کردەوە
ئەزانێ تۆ داگیر کەری
نایەوێ ژینی نۆکەری
***
بەم چەشنە شیعری گەرم و گوڕ
ڕون و ڕەوان وەك ئاوی خوڕ

سوك و ئـــاسان و بێ گــرێ
بـۆ ســەر زمــان ئــەكـەوتە ڕێ
شیعــری پــڕ سـۆزو تــاسـەبوو
داخــی دڵ و هــەنـــاسەبــوو
بــیرو بـــاوەڕو وێنــەبــوو
بـــۆ دەرونی ئــــاوێنەبــوو
هــەموی هەوێن بوو بۆ خەبات
بـۆ ئـــازاد كـــردنی وولآت
تــەڕو پــاراو ، بـــەتــام و بۆ
بـــۆ كــورد ئەهاتە گفت و گۆ
***
ئــەی گیـــانی بێكــەسی نـەمر!
ئــەی شــاعیری مەشخەڵ هەڵگر
ئــەی مامۆستای هەڵبەستی جوان
ڕاكشـــاوی گــردی ســەیوان
ئەی مشور خۆری قەومی كورد
خـۆشەویستی درشت و وورد

هـەرچـەنـدە ئـــاویتەی گڵی
تــا ئــەبەد نــەخشی سەردڵی
ئـــەژی لـەگـەڵ سـەركتەوتنا
لـەگـەڵ جـووڵەو نـەسرەوتنا
لـەگـەڵ دڵسـۆزی و پاكی یا
لـەگـەڵ تیشـكی رووناكی یا
یــادی تــۆ نــوێ ئـەبیتەوە
هــەرگیــز لــەبیر نـاچێتەوە

** * **

## شانـازی شەڕ

– شیعرێكی شاعیری گەورەی ( چین ) ( تۆفۆ ) یە
لە عەرەبی‌یەوە كردومە بە شیعری كوردی –

کۆڕی شەڕێکی کۆن بوو ئەوەی
دیم
جالە سەرپشتی ئەسپم دابەزیم
هیچم نەئەدی لە گیا بەولاوە،
شەپۆلی ئەدا گیاش بەدەم باوە
چەن پەڵە هەورێ بەئاسمانەوە
بێ ترس و پەرروا ئەسوڕانەوە
گەلای ئاڵتونیش وا لێرەو لەوێ
زۆر بەداخەوە ئەڕژێ ، ئەکەوێ
پڕزوڵـــەی لاشـــەی کـــوژراو
بەجێ ماو
لەگەڵ کەللەی سەر ، لەگەڵ چاڵی چاو
ئەویان پێ خۆر بوو بۆ میروولەکان
ئەم جێ سەیرانگاو ڕاوی کرمەکان
بیرم کردەوە لە حاڵی بەشەر
کەبۆ سەرگەرم و سوورن لەسەر شەڕ
جا یەك هەناسەی گەرمم بەبادا
مەینەتی گێژی دام لەناو بادا

## گەشتێك

1959

لە شوێنێکم لە جوانیدا ئەڵێ ی بەهەشتە
هەموو گیانم لێ بۆتە چاو ، نیازم گەشتە
کەیلی بزەی لێوی بەهار خەیاڵ و هەستم
لەبەر بۆن و بەرامەی خۆش پڕ بەدڵ مەستم
سەرنج ئەدەم لە گوڵاڵەی ئاڵ و سەوزەگیا
لەئاوی ڕون ، لە چروی دار ، لەبەرزی چیا
لە ڕەزوباخ ، لە سێبەری ژێر سورەچنار
لەداری گوێز لەگەلای توو لە پەلکی قونار
لە پەپولەی باڵ نەخشینی جوانی ڕنگاو ڕەنگ
کەچۆن ئەفڕێ لەبەر دەمما دڵ پڕ لە ئاهەنگ
لەو مەلانەی بەگۆرانی خۆیان ئەنوێنن
لەسەر لق و پۆپی دارو دەوەن ئەخوێنن
لەدیمەنی خەم ڕەوێنی پولی بەرخ و کار
کەچۆن ورد ورد پێ شێل ئەکا سەوزەگیای بەهار
سەرنج ئەدەم لەبەهارو لەبەهرەی جوانی
کەنەك دڵێ ، هەزاران دڵ ئەبن حەیرانی


www.pertwk.com

هەزار خۆزگەم خواست بەوانەی لەوێدا ئەژین
بەدڵی خۆش ، دەرونی شاد بەسەر ئەبەن ژین
وەك پەپوولە ، یان فریشتەی ناوباخ و گوڵزار
تێر تێر ئەمژن بۆنی گوڵی بەهەشتی نازدار
ئینجا ورد ورد هەنگاوم نا بەرەو ئاوایی
لەو دێیەرو باخە خۆشەم کرد ماڵ ئاوایی
وام ئەزانی خەلقی ئەوێ شادو دڵخۆشن
وەك ئەو تاوەی ژیانی من مەست و سەرخۆشن
لە شادی دا ، وەك شازادە نیشتەجێ ی تەختن
هەڵ ئەپەڕن ، بەستە ئەڵێن ، خاوەنی بەختن
کەچی سیما بۆی دەرخستم چەن بە سکاڵان
بۆ بالآی خەم ، بۆ مەینەتی بە وێنەی کاڵان
بۆی دەرخستم هەرگیز جوانی ی دیمەنی بەهار
سارێژ ناکا زامی دڵی پەست و بریندار

** * **

**کاروان**

1959

کاروانی سەر ڕێگەی خەبات
هەزاران ساڵە بێ وچان
بێ سرەوتن ، بێ پشودان
ڕێگە ئەبڕێ
تێ ئەپەڕێ
هەنگاو ئەنێ بەرەو ئاوات
بەرەو قۆناغی ئازادی
بوژینی پڕ گەشەی شادی
ئەو کاروانە بەڕۆژو شەو
لەدو چاوی حەرامە خەو
ڕێگا ون بوی شەوە زەنگە
بەلام گوێ ی لەدەنگی زەنگە
لەتاریکی
بۆ ڕوناکی
ئەشێلێ کەندو کۆسپی ڕێ
ناو جەرگی تاریکی ئەدڕێ
بەرەو ئاسۆ ، بەرەو گزنگ

هەورازی بەردەمی ئەبڕێ
لەو ڕۆژەوە کەوتۆتە ڕێ
ئەو کاروانە هەر لێ ی ئەدرێ
هەزاران جار
دەستی زۆردار
قەلاّی لەبەر دەما هەڵبەست
- قەلاّی دەرگاو دیوار ئاسن –
زنجیری خستە قاچ و دەست
تەوقی زلی کردە گەردن
بەلاّم کە شانی ڕاوەشان
کاوانە گەورەی تێکۆشان
دەرگاو دیواری هەڵتەکان
قەف قەف زنجیری تێك شکان
هەرچەن ڕێگای سەخت و دوورە
لەبەر چقڵ شوێن پێ ی سوورە
لێرەو لەوێ کە دەرکەوێ
چەتەو ڕێ گر دەوری داوە

کاروان خلّتانی خوێناوە
بەلاّم بێ ترس و بێ پەروا
مل ئەنێ بۆ قۆناخ ئەروا
ڕاهاتووی ڕێ ی سەخت و دوورە
چ دەربەستی لوورە لوورە
خوێن ئەرێژێ
لەش ئەنێژێ
لەسەرکەوتن پشت ئەستوورە
***

لەناخی دەرونەوە

1960

جار جار شەپۆلی هەستێکی بێ بن
دێ ئەشلّەقێنێ گۆمی بیری من

کەدێ شە پۆلی ئەو هەستە قووڵە
دەریای دەروونم ئەخاتە جووڵە
ڕا پێچم ئەکا بەرەو ڕابوردوو
ڕابووردووی وەکو گوڵی : بابردوو
ئەو ڕابووردووەی ناگەڕێتەوە
گوڵێ کەسیس بوو ناگەشێتەوە
دێنێتە یادم : ژینی بەسەرچووم
ڕۆژانی تاریك ، شەوانی پێشوم
ئەودەمەی ژیان بۆ هیوایە بوو
مەبەستی تەنیا بۆ بڕوایە بوو
گیانم شەکەت و لەش چەوساوە بوو
کەچی دەروون و دڵ حەساوە بوو
زیندان تابلێ ی تاریك و تەنگ تەنگ بوو
بەرەو ڕوناکی گوێم هەر لە زەنگ بوو
خوێن گەرمی جۆشی هەوڵ و خەبات بوو
ئاگر خۆشکەری ژێر ورەوزات بوو
هەنگاو ئاڕاستەی ڕێ یە بوو پیرۆز



بەگەل ، بەبڕوا ، بە مەبەست دڵسۆز
دڵ پڕ لە عەشقی میللەت پەرستی
هۆی لێدانی بوو گەل خۆشەویستی
دوای ئەوە وورد وورد ئەو بیرو هەستەم
ئەمگێڕێتەوە بۆ ژینی ئێستەم
لەم هات و چۆیە دەرسێ وەر ئەگرم
زمانی حاڵە هەتاکوو ئەمرم :
هەرگیز نامرێ باوەڕی زیندوو
بەکارەساتی ئێستەو ڕابوردوو

** * **

## سەرلەنوێ

1960

سەرلەنوێ دزو ڕێ گرو چەتە
خۆیان بۆسەدا بۆ ئەم میللەتە
دەست پڕ لەئاگر

لەبارووت لەخوێن
دڵ پڕ لە داخ و
دەم لەبۆڵەو جوێن
سەرلەنوێ گورگی ناو ئیمپریالیست
هەڵمەتی هێنا هەلی کەوتە دەست
گورگی بریندار
لەتاوی ئازار
وەکو شێت و هار
کەوتە پەلامار
سەرلەنوێ پە پووی کۆنە پەرستی
شەوارە کەوتووی تیشکی سەربەستی
بۆ تۆڵە سەندن
کەوتە قڕاندن :
بۆ ئێمە ژین و
بۆ ئێوە مردن
لەنوێ چەقەڵی لەڕو چاو برسی
لەگۆشتی شێری گەورەی ئە پرسی

کەوتە لوورە لوور
بڕی ڕێگای دوور
هاتە سەر سنوور
قە پۆز بکا سوور
بەڵام ئەو گەلەی بەر شەست تیر درا
دلی نەوەستا لەناو ئاگرا ،
ئەوخوێنە ئاڵەی رژایە سەر عەرد
نووسی : سەرکەوتن بۆ گەلی نەبەرد
بۆ ئەم وڵاتە
زۆر گیان خەڵاتە
ژیان پیرۆزی
ڕێگای خەباتە
نەخۆشی بایی بوون
1961

برا! با من بچرپێنم بە گوێ ی تۆدا بە ئاسایی
نەبی مەستی شەرابی پێ ی ئەڵێن : بادەی لەخۆ بایی
نەچێژی تامی بادەی وا نەکەی ڕەنجت بە بادەی تۆ
نەچیتە ژێری با ژێری نەدۆڕێنی بەخۆڕایی

ژیانی ڕاستەقینەی تۆ بەهاشەو هوشە پێك نایە
حسابی بۆشە ( بایی بوو ) بناغەی وا لەبۆشایی
ئەگەرچی ( ڕیوی بایی بو ) لەشێر ترسی نی یە ئەمڕۆ
بەیانی هات و لیٚ ی قەوما ئەبیٚ سڵ کا لە تارمایی
لەخۆت بایی نەبی ئەم ( با )یە با دوری هەناسەت بیٚ
ئەبیٚ تەقڵەی بەرەو نزمی ببینیٚ چاوی بەرزایی
ئەوەی سەرخۆشی مەی بیٚ شەو ، سبەینیٚ زوو لەسەر خۆیە
ئەوەی مەستی غرورە ، چاوی گومی خوێنە تا دوایی
منالیش تیٚ ئەگا چاو : ئەرکی بینینی لەسەر شانە
کەچی پیاویٚ کە بایی بوو بەجاریٚ کوێرە بینایی
ئەوەش وا کەوتە بە ( زەللە )ی غرورو پیٚ لەقەو زللەی
ئەبیٚ ناوی بەدی بزڕیٚ لەناو بازاڕی ڕسوایی
بەسەرهاتی مریشکێکە کە هێلکەی ( قاز )ی پیٚ نەکرا
ئەزانی چی بەسەر هێنا غرورو دەردی لاسایی ؟
بەڵیٚ ئەم دەردە داخی نا بەسەر جەرگی هەزارانا
ئەوەی دوچارە چارەی وا لەکن پارێزو وریایی
جلەو بۆ نەفسی سەرکێشە لەهەردو دەستی ئالێنە
ملی ئەشکیٚ ئەوەی بگریٚ ملی ڕێگەی بەڕەڵڵایی
ئەوەی لوتی لەئاسمانە ، کەچی پیٚ ی هەر لەسەر خاکە
بەوەی ئەمری ، ئەبیٚ دەرکا لە کەللەی بوشی غەرایی
بەرەو دەریای دەروونی خۆت بڕۆ ، پشتیٚ لەدنیاکە
ڕەگی ئەو دەردە بن بڕ کە هەتا سەربێخی قولایی
زمانی حاڵی تۆش ئەم دەردە پیسە با بە لەعنەت کا
نەخۆشی وا بە چاوی سووك تەماشاکە من ئاسایی

* *** *

## سەرنجێك

1961

ئەگەر مردوم لەبرسانا هەتا ماوم ڕیا ناکەم ،
لەڕیٚ ی چەوتی ڕیاوە نان و ئاوی خۆم پەیا ناکەم
ژیانم خۆش ئەویٚ ، خۆشتر لەبەر دڵ عیزەتی نەفسە
هەتا مێشك بڕشتی هۆش و فامی بیٚ ، خەتاناکەم
کە ئە نجامی یەك بستە گۆڕی تەنگ و تاریك بیٚ

لەڕاستی ڕاستە ڕێ دووچاوی تیژم نابینا ناکەم
ئەبێ زادێ بخۆم زادەی بەروبوی ڕەنجی شانم بێ
بەگوێرەی خۆم ئەخۆم و کز ئەنیشم ئینتەلا ناکەم
ئەوەی واتێ ئەگا ( بۆماڵی دنیا چی ئەکەی بیکە )
قومارێکەو ئەدۆڕێ ، بۆیە من یاری وەها ناکەم
ئەوەی زیاتر تەکانی خۆی ئەدا زوتر ئەبێ ماندوو
لە دوی پوشێکی بابردوی بە فیڕۆ چوو هەڕا ناکەم
ئەوەی ئازاری هەست و گیان ئەدا ئازاری ویژدانە
ئەگەر باسی سەریشم بێ دەروون توشی سزا ناکەم
حەیاتم گەر هەموی بەختی حەیابێ شادو دڵخۆشم
هەتا هەم بۆیە هیچ یادی کەسانی بێ حەیا ناکەم
ئەبێ نەفسم لەدوای عیزەتی نەفسا بناڵێنێ
مەگەر بمرم ، ئەگینا گورگی گیرۆدە ڕەها ناکەم
کەڕێگەی مەردی ڕێگەی پیاوی دڵسۆزی وەفادارە
بەرامبەر وەعدو پەیمانم ڕەوشتم بێ وەفا ناکەم

*     ***     *

## دوربینی

1961

برا! زانیوتە سەرخۆش پاڵی ناوێ
رەهێڵێ ئەیخاتە ناولیتەو قوڕاوێ
لەڕۆیندا ئەوەی بەرپێ نەبینێ
شەقاوی هەر بەرەو کەوتن ئەهاوێ
سەرنجی وردی کامڵ دور ئەبینێ
نزیك نابینێ چاوی ناتەواوێ

ئەوەی دوربین نەبێ خۆی دائەنێ زوو
لەگوێتی بگرە پەندی مل شکاوێ
چ لافێ لێ ئەدەی ئەی کاکی ( دانا ) ؟
کەنابوتی بەمایەی سەلکە واوێ
نەنستوو گۆی هونەر کەوتۆتە دەستی
برا چۆن شیرو تیر بۆ یەك ئەساوێ
مەلێ قەدری فڕینی خۆی ئەزانێ
کەوا گیرۆدەیەو کەوتۆتە داوێ
قسە هەرچەند هەزارە دوی بەکارە
کەسێ گەر کوێر نەبێ گۆچانی ناوێ

## فەلسەفەی ژیان

1961

هەرچەن تەماشای شانۆی ژین ئەکەم
چاوی تێ بینی بەدووربین ئەکەم
تەمێ ماتەمی دڵم دائەگرێ
جار جارەش تاسەی پێکەنین ئەکەم
سەرنجم ئەڕوا ورد ورد بەرەو ژوور
قۆناخ بە قۆناخ ، بۆ نزیك و دوور
بەرەو سەرچاوەی مەڵبەندی ژیان
دەریای بێ بن و بێ پەی و سنوور
لێوی تەڕ نابێ سەرنجی تینووم
تاسەی ناشکێ تاسەو ئارەزووم
ناگاتە لوتکەی نەهێنی ژیان
مەلی تیژ ڕەوی خەیاڵی بەربووم
بەڵام ئەو شتەی لە لای من روونە
لەم کەین و بەینی بوون و نەبوونە
ڕێ ی ناچاریە ژیان و مردن
لە پاش دەرکەوتن ئە نجام ون بوونە
ناچار دێمەوە لەو دوورە گەشتەم
بۆ ناو کۆمەڵی ئەم سەر زەمینە
بۆ سەیری شانۆی سەیری ئەم ژینە
وێڵە بۆ مانای ژین ئەم هەڵبەستەم!
هەندێك پێم ئەڵێن ، لەو سەر شانۆیە!
ژیان فرمێسك و شین و ڕۆیە
هەناسەی ساردو نائومێدی یە

هەموو دڵێکی تیا رەنجەڕۆیە
هەندێکیش ئەڵێن ژیان : خەباتە
ڕێ ی پێشکەوتنی گەل و وڵاتە
(( پەروانە )) پەروای سوتانی نیە
بەرەو ڕوناکی گیانی خەڵاتە
هەندێکیش ئەڵێن ژین : نەسرەوتنە
ڕەنج و تەقەلاو ئارەق ڕشتنە
(( دەست ماندو نەبێ سکیش تێر نابێ ))
بە پاروی حەڵاڵ ژین دەسکەوتنە
هەندێکیش ئەڵێن ژیان : زانینە
خەو لێ زڕان و مێشك گوشینە
وەك ( مۆم ) چۆن بەشەو کز کز ئەسوتێ
مەبەستی بەرزی تیشك بەخشینە
هەندێکیش ئەڵێن ژین : شەڕ کردنە
بۆتۆڵە سەندن هێرش بردنە
بەشەر هەر بە( شەڕ ) ئەتوانێ بژی
ژیان بە ئاشتی مانای مردنە

هەندێکیش ئەڵێن ژین : دڵداریە
لەڕێگەی دڵا فیداکاریە
پە پولە شادە بگاتە گوڵی
نەی گاتێ ئەوا دەردی کاریە
هەندێکیش ئەڵێن گوایە ئەم ژینە
بە دڵ مەست بوون و لەخۆ گۆڕینە
برۆ سەرخۆش بەو بژی بە خەیاڵ
بایەخی ژیان خۆنەناسینە
هەندێکیش ئەڵێن ژین بایی بوونە
پیاوی ( بێ هەوا ) زارو زەبونە
هەرکەسێ مەستی بادەی وانەبێ
هەزار ساڵ بژی لەجێ ی نەبوونە
هەندێکیش ئەڵێن : ژین پێکەنینە
سەیرو سەیران و بەزمی بەجۆشە
هەڵپەڕکێ و چە پڵەی گەرم و بەتینە
بەستەو گۆرانی و ئاوازی خۆشە
هەندێکیش ئەڵێن : ژین سەرمایەیە


www.pertwk.com

ڕێگەی ناوبانگ و بەرزی ی پایەیە
دراو بە بڕوای پارەپەرستان
گوڵی سەرسنگی ئەم دنیایە
هەندێکیش ئەڵێن : ژین خوێن مژینە
رەنجی ئەم و ئەو بۆ خۆ دزینە
هەر زەبرو زەنگ و فیداکاری یە
تەنها زەرووە شایستەی ژینە
هەندێکیش ئەڵێن : ژین ( سەردار )ی یە
کەچ کردنی مل هۆی ناچاری یە
ملی ڕێ بگرەو بڕۆ بۆ بەرزی
یا ( سەردار )ی یە ، یا سەر ( دار )ی یە
هەندێکیش ئەڵێن : ژیان خۆوبەختە
بە ناوچەوانە ، بە ڕۆژو وەختە
باز کە هەڵدرا ئەنیشێتەوە
بۆهاتوو ڕێگەی سەختی لاتەختە
هەندێکیش ئەڵێن : ژین بێ هونەرە
هەرچی کەهەیە قەزاو قەدەرە

لەرۆژی خۆیا نوسراوە گشتی
لێ پرسینەوەش ڕۆژی مەحشەر
هەندێکیش ئەڵێن : ژیان حەیایە
رەوشتی بەرزو شەرەفی تیایە
عیززەتی نەفس و کەرامەت نەبێ
بۆ دەردی ژیان مردن دەوایە
هەندێکیش ئەڵێن : ژیان وەفایە
سپڵەی پێ نەزان پووشی دەم بایە
نان فڕێ بدەو بە سپڵەی مەدە
هەر وەفادارە ئەمەکی لایە
هەندێکیش ئەڵێن : ژین بێ بارییە
هەر ڕۆژەی لەسەر پەتێك یاری یە
بێ بارو سەربار بابێ باری بێ
پیشەی یەك ڕەنگی تاوان بارییە
هەندێکیش ئەڵێن : ژیان ڕیایە
رستنی تەشی بۆ نان ڕەوایە
مەرایی بکەو چاو بنووقێنە

ژیان لەخەوو لە خواردنایە
بەم چەشنە ژیان کە وەك دەریایە
سەدان شەپۆلی وای لەناوایە
سەرنجی لێ دەی ئەبینی کە چەند
بەردی بەنرخ و بێ نرخی تیایە

*     ***     *

بەردێــك

1961

دێ بەدێ و شارەو شار ئەکەم
پڕ بەدەمم هاوار ئەکەم
بەدەنگی زولاڵی کوردی
باسی پیاوی بێ بار ئەکەم
لەو کەسەی پەت بازی ئەکا
بێ ئاگا ئاگادار ئەکەم
بۆ زڕانی ناوی بەدی
نوستوو لە خەو بێدار ئەکەم
بۆپێ شێل بونی کردەوەی
بێ هۆش و گۆش هوشیار ئەکەم
خۆی و تەناف و پیشەکەی
لەناوا شەرمەزار ئەکەم
نیسکی بێ بەرو پشتی وا
توشی دەردو ئازار ئەکەم
بەڕۆژو شەو ، بەدەست و دەم
(( بێ بار )) لە تانوت بار ئەکەم
بەتیرو تیغی سەر زەنشت
ناو جەرگی کۆلەوار ئەکەم
هەتا ئیفلیج و گۆج ئەبێ
بەم چەشنە شیعرم سوار ئەکەم
لەباتی ڕاوی باڵندە ،
ڕاوی دوپشك و مار ئەکەم
بۆ سەر شکاندنی وەها
ئارەزووی بەردو دار ئەکەم


www.pertwk.com

هەتا (( بێ بار )) ناچار ئەڵێ :
لە دەس (( بێ باری )) بار ئەکەم
یەك زمان و یەك دڵ هەیە
خۆم بۆ تووشی هەزار ئەکەم
پیاوی ساغ و مەردیش ئەڵێ :
دەردی بێ باری چار ئەکەم
باخی رەنگینی یەك رەنگی
لەدڕکی وا بژار ئەکەم
تێ بینی
1961
هەموو برینێ چاك ئەبێتەوە
ئێش و ئازاری بیر ئەچێتەوە
تەنها برینی هەستی ناسکە
هەر سارێژ نابێ ، ئەشکولێتەوە
هەموو ئاگرێ بۆتە خۆڵەمێش
هەرچەن بڵێسەی بەرزبێتەوە
تەنها ئاگری سۆزی دەروونە
هەر کە هەڵگیرسا ناکوژێتەوە

هەمو ژیانێ ئەبێ بە مردن
خەیاڵی خاوە بمێنێتەوە
تەنها ژیانی مەردایەتی یە
خۆی لە چنگ مردن ئەسێنێتەوە
هەموو گوڵێکی بەهاری ڕەنگین
بە ناسۆرەوە سەر ئەنێتەوە
تەنها هەر گوڵی خۆشەویستی یە
هەتا هەتایە ئەگەشێتەوە
هەموو شەونمی سەرپەڕەی گوڵی
هەتاوی بەرکەوت وشك ئەبێتەوە
تەنها فرمێسکی چاوی کڵۆڵە
بەقرچە قرچی خەم ئەژێتەوە
هەموو جوانیەك ئەگاتە پیری
هەرچی ڕێگایەك بدۆزێتەوە
تەنها ڕەوشتی جوان و پیرۆزە
تا سەر گرەوی بردبێتەوە
هەموو هیوایەك نائومێد ئەبێ

وەکوو بەفرەکەی پار ئەچێتەوە
تەنها هەر هیوای گەشی باوەڕە
بەبای شانازی ئەشنێتەوە
هەموو دڵێکی شەو رۆژی دیوە
شەبەق تاریکی ئەرەوێتەوە
تەنها هەر دڵی پەست و ماتەمە
بەتیشکی ئۆخەی خۆی ئەکرێتەوە
سۆزی خۆشەویستی

ماسی بەبێ ئاو ژیانی نیە
کەس بێ هەناسە جولانی نیە
لەسایەی سۆزی خۆشەویستیا
دڵ ئەبێ بژی ، تاوانی نی یە
***
ئەو دڵەی کە ئەم سۆزەی نەماوە
وەکوو گوڵێکی سیس و ژاکاوە
بەلاّم ئەو دڵەی سەرمەستی عەشقە
نەو بەهارێکی تەڕو پاراوە

## هەناسەیەك

1961

گوڵی ژاڵە! بڕۆ بمرە هەتا جاو مفت و هەرزانە
ئەوەی دەستی بە زاخاچوو لەسەرتۆ ماڵی وێرانە
بەسە زوخاوی دەستی تۆ ! بنۆشە زەهری دەستی من
هەتاکەی خوێنی گەش بتکێ لەجەرگی ئەم بەسزمانە
جەفا نۆشی بەمن تاکەی ، وەفا بەخشی بەتۆ تاکەی ،
ڕەوشتی تۆ لە ڕاستم کەی نیشانەی وەعدو پەیمانە؟
گەلێ قوربانی گەورەم دا ، بەقوربان ؟ من لەرێ ی تۆدا
وەرە سەیری ژیانم کە هەموی هەر قۆچی قوربانە
بەبێ پەروا ملم نا بو گڕی تۆ ، دەك ملم بشکێ
هەتا سوتا پەڕو باڵی فڕینم چەشنی پەروانە

بەتەفرەی تو خەڕو بو ئەو کەسەی وا تۆی بەکەس دانا
هەتا خزمی نزیکیشی لەبەر تۆ بونە بێگانە
دەبا کاسەی ئەم و ئەو پڕ لە بادەی کەیف و خۆشی بێ
ئەنۆشم هەر لەکاسەی خۆم لەبادەی خەم کەلێوانە
ئەگەر تۆ شك نەبەم ئەی دڵ! ژیانی خۆم بە شا نادەم
بەڵام داخی بەجەرگم والەگەڵ تۆ بومە دێوانە
لە پێشا لایەنی تۆم گرت ، بەرم دا لایەنی هۆشم
ئەوەی ئەم ڕێگەیەش بگرێ ، وەکو حاڵم پەرێشانە
دەسا تۆش بلبلی هۆشم ، هەتا ماوی بناڵێنە
لەتاو باڵی شکاوی خۆت ، لەتاو شێواوی هێلانە

*        ***        *

## بـــادەی خـەم

1962

نازانم بۆ لەناکاوا جار جار تەمێ ، تەمێکی رەش
لەو دیو ئاسۆی دەروونەوە دێ دڵم ئەگرێتە باوەش
کە ئەو تەمە سەرهەڵ ئەدا ، دڵم وەکوو ساوا ئەگری
لەقاقای پێکەنینا بێ ، وەك پاییز لەتاوا ئەگری
دەستم ئەنێمە بەر ئەژنۆی خەفەت و دۆش دائەمێنم
یان هەرکەسێ خەمی لابێ ئەچم هەمووی لێ ئەسێنم
ماتەمینی بزەی لێوی هیوای گەشم ئەتاسێنێ
وەك هەڵۆ ، مەلی هێمنی باخی خۆشیم ئەتارێنێ
شە پۆلی خەم گێژم ئەدا لەدەریایەکی بێ بنا
هەرگەردەلوولەوهەڵ ئەکا لە دنیای دەروونی منا
ئەوسەردەمەی کە ئەم تەمی خەمە یەخەی دڵم ئەگرێ
هەرچی گەشەی پێ ئەبەخشێ ون ئەبێ ، نامێنێ ، ئەمرێ


www.pertwk.com

رۆژی رووناك ئاوا ئەبێ ، ئەبێتە یەك تاریکە شەو
ئەگەرچی چاو تینووی خەوە ، کەچی لەچاو بێزارە خەو
هەر کەبادەی ئەو خەمە نۆش ئەکا دەروونم ، پەست ئەبم
دەم و دەست گێژو وڕ ئەبم ، بێ نۆشی بادە مەست ئەبم
ئەی تەمی ڕەش ! ئەی بادەی خەم ! نازانم بۆ ، نازانم بۆ
وا دام ئەگری دێ یت و ئەچی ناگەم لەتۆ ، ناگەم لە تۆ؟
سەردەمێکی باش وون ئەبی ، دەروونم تاسەی تۆ ئەکا
جار جار گوڵی بەهارە کەم یادی هەناسەی تۆ ئەکا

* *** *

## بەراوردێـك

1962

بەردی تانوت و پلاری دوژمن
بریندار ناکا هەست و سۆزی من
بەلاّم ئەو گوڵەی دۆستم تێم ئەگرێ
پێم هەڵ ئەکێشی هەناسەی بێ بن
ئەگەر خۆ دڕکێ هەڵ چەقی لە پێم
پێم ئەڵێ : دڕکم هەر ئازارە پێم
ئەی ئەگەر گوڵێ بۆنی ناخۆش با
خەڵکینە ! ئاخۆ ئەو ئەڵێ چی پێم!؟
دەبا بای خەزان گوڵ هەڵوەرێنێ
زەردی کا ، سەوزی گەلاّ بسێنێ
بەلاّم بۆ بەهار لە کوێ ڕەوایە

وەیشومەی مەرگی خونچە بهێنیٚ؟
بایەقوش بۆ خۆی باهەر بخوێنیٚ
دەنگی ناسازوشومی بنوێنیٚ
بەلاّم کفرە لام بلبلی دەنگ خۆش
بەدەنگێکی تر دەرون بدوێنیٚ
با شەوی تاریك دەریای بیٚ بن بیٚ
تریفەی مانگ و ئەستێرەی ون بیٚ
بەلاّم جیٚ ی داخە ڕۆژی گەرم و گوڕ
ساردی وتاریکی ببیٚ و بۆ من بیٚ

* *** *

## بۆ فریشتەیەك

1962

دیارە تۆ پەریزادەو فریشتەی ناونزاری
بۆیە ژیرو بەبیرو جوان چاك و بەهرەداری
لەئاسمانی ڕەوشت و خوی دلگیرو پەسەندا
ئەستێرەی گەلاوێژی پیرۆزی ورشەداری
لەباخی خۆشەویستی ناخی دلّ و دەرونا
گوڵێکی تاسەر گەش و تازە پشکوتو دیاری
من دلّی خۆمم ئەدی لە گۆشەی مەینەتیدا
بەختی خەوالّو شێوەی تۆی چۆن هێنا بە دیاری ؟
هەردو پیٚ ی خۆمم ئەدی لەناو تەوقی گرانا
خۆشیت باران بەسەرما وەك شەو نمی بەهاری
لەشم لەناو قەفەزدا وەکوو بلبل ئەگریا
گیانم کە تۆی دی فڕی بە بالّی بەختیاری

دۆزەخ بوو جێگەم تەنها هەر بەناو هێلانە بوو
بەهەشتێکت پێ بەخشیم ، فریشتەی کوردەواری
بە چەشنێ سۆزی دەروون تۆی دی کەوتە بڵێسە
کزبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆمن دەردێکە کاری
هەرچەندە دێتە یادم ، موچڕکی سۆزو تاسەم
هاوار ئەکا پڕ بەدەم : هەر بژی یادگاری

*    ***    *

## مەولەوی نەمر

1962

لەگیانی پاکی مەولەوی دانا
ئەوەی هەڵبەستی ناسکی دانا
مژدەبێ ئەوا دیوانی شیعری
دەرچوو ، ئەگەڕێ بە ناو کوردانا
ئای لەناسکی خەیاڵی جوانی
سەرچاوەی سۆزی روون و رەوانی
لەگەرمی ی هەست و ساردی ی هەناسەی
بەهرەو سەلیقەی ناو شیعرەکانی
ئای لەبەرقوولی ی ئەندێشەو هۆشی
دەریای بێ بنی جۆش وخرۆشی
بۆ بیری وردو تاسەو پەرۆشی
بۆ چە پکە گوڵی باخی بۆن خۆشی
ئای بۆ سەنعەت و بۆ وردەکاری

بۆ دەریای شیعری پڕ لە مرواری
بۆ گە نجینەکەی دوڕو گەوهەری
جێ ی شانازی یە بۆ کوردەواری
ئای لەبەر شیعری تەڕو پاراوی
بۆن و بەرامەی وەکوو گوڵاوی
روونە وەك دڵی ساف و بێ گەردی
رەوانە وەکوو فرمێسکی چاوی
ئای لە بڵێسەی خۆشەویستی ئەو
سووتانی بۆتەی هەق پەرستی ئەو
ئای لەبەر نەشئەی بادەی عەشقەکەی
ئای لەسۆزی ئەو ، وای لەهەستی ئەو
ئای بۆ کڵۆڵی حاڵی بێ حاڵی
بۆ رەنگی زەردو بۆ ناڵە ناڵی
هاوارو دادی رۆژو شەوانی
بۆ بەستەو دەف و بادەوشمشاڵی
ئای بۆ گیانەکەی پڕ لە وەفاکەی
بۆ دەروونەکەی کەیلی جەفاکەی

ئای بۆ دڵەکەی زەدەی سزاکەی
دوور لەسەیران و سەیرو سەفاکەی
ئای بۆ عیززەتی نەفسی بڵندی
بۆ خۆی هەژارو دڵ دەوڵەمەندی
ئای بۆ چاوتێری و برسێتی حاڵی
ڕەوشتی بەرزی یەك یەك پەسەندی
شیعری مەولەوی گوڵێکی وایە
ئەگەشێتەوە هەتا هەتایە
لەناخی دڵ و دەروونی کوردا
بنجی داکوتا لە ڕیشە نایە

* *** *

## لەگەڵ شەپۆلەکانا

1962

ئەی زستانی کرێوەو تۆف!
پێم بڵێ چیت لێمان ئەوێ؟!
سەرماو سۆڵەی بەئاخ و ئۆف
بۆ وەیشومەی تۆ ناخەوێ؟
لەو رۆژەوە کە خەزانە
دڵی گەڵاو گوڵ ئەشکێ
بەو درکی گەڵا رێزانە
بولبول خوێنی لێ ئەتکێ
ئاسمانی بەرزی دڵ سووتاو
بو حاڵی سەر زەوی ئەگری
بە خوڕ فرمێسکی دێ لەچاو
بەلێزمەی بارانی هەوری

* *** *

## بەسەرهاتێک

1963

برا! زانیومە بۆ وێرانە ماڵی
بە برژانگ خاکی بەرپێ ی یأس ئەماڵێ
بەڵێ گەورەم! ئەزانم پڕ بەدڵ تۆ
پەشیمانی لە کرداری مناڵی
لەناو چۆڵ و بیابانێکی گەرما
چلەی هاوینە بێ سروەی شەماڵی
کەداری سەروەکەت یادی هونەر بێ
وەکوو قومری بە رۆژو شەو ئەناڵێ
ئەڵێن : رۆژی بەسەرهاتت گەلێ دی
کەچی هەر میوەیێکی کرچ و کاڵی
بەرەنگ زەردی خەزانێکە ژیانت
سەوز نابێ ئومێدی کشت وکاڵی
ئەڵێ ی : کەی دڵ بگاتە کامی خۆزگە
خەیاڵت خاوە کوشتەی کام خەیالی؟!
ئەگەرچی خۆ سەرت قاڵی ژیانە

له بۆتەی مەینەتا پێویستی قالّی
کەعەودالّی بە ناو باخچەی ژیانا
بچێژە هەر لەبەر گولّ درِك و دالّی
ئەگەر دەرمانی دەرد زەهرێکی روتە
بلّیّ : شیرینە ئەینۆشم بە تالّی
زمانی حالّی تۆ گەرچی زولاّلە
بلّیّ : داخی بەجەرگم خۆشە لالّی

* *** *

## چیرۆك بە هەڵبەست
## نیرۆن

1964

((1))

لەدەوری کۆنی رابردوو
هەبوو نەبوو ( نەیروون )یّ بوو
( نەیروون )ی خوێن ڕێژو زۆردار
جانەوەریّ بوو شێت و هار
تەنها بەناو ئادەمیزاد بوو
درِندەییێکی بەرباد بوو
گیان و ویژدانی مرد بوو
ئەهریمەن گۆشی کردبوو
بەشەرابی خوێن مەست ئەبوو
بیّ ئەو خەیالّە پەست ئەبوو
هەر گۆشتی بەشەربوو مەزەی
هاوارو داد : ئاوازی نەی
زۆر تینوی فرمێسکی چاو بوو
قامچی سەرپەرشتی داماو بوو

((2))

ڕۆژێ وای هات بەخەیاڵا
لەناکاو خۆی کرد بەماڵا
- بەلەعنەت بێ – وتی : دایە
کوشتنی تۆم لە دڵدایە
من پەست ئەبم بەمانی تۆ
ڕەوایە لام نەمانی تۆ
جا پێم بڵێ هەتا زووە
کام کوشتنەت ئارەزووە
بە شمشێر بەم لە گەردنت
تادەس کەیتە مل مردنت ؟
یان پەتی سێدارەت ئەوێ
خەوی ئێجگاریت لێ کەوێ
دایکەش ووتی : ڕۆڵەی گورگم
شمشێر بە لە پێستی ورگم
بیدە لە سك تاوانبارە
هەتا ئەیکەی پارە پارە
چونکە نۆمانگ و نۆڕۆژ سك
تۆی هەڵگرت بە پێستی تەنك
ئەم مەمکانەش بەخوێن بشۆ
چونکە شیریان داوە بەتۆ
بائەمە پاداشتی من بێ
پەندی ناو دۆست و دوژمن بێ
بەڵام سزای تۆچی ئەبێ؟!
لەعنەتی ئەبەدی ئەبێ
من دایکم ، داییك ، داییك
تاشیر لەمەمکێ بێ تك ، تك
تۆش ( نەیروون )ی داییك کوژی
تاگیانێ لەم ئەرزە بژی
( نەیروون ) هەستا بەدەست و برد
سك و مەمکەی لەت و پەت کرد
ئەو خوێنەش نووسی لەمێژوو
لەعنەت لە ( نەیروون )ی بەدخوو
لەعنەت لەتۆ ئەی جانەوەر !
لەعنەتی ئەبەدی بەشەر


www.pertwk.com

((3))

ئینجا ( نەیروون )ی تاوانبار
هەڵسا خەیاڵی دایە شار
ووتی : ( ڕۆما ) ئەسووتێنم
ئارەزووم دائەمرکێنم
چەندە خۆشە مەشخەڵی وا
بۆ سکاڵا بگاتە خوا
دەستی تاوان بۆ ئێوارە
گڕی بەردایە ئەوشارە
ئاگرێکی وای نایەوە
( ڕۆما )ی پێ دامرکایەوە
ئەویش مەست بوو لەدوورەوە
بەدیار ئاگری سوورەوە
پێ ودەس : چە پڵەو هەڵپەرین بوو
مەستی قاقای پێکەنین بوو
مەشخەڵ نووسی لەرووی مێژوو
لەعنەت لە ( نەیروون )ی بەدخوو
لە ( نەیروون )و لە هاوجۆری

لەجەورو ستەم و زۆری

((4))

بەلاّم داییك ، بەلاّم ڕۆما
ناویان لەدڵی مێژوو ما
بەکللەی سەر بڕبڕەی پشت
بنچینەی بەرزیان داڕشت
بە ئێسکی ( نەیروون )ی خوێن ڕێژ
زامی دێرین کرا ساڕێژ
دایکێتی ما ، نەمرد ڕۆما
شانازی یان بۆ مێژووما
یادی ( نەیروون )یش لەوساوە
بۆ نەفرەت لێ کردن ماوە

*    ***    *

## بۆ ساواکەم

1964

ئەی میوانی تازەی دنیای گەورەو فراوان
دەستی بە خێرهاتنی تۆم نایە سەر چاوان
بەخێرهاتی شەشەم چرۆی داری ژیانم
تروسکەی چاو ، هێزی ئەژنۆ ، ئارامی گیانم
بەخێرهاتی خونچەی ساوای گوڵباخی بونم
جگەر گۆشەی ناو باوەشی گەرمی دەرونم
لەمەڵبەندی نەبونەوە بۆ ئاسۆی ژیان
لەتاریکی نادیاری بۆ سەر دنیای گیان
لەئاسمانی نەدیوەوە بەرەو دنیای بون
هاتی بگەی بەو مەلانەی لە پێش تۆوە بون
بەڵام رۆڵە! تۆ منالی ، بەرخۆلەی ساوای
بێ پرس ورا ، بێ ڕەزابون ، بەرەولای دنیای
دیارە ئەمڕۆ تۆ نازانی کە ئەم دنیایە
بۆ شە پۆلی مەینەتی ودەرد ئەڵێ ی دەریایە
ئەوەتا من کە بۆ ئێوە وەك پاسەوانم
بۆ پەروەردەی نەمامی باخ وەك باخەوانم

بە برژانگی تیژی چاوم باخچەم ئەکێڵم
بەدەستم بێ ، چۆن دڵم دێ بەجێتان بێڵم؟
تۆوی رەنج و تەقەلایە لەوباخە ئەڕوێ
خونچەو چرۆی گوڵ و نەمام بەخوێن ئەپشکوێ
بە ئارەق و خوێنی جگەر نەمام ئاو ئەدەم
ڕیشەی دڵم بە پەرژینی دەوری باخ ئەکەم
بەدەستم بێ چۆن ئەتوانم لە ئێوە دوربم
بەڕۆژو شەو لەسەر پشکۆی ئاگری سوربم
تا تەنانەت لە شێوەی تۆش بێ بەهرەو بەش بم
منی باوك ، بۆ تۆی ساوا وا بێ باوەش بم
بەڵام ڕۆڵە دڵنیابە هەتاکو ماوم
بۆ پەروەردەو خۆشی ئێوە ئەبێ هەنگاوم
تاکو ئێوەی نەمامی باخ گەش و تێراو بن
دڵ نایەوێ گوڵی ڕومەت سیس و ژاکاو بن
تادێنە بەر ، تا پێ ئەگەن بۆ کۆڕی ژیان
ورد ورد گیانم لە ڕێتا ئەکەم بە قوربان

## بۆ گوڵێکی ژاکـــاو

1964


www.pertwk.com

ئەی گوڵی تازە گەشاوە !
لەنەو بەهاری ژینا بووی
شۆخی بەجوانی ڕازاوە
لەباخچەی پێکەنینا بووی
لەسەرچڵی بەرزی نیاز
بەشنەی شەماڵی گەشە
لارو لە نجەت پڕبوو لەناز
بەهرەی پڕ پێستی ئەو لەشە
هەر چاوێ کەئەیدی شێوەت
ئەبڵەق و حە پەساو ئەبوو
بە خونچەی ئەو دەم و لێوەت
بەدڵ گیرۆدەی داو ئەبوو
زۆرجار مەلی هەست و تاسە
بەجوانی تۆ خرۆشاوە
زۆرجار تاساوە هەناسە
بەسەرنجی ئەو دوو چاوە
کەچی داخەکەم لە ناکاو

وون بوو شێوەو سەرنجەکەت
وەك گوڵێکی هەڵپچورکاو
بەسەرچوو لارو لە نجەکەت
لەئە نجاما دڵەی شەیدا
زانی ژاکای بەبای خەزان
لەبن دڕکا ، لەژێر پێدا
بەدەستی نرخی تۆ نەزان

* *** *

بۆ (( گۆران ))ی نەمر

1964

ئەی باڵداری شیعر ووتن!

جیٚ بیٚلّه هیٚلانەی هەناو
بەرەو ئاسۆی مەبەستی من
شەقەقەی بالّم ئەویٚ بەتاو
ئەگەرچی پاییزی ڕوو زەرد
گوڵی گۆڕیم بەدڕك و دالّ
گەرچی خەزانی داخ و دەرد
( شیرین ) ی لیٚ کردم بەتالّ
سارده ڕیٚ ی دەرو دەشت نی یه
گەرمه ناخی هیٚلانەکەت
دەرچونی تۆ بۆ گەشت نی یه
جیٚ بهیٚلّه ئاشیانەکەت
بفڕەو بلّیٚ : ئەی کوردینه
( گۆران )کۆچی کرده سەیوان
شیعرو ئەدەب پەروەرینه !
گەییەژیٚر داری ئەرخەوان
( گۆران )ی شاعیری مەزن
ئەو ئەدییه هەڵکەوتووه

کەوته ناو گۆمیٚکی بیٚ بن
له باوەش گۆڕا خەوتوه
ئەو بلبلەی به بەستەوه
تا ئیٚواره . تا بەیانی
گۆی شیعری خسته ڕستەوه
بۆ بوکی دلّداری و جوانی
ئەو بوو له چەرخی بیستەما
شابازی سەر لقی هەڵبەست
له کیٚوی سەختی ستەما
قەلاّی شیعری تازەی هەڵبەست
شیعری ( بەهەشت و یادگار )
چەپکه گوڵی ئەو باخەیه
بۆی جیٚ هیٚشتین به یادگار
فەرامۆشی ئەم داخەیه
به چەپکه ( فرمیٚسك و هونەر )
گوڵی پیٚشکەش ئیٚمه ئەکرد
سامانی مرواری و گەوهەر


www.pertwk.com

ئەخرایە سەرگە نجینەی کورد
بەنوکی تیژی خامەکەی
لەخەرمانی زمانی کورد
بەرەو نامەو پەیامەکەی
شەن و کەوی وشەی ئەکرد
بۆ روناکی ماندوو ئەبوو
وەك پەروانەی دوورلە چرا
یان پە پولەی بۆ بۆن تینوو
لەشوێن زانستی ئەگەڕا
لەناو شەوە زەنگی ژینا
وەکوو مۆم سووتا تواوەیەوە
لەدنیای شیعرو نووسینا
سەری سەربەرزی نایەوە

*   ***   *

## ملوانکەی یاقووت

لەشیعری هونەرمەندی کورد

( عەلی تەرمۆکی )یە لە عەرەبی یەوە کراوە بە شیعری کوردی

(( 1 ))

لە یاقووتی وشەی جوانی کوردی پەری خان!
ملوانکەیەك ئەهۆنمەوە بۆ تۆ وردو جوان
نەشئەی مەستی بەسەر ئەچێ ئەڕوا وەکو گیان
گوڵی گەشی جوانی تۆش سیس ئەبێ پەری خان!
جا پیر ئەبی پشت کۆماوە کز ڕائەوەستێ
ملوانکەکەم ئەوسا ئەڵێ : چەن خۆشی ویستی

(( 2 ))

دوای خۆت ئینجا کیژۆڵەکەت ئەیکاتە گەردن
بەهاری نوێ ئەکەوێتە گوڵاو پرژاندن
ئەکەوێتە دەست کیژۆڵە کچەزاکەی تۆ
ملوانکەی وا وورد هۆنراوەم بە گەوهەرو گۆ
ملوانکەی ئەم شیعرە جوانەی ناوی تۆی تیایە
ئەڵێ : پەری نەمر ئەژی هەتا هەتایە

(( 3 ))

ئەو سەردەمەی مرۆڤ بیری والای دڵداری
خۆشەویستی وردە وردە ئەڕوا لەبەر چاو
پیری دێت و مردن دێنێ بۆمان بە دیاری


www.pertwk.com

کەچی جار جار سامی مردن ئەهێنینە ناو
لەژێر خاکا کەجێ خورەی ئاوە وا ئەڕوا
من رووی دەمی بیرو باوەڕ ئەکەمە لای خوا
تروسکەیەك لە رووناکی لە دڵما دیارە
وەك رووناکی ئاسمانێکە کە پرشنگدارە

(( 4 ))

ئایا دیوتە مناڵەکەی سەر لوتکەی چیا
کە کەوتۆتە شوێن خورەی ئاو ، ئەڕوا لە دنیا
جوانی ئێمەش دێت و ئەروا وەك بلقی سەر ئاو
کەمێ مەستی ، تۆزێ خۆشی ، ون ئەبێ لە چاو
دێ ینە خوارێ لەسەر لوتکەی بەرزی خەوبینین
ڕەش ڕەش ئەبێ وەك شەوەزەنگ ئاسمانی شین
دائە پۆشرێ زەردەخەنەی گشت ئەستێرەکان
ڕوەو سیس بوون ، بەرەومردن ، بۆ کۆشی نەمان
بەسیەتی ئەی دڵ !

گۆڕینی هەڵبەستێکی عەرەبی
شاعیری جوانەمەرگی تونسی
(( أبو القاسم الشابی ))یە

دڵـــەی خوێنـــاوی ! دڵـــە
پەستەکەم
بەسیە هەتاکەی خۆراکت بێ خەم ؟
ئەوە کاسەکەم تاڵە وەك مردن
پڕە لە ژەهری خەفەت و ماتەم
ئەوە شمشاڵم بێ دەنگ و پەستە
گوێ وا لەسۆزی کۆنە عەشقەکەم
دڵەی گریاوم ! هەتاکەی گریان
خۆ هیچ نامێنێ لە دنیا سەرجەم
گەردی خەم لەسەر دەرونت لادە
گوێ لەدەنگی لاو بگرە سەر بە تەم !
لەسەر تاری عەشق ئاوازێ لێدە
هەڵپەڕە لەگەڵ تیشکی ئاسۆکەم
دڵەی گریاوم ! تاکەی دڵتەنگی ؟
لۆمەی تۆنەکەم ، لۆمەی کێ بکەم ؟
بۆچی هەر ئەبێ گوێ لەخەم بگری ؟
بڵێ ی : هاوارو ناڵینە بەستەم ؟


www.pertwk.com

بلبل نابینی گۆرانی ئەلێت ؟
ئەستێرەش بزەی کەوتۆتە سەردەم ؟
جوانی نابینی لە دارستانا
وەك خۆزگەوخەوە بەبێ زیادو کەم ؟
هیوا نابینی ئەدرەوشێتەوە ؟
شەو بە ئەستێرە ئەڵێ : گیانەکەم ؟
دڵەی تاریکم ! تاکەی دڵتەنگی ؟
بەسیە چیت ئەوێ ؟ کون کون بوو جەستەم
رەنگە بزانی ژین لە هێرشا ،
دڵی ئەسووتێ بە نێچیری خەم
نەخێر زەمانەی بێ پەروا ئەڵێت :
ئەهارِم ئەوەی کەوتە بەر کەڵبەم
لافاو ، یان دەریا ، ئەڵێ : بێ باکم
بۆ ئەو تاساوەی را پێچی ئەکەم
گێژەڵووکەی سەخت ئەڵێ : دڵڕەقم
بۆ ئەو نەمامەی شکانم ، بیبەم
ئەمەبێ دنیا خەمی بۆ چی یە
دڵەی خوێناوی ، دڵە پەستەکەم ؟!

*    ***    *

**ئیلهامی دەروون**

بەشێکە لەهەڵبەستێکی – عەلی تەرمۆکی –
لــــــەعــەرەبــــیەوە .

خۆ ئەگەر ژیان وەکو خەو وابێ
گوزەران ئاخ بێو بەمەرگ کۆتابێ
بۆنکردنی گوڵ بکە بە پیشە
پەنجەت لەقژی نەرم و خاوا بێ
تێر تێر سەرنجی دەمەو بەیان بە
بادڵ و گیانت لەو هەستە دا بێ
ئەم ژینە بۆ تۆ زۆر پێ ویستیە
لەگەڵ تارمایی جوانەمەرگانا
گەر بائەی هێنا هەناسەی مردوو
مرۆڤ ئارەزوی ڕێ ی چاکەی ئەبوو
بەلاَم مردووان ئێمەیان بیرچوو
ژیان بە چەشنی بێژەنگ ئەنوێنێ
دوای گێژ سێ دانی هەر تیا ئەمێنێ
چاکەو بەزەیی و خۆشەیستی یە
( نەیرون ) زۆر قەلاَی بەرزی هەڵچنی
تاکوو بگاتە پیرۆزی ی لاهوت
کەهەڵسا لەخەو بەخۆی پێکەنی

ئەم چەن و وشەیەی خێرا بەرچاو کەوت
یەك بەیەك پیتی بە ئاگر نوسراو
لەسەر وێرانەی تەلاری رووخاو :
( بەرەو کردگار ، رێگای نزیك بوون ، گوێ گرتنە
بۆ ئیلهامی دەروون )

* *** *

## کەگوڵ نابی
دڕکـ
یش مەبە

ئەوی ئازاری دڕکی دی ئەڵێ تا ماوی وەك گوڵ بە
ئەگەر بەرزیت ئەوێ وەك ئەو هەمیشە هەر لەسەر چڵ بە
ئەگەر خۆ ناتەوێ بەرزی بەنزمی شادو دڵ خۆشی
بڕۆ هەر دڕکی ژێر پێ بە بڕۆ هەر بەردی سەر دڵ بە

1964

## چوار منالەکە

ئەی دڵ ! وەکوو من بنالە

بگری بۆ ئەو چوار منالە
کە چۆن خۆیان دابوو حەشار
وەك چوار بێچووە مەلی هەژار
تەنها جێ مابوون لەبەر دێ
لە کونجێکی پەنا بەردێ
کز کز هەڵنیشتبون کڵۆڵ
کەس و کار ڕۆیشتو بۆ چۆڵ
بروسکەیەك هات لەسەردا
ئاگری لەو دێ یە بەردا
هەموو سەرسام و حە پەساو
گەروو بەهەنیسك گیراو
وا لەوێوە چاویان لێ یە
چۆن دامردەوە ئەو دێ یە
لەبەر ئەو ئاگرە وێڵە
سەر دەرکە مڵ بەجێ بێڵە
جا چوار منالەی بەسزمان
لەبرسانا بەرەو خەرمان
بەرەو شارا خۆیان کوتا
تا ئەوێش وەکوو دێ سووتا
شارا خۆ و دەغڵ و دانی
ئاگری بەردرایە گیانی
ئەو دەمەش ڕێکەوت وابوو
منالێکیان لە خەوا بوو
هاواریان کرد : بابە ، دایە
ئاگرمان تێ بەربوو خوایە

تێ بینی : ئەم شیعرە زۆر بوو هەر ئەوەندەی ماوە .

## دوێنێ و ئەمڕۆ

1964

(( 1 ))

دوێنێ کە ناوی ئەمڕۆ بوو

ئێستەی ژینی من و تۆ بوو
بەڵام چۆن هات ، چۆن بەسەرچوو
تاڵ بوو ، یان شیرین ، لەبەر چوو
ڕۆیی نەما ، وەك بەفری پار
بۆ ئەمڕۆ بوو بە یادگار
هەروەکو بڵقێکی سەر ئاو
وردە شەپۆل ون بوو لە چاو
یان وەك پوشێکی بابردو
دایە پێش خۆی بای ڕابوردو
هەرچی هەبوو خۆزگەی بەهار
پێ شێل بوو بە پێ ی ڕۆژگار
هەر کە پەردەی دادایەوە
خۆشی لەگەڵ پێچایەوە
ڕۆیی پشتی کردە ئەمڕۆ
نایەتەوە بۆمن و تۆ
بۆ ئاسمانی دور لە مەبەست
باڵداری بوو بەربوو لەدەست

تەنهائەوەی لێ ی بەجێ ما
پەندو یادە کە بەجێ ما

(( 2 ))

ئەمڕۆ کەزادەی دوێنێ یە
ڕێگای بەرەو سبەینێ یە
هەر لەبەرئەوەی ئێستایە
تەمەنێکەو لە دەستایە
ئەبێ ئەو رەنجە درابێ
باخچەی وەك دوێنێ نەمابێ
گوڵەکانی بۆن خۆش تر بن
مەلەکانی دڵ خۆش تر بن
دووربێ لە درك و داڵی خەم
دای نە پۆشێ ئاسمانی تەم
ئەبێ هەنگاو نانی دوێنێ
بەئەمڕۆی دابێ ڕێگەو شوێنێ
باخچەی ژین رازاوە تر بێ
گەڵاو گوڵ گەشاوە تر بێ

سایە گەورەو سێبەر خەست بێ
هیوا پڕ پێستی مەبەست بێ
ئەبێ تۆوی زەوی دوێنێ
ئەمڕۆ خۆشی لێ ببینێ
ئەمڕۆش گزنگی ژیانی
رووناکی بابە بەیانی

* *** *

## تاسەیەك

1964

ئاسمانێکم ئەوێ شین
بە ئەستێرەی گەش نەخشین
بە زەردەخەنەی بێ خەم
دوربێ لە هەورو لەتەم
ببەخشێ ، بزەی لێوی
گەشە بە گوڵی کێوی
پیرۆزەیی ڕەنگ و بۆی
هەوری ڕەش نەگرێتە خۆی
لە ئاوێنەی هەساوا
دەرکەوێ دڵی ساوا
بێ گەردو پاك و ڕون بێ
وەك سەرچاوەی دەرون بێ
کش و مات و بێ دەنگ بێ
بەوێنەی دەریا مەنگ بێ
تا گرمەو ناڵە ون بێ
بەردی گۆمی بێ بن بێ
شەست و ڕەهێڵەی باران
نەیکا بەجاری جاران
لافاوی سوری وەك خوێن
گیان نەبا بێ سەرو شوێن

یان بروسکەی ئاگرین
دڵ نەسوتێنێ بە قین
مەلی ئەم هەست و گیانە
وێڵە بۆ ئەو ئاسمانە
تابدا لە شەقەی باڵ
بەرەو مەڵبەندی خەیاڵ

*   ***   *

## بۆ شەش پەپولەکەم

1964

(( 1 ))

شەش پەپولەکەی گۆشەی باخەکەم
هەر بۆ ئێوەیە ئاخ و داخەکەم
هەر بۆ ئێوە لێو بە باری خەمم
بلبلی بەستەی گریەو ماتەمم
هەر وەکوو پاییز ڕەنگ زەردی ئێوەم
ناخی دەرون پڕلە دەردی ئێوەم
خەمی ئێوەیە خەوو خۆراکم
شەوی تاریکە ڕۆژی ڕوناکم
بەرد ئەسوتێنێ گەرمی ی هەناسەکەم
بە سۆزی دڵ و ئاگری تاسەم
هاوارو نالەی مات و بێ دەنگم
خورپەو لێدانی دڵەکەی تەنگم
چۆن بو نەمردم دیم وا بەڕێوە
هەوری چڵکنی دوری لە ئێوە؟
لەسەر ئێوەو من لەسەر ئەو باخە
هەوری مەینەتی کەوتە چەخماخە
چەن گۆپکەو چرۆ چەن خونچە چەن گوڵ
سوتا هەڵوەری بەناکامی دڵ
خەم و پەژارە وەك جاری جاران
باری بە وێنەی ڕەهێڵەی باران

لافاوی دوری ی هات ڕای فڕانم
بەرەو نەهاتیێ خۆشم نەزانم
(( 2 ))
شەش پە پولەکەی گۆشەی باخەکەم
هەر بۆ ئێوەیە ئاخ و داخەکەم
لەو ڕۆژەوە من دورم لەئێوە
هەر خۆم ئەزانم دڵ چەن پەشێوە
هەر خۆم ئەزانم کام بڵێسەی خەم
لەدەرونەوە بەربۆتە جەستەم
هەر خۆم ئەزانم دەردی دڵی خۆم
( توخوا باهەر خۆم بۆخۆم خەم بخۆم )
هەر خۆم ئەزانم چەن بەسەرسامی
گرتومە ملی ڕێ ی بێ ئارامی
دەس لەناو دەستی دڵەی ڕەنجەڕۆم
بەڕێ ی دڕکاوی مەینەتا ئەڕۆم
وەك مارانگەستە زامم پل ئەدا
بە ڕۆژو بەشەو تە پاوتل ئەدا

ڕۆژ تائێوارە ، شەو تا بەیانی
ساوای دڵ گەرمە جۆشی گریانی
لەتاو دوری جیێ بەخۆم ناگرم
هەر ئەڵێ ی لەسەر پشکۆی ئاگرم
پە پولەکانم : هەر خۆم ئەزانم
چەن بە ناسۆرن برینەکانم
(( 3 ))
شەش پە پولەکەی گۆشەی باخەکەم
هەر بۆ ئێوەیە ئاخ و داخەکەم
من باخەوانی باخی ئێوە بوم
داخی سەردڵی داخی ئێوە بوم
باخچەم ئەکێڵاً بە برژانگی چاو
تك تك ئارەقم بۆ ئەکرد بە ئاو
بە تاسەی دڵ و سۆزی گیانەوە
بەهەشتی ئێوەم ئەڕازانەوە
تاماندو بکەن جوتە باڵەکان
بۆسەر گەلای سەوز گوڵە ئاڵەکان

تا گەشت وسەیران تێرو تەسەل بێ
شوێن حەسانەوە سەر لق و پەل بێ
هەڵمژن بۆن و بەرامەری خۆش خۆش
ئاونگ لە پەڕەی گوڵا بکەن نۆش
رۆژ بەسەر بەرن لەباوەش گوڵدا
شەویش لە کۆشی گەرمی توێ ی دڵدا
ئای لەو ئارامە ، ئای لەو شادی یە
ئای لەو ژیانی پڕ ئازادی یە
کەبێن و بچن بە دڵی خۆتان
گیانی باخەوان ڕێ ی هات و چۆتان
ئاخ هەوری چڵکن لە ئێوەی کردم
بە لافاوی سور بۆ دوری بردم

(( 4 ))

شەش پەپولەکەی گۆشەی باخەکەم
هەر بۆ ئێوەیە ئاخ و داخەکەم
یادی ڕۆژانی عومری ڕابردوو
کە چەن زوهات و چەن زو بەسەرچوو
یادی فڕینی ئەو ناو بەهەشتە
سەیرو سەیران و گەڕان و گەشتە
یادی ئەو هەمو یادگارانە
بزەی سەر لێوی ژینی جارانە
وا لە بەر چاوی خەیاڵاتی من
بە ڕۆژو بە شەو هەر دێن و ئەچن
داخی بە جەرگم کە باڵ پەشێون
ئێوەش وەکو من خەم لەسەر لێون
ئەزانم پاییز ، پاییزی ماتەم
چی کرد بەگوڵ و گەڵای باخەکەم
ئەزانم ئێوەش وێڵ و ئاوارەن
وەك من دڵ پڕ لەم ناڵەو هاوارەن
بە شوێنی منا ئەسوڕانەوە
بە هیوای بەرەو باخ گەڕانەوە
ئیتر چۆن سۆزی دەرونی پەستم
گڕ بەر ناداتە دێری هەڵبەستم ؟!
یان چۆن بڵێسەی پەژارەو خەمم

گرِ بەرناداتە وشەی سەر دەمم

(( 5 ))

شەش پەپولەکەی گۆشەی باخەکەم
هەر بۆ ئێوەیە ئاخ و داخەکەم
لافاوی دوری ئەنیشێتەوە
تەم و خەمی دڵ ئەڕەوێتەوە
دەستە بە دەستە باخەوانەکان
ئەگەڕێنەوە بەرەو باخەکان
ئەوسا سەر لەنوێ بە پەرۆشەوە
دەرونی شادو دڵەی خۆشەوە
بەهەشتی گەشتی ئێوە خۆش ئەکەم
بادەی دڵخۆشی ئێوە نۆش ئەکەم
خەمی کۆنەو نوێ ی چەن ساڵەی تەمەن
بە دەستی شادی ئەکەین ڕیشەکەن
دەست ئەکەینە مل ئەو خەوبینینە
جا سارێژ ئەبێ ئەو گشت برینە
مژدە بێ مژدە دێمەوە لاتان
ئەکەم بژاری باخچەی هیواتان
شاد ئەبینەوە ئەمڕۆ یاسبەی
ئاوات ، خۆزگە ، خەو ئەبن بە ئۆخەی
ئەژین ژیانێ هەموی ئۆخەی بێ
هەرچی پێ ی بڵێن خەفەت ئەو نەی بێ
پەپولەکانم ! پەپولەی ئازیز
وا بە سەر ئەچێ ماتەمی ی پاییز

* *** *

## بۆ مەلێکی تەریو

1965

ئەی بلبلی ، بەهرە زلی ، گەروو بچووکی
نەغمە خۆش!
ئەی باڵداری هونەرمەندی بەستەو ئاوازی
پڕ لە جۆش!
ئەی ئەومەلەی کەسڵ ئەکەی لە گیاندارانی
ڕوی زەوی
ڕاوکەر نیم داوی پڕ لەدان بنێمەوە تۆی تێ
کەوی
فڕێ هاتی نیشتیتەوە لەسەر لق و پۆپی
دارێ
لەباخێکی ، نزیك منا ، بەسەر بەری ئەو
بەهارێ
بە ئاواتی ژێر سێبەری حەسانەوەی پاش
ماندو بوون
تا وچانێ بدەی بەباڵ ، زاخاوێ بەناخی
دەروون



یان بە دەنووکی ئارام و ئاواتی گەش ، بە
سەربەستی
لەوسەر لق و پۆپی دارە هێلانەیەك
هەڵببەستی
منیش لەنزیکی تۆوە ، چاوم لەجێ ی
پیرۆزت بوو
دەمەو بەیان و زەردەپەڕ ، گوێم لەدەنگی بە
سۆزت بوو
خۆزگەیەکم ئەهاتەدی : بۆ خۆت خەریکی
خوێندنی
لەباخی ئەم ژیانەدا دڵخۆشی گوڵ بۆن
کردنی
ئەم ووت : ئۆخەی وا ئەو مەلە خەمی کۆنی
بەبا ئەدا
تەمی دیلێتی ناو قەفەس لە تۆێ ی دەروونی
لا ئەدا
کەچی داخەکەی داخانم بەردە وردەی دەستی
هەواڵ

خۆی گەیاندە هێلانەکەو تۆش بۆی فڕی بە
جووتە باڵ
یادێکی پڕ لە ناسۆرە ئەوەی بۆ من مابێتەوە
خەمی تەراندنی وەها هیچ تەمی نارەوێتەوە

## لەزمان جوانە مەرگێکەوە

1965

برا! هەرچەن ڕابوردی بەلای منا بڕوانە
ستەم گۆڕی هەڵبەستم لەم سەر گردی
سەیوانە
لەبەهاری لاوی یا خەزان بەرۆکی گرتم
خوێنی ئاڵی دڵ ڕەنگی گوڵی دار ئەرخەوانە
شەبەقی ناودڵی من دیارە لەناو دڵانا
وەك ئەو هەورەی کە ئەگری لەسەر ئەم شارە
جوانە
دەردو بەڵاو مەینەتی وەکوو تەرزە ئەبارێ
بۆ پیکانی هەناسە تیری لە ناو کەوانە
هەر لە بڵێسەدایە ئاگری دەستی منداڵ
هەر هۆی لێدانی دڵە بەوێنەی ئاو ڕەوانە
چەن گوڵی زەردو سوری بۆن خۆشی ناو ئەم
باخە
بەدەستی قەست هەمیشە پێ شێلی باخەوانە
بلبل و کەوی کێوی گیری قەفەس و داوە
لەدەرکی هێلانەدا هەر ڕاوکەر پاسەوانە

منیش کەجێ نشین و ئارام گرتووی ئەم
گۆڕەم
گوڵێکی هەڵپچورکاو ، ناکامێکم لەوانە
کەوا ڕۆژێ لەڕۆژان پاییزی سەختی ماتەم
بەهارو خۆزگەی ژینی کردم بە پێچەوانە
لە شوێنێکی پەناوە ڕەشەبای خەزانی مەرگ
گوڵی وەریوی عومری بردم بۆ ئەو کێوانە
بروسکەی ئاگرینی هەوری رەشی ئەم کۆستە
سووتانی جەرگی کەس و کارم وەکوو
پەروانە
گەرچی باوەڕم وایە ( کاسە پڕبوو لێ ی
ئەڕژێ )
کاسەی خوێنی رژاوی ناهەق پڕو لێوانە
بە گەرمی ی خوێنی ئاڵی جوانەمەرگی خێر
نەدیو
ئەسووتێ تەخت و بەختی ئەوەی کەوا
تاوانە
بەلاّم ئاخ سێ دڵۆپە فرمێسکی قەتیس ماوم
لەچاوا بۆ ( بەیان و کامەران و سیروان )ە

## هەستی من

1965

قسەی ئەو کەسەی لەناو
دڵمایە
گەر ژەهری ڕووتە هەمووی
نۆش ئەکەم
بەو سروەی یادەی کە
لەگەڵمایە
بڵێسەی سۆزی هەستم خۆش
ئەکەم
بەو بۆنە خۆشەی کە لە
گوڵمایە

ئازاری دڕکم فەرامۆش ئەکەم
بەوگڕە خۆشەی لە
کەللەمایە
هەموو شەوقێکی تر خامۆش
ئەکەم
وەکو پەروانەی بێ پەروا ،
بێ دەنگ
ڕێ بۆ سووتانی جەرگم خۆش
ئەکەم
بادەی هیچ کەسێ مەستی
نەکردم
بە پیاڵەی مەستت خۆم
سەرخۆش ئەکەم
وەرە تەماشای ناخی دەروون
کە
گەر وائەزانی قسەی بۆش
ئەکەم

بەشیری پاکی خۆشەویستی
تۆ
ساوای نازداری دڵم گۆش
ئەکەم

بە بۆنەی کەشکۆڵە بەنرخەکەتەوە
بۆ بەڕێز : کاک سعید شێخ علی شادمان 1968

برا ! پیرۆز بێ ڕەنجی
پیرۆزت
لەگەڵ هەستەکەی بەرزو دڵسۆزت
ئەم کەشکۆڵەی تۆ گە نجینەی بیرە
بەرهەمی مێشکی پیاوانی ژیرە
دیوانی شیعری وێژەوانانە
هی ئەو دەستەیەی لەسەر چاوانە
ئەوانەی ئەژین لە ناو هەناوا
لە گۆشەی دڵ و گلێنەی چاوا
ئەوانەی کەوا هەر بە ناو مردوون
هەتاکو دنیا دنیایە زیندوون


www.pertwk.com

ئەوەش دەربەستی ئەو پیاوانەیە
دیارە کردەوەی هەر پیاوانەیە
ئەوەی شوێن کەوتەی ئەو گیانانەیە
دیارە هەر لەگەڵ ئەو کاروانەیە

**بڵقی سەر ئــاو**

1969

دەردێك هەیە کوشندەیە لەناوا
بەردی داوە بە پشت زۆر شتی باوا
دەربڕینی : دەمێ ساڵە لەدڵما
شە پۆل ئەدا وەکوو خولیا لە سەرما
ئەو دەردەی وا کە لێرەدا مەبەستە
ئازاری والای دەستەی ماران گەستە :
زۆر کەسی وام بەم دوو چاوەی خۆم دیوە
خۆی ، لەئێمە ، سەدقات چاکتر ناسیوە
چی یەو چۆنەو ئاخۆچی لە بارایە
جەوالی دڵ چی یەو چی لە زارایە
بەسەرژمێر خۆی یەکێکە لەبەر چاو
کەچی پەلکە زێڕینەیە بە هەناو
بە پێ ی شوێن و بە پێ ی هەواو بەرژەوەن
گێرە ئەکاو خەرمانەکەی ئەکا شەن
بەوێنەی بۆق ڕەنگی زەوی وەرئەگرێ
ڕەنگی مرۆڤ هاوار چۆن ڕوکەش ئەکرێ؟
ئەو مرۆڤەی پێستەکەی گەنم ڕەنگە
هەر یەك دڵ و یەك مێشك و یەك ڕەنگە
سپی و ڕەشیش ئەبێ هەرسپی و ڕەش بێ
شەوی تاریك لەڕووناکی بێ بەش بێ
کەچی ئەوەی ئەمڕۆ لەبەر چاوایە
ڕاست پەرستی لەلا هەروەك باوایە
تاڕیایی و تارەواڵەت وەستابێ
ڕاستی ئەبێ هەر شار بەدەر کرابێ
هەر من من و هەر خۆپەرستی باوە
پووشی وشکە دڵسۆزی بە دەم باوە
هەرچی دەستی گەیشتە کۆڵە داسێ
تەنها زاتی خۆی نەبێ کەس ناناسێ
بەڵام ژیان ، ژیانی ڕاستەقینە


www.pertwk.com

زۆر لەم بلقی سەر ئاوانە بە قینە
ڕیاکاری خۆپەرستی ترسنۆك
ئەمڕۆ سبەی ئەبێ هەر دابدا چۆك

وشکەمەلە

1969

لەڕاستی زۆر شت بۆخۆت گێل ئەکەی
زۆر بەندی بڕوای ڕاست پێ شێل ئەکەی
ڕەشی قەترانی ناو ئەنێ ی سپی
بۆ چەوتی چاوت خوارو خێل ئەکەی
ئەوەی کە بڕوات پێ ی بوو تادوێنێ
نازانی ئەمڕۆ وا لەچ شوێنێ؟
لەسەر کەلاوەی ئاوات و هیوا
بە پووی وێرانە بە کوڵ ئەخوێنێ
تەنها بۆ بەرزی پایەت بە پەلەی
بۆیە لەوشکی خەریکی مەلەی
خنکای لە دەریای خۆپەرستی یا
کەچی سەرگەرمی چەپڵەو هەلهەلەی
ملی ڕێگەت گرت ئێستە لە لاڕێ ی
جار جارەش لەخۆت ناپرسی کەکێ ی
وادیارە چاوت کردەت نابینێ
بۆیە بەگڕی هەڵەت ئەسوتێ ی
خۆت بەخۆت ئەڵێ ی : سەر لێ شێواوم
بڕوانە دوری ی ڕێگەی پێواوم
چویتە سەر کەلێ نایەیتە خوارێ
ئەشڵێ یت : وەك جاری جارانم ماوم
خۆت چاك ئەناسی کەچیت و چۆنی
ئەلێ ی : وەك یەکە ، ڕێ ی تازەو کۆنی
هەوای خۆبینی لە کەللەی داوی
لەڕاستی ڕاستی ڕوو گرژو مۆنی
چاو برسی و تینووی سەر لێ شێوانی
بۆ ئەو مەبەستە خەستە لێوانی
ئەتەوێ بلێن : هەروەکوو یەکە :
دەمەوبەیان و بانگی شێوانی
مەستی بە بادەی عەشقی من منت
چاکەی ئەم یان ئەو بایە لەکنت

سەری خۆت خۆش بێ لە گەردەلوولا
باهەر ئۆباڵی خوێن بەگەردنت
خۆیشت ئەزانی تەمەنت کورتە
بەم گلاراوە ، بەم جرت و فرتە
تەنها دڵسۆزی ڕاست قۆناغ ئەبڕێ
ئاوی دنگ ئەکوتێ ئەم ورتە ورتە

* *** *

## سروودی ئینتەر ناسیۆناڵ

1969

هەڵسن لەخەو ، زۆرلێ کراوی ئەم جیهانە
ئەی ئەوانەی ، ساڵ دوانزەی مانگ ، برسیتانە
مافی ئێوە ، وەکوو پشکۆی دەم بورکانە
بەهۆی هەوڵ و کۆششەوە سەر ئەکەوێ
سفرەو خوانی ڕازاو بەزۆر دەست ئەکەوێ
هەڵسن لەخەو ، ئەی لەشکری بەشخوراوان
پێ شێل ئەبێ شتی پووچ و بۆش و تاوان
سەرهەڵ ئەدا بە کۆمەکی گشت لایە
ئەوەی خۆزگەو خەوی خۆش و هیوایە
تۆش شائەی گەل! گوێ ڕاگرە بێ وچان
بۆ بانگەکەی دوا شۆڕشی میللەتان
مافی مرۆڤ ، سەرئەکەوێ ، نی یە هێزێ
لە ژوور سەرمان بێت و ئێمە بپارێزێ
نەقەیسەرەو نەکەس ئیتر گەورەمانە

که رزگار بوون لەخوێن مژین هیوامانه
ئەرکی پیرۆز لەسەر شانی هەموومانه
ئەڵێن گوایه بۆشه مافی هەژاران
بۆشه ئەرکی گران و سەروسامان
ناومان ئەبەن کەبێ نرخ و نۆکەرین
لەمەزیاتر سەرشۆڕی ی هەڵناگرین
تۆش سائەی گەل! گوێ راگره بێ وچان
بۆ بانگەکەی دوا شۆڕشی میللەتان
ئەی رەنجدەران! لەشارو دێ ، لەکوێ بین
ئێمه له گشت پارتێکی تر بەهێز ترین
باتەممەڵ وبێ کارەکان ڕا بماڵین
تاکەی بەخوێن هەر نێچیری قەل و داڵین
وەك پێویسته با هی ئێمه بێ جیهان
با خۆراکی بەردەمی ئەوان بێ گیان
تا ئەو کاتەی که ئەیانکەین سەر نگوون
رۆژی ئێمه هەڵدێ بەبێ ئاوابوون
تۆش سائەی گەل! گوێ ڕاگره بێ وچان

بۆ بانگەکەی دواشۆڕشی میللەتان

## من و پاییز

1969

زۆر سروشتییه سەرنج و چێژم :
پاییز باڵداری هەست ئەخرۆشێنێ
له گەلاڕێزان زەوقێ ئەچێژم
تینوێتی ناخم دائەمرکێنێ
پەڵه هەوری ڕەش بەئاسمانەوه
دڵم وەك خونچه گەش ئەکاتەوه
وژه وژی با بەبارانەوه
ژەنگی دەروونی من ئەشواتەوه
گەلای وەریوی ڕەنگ زەردی سەرما
ئاڵی ئەبەخشێ بەلێوی تاسەم
کۆچی ، گیانی نوێ ئەکا به بەرما
وەکوو بژێوی خوێن و هەناسەم
پەڕەی ناسکی گوڵی هەڵوەریو
دەریای تێ بینی من ئەشڵەقێنێ
ورده گیای تازەی کەنار جۆگەو شیو

کارێزی نەشئەو جۆش ئەتەقێنێ
دارو دەرەختی بێ بەرگی گەلا
کەهەڵ ئەلەرزێ بەبای بەیانی
تەزووی ئاودامان دێنێ بەدڵا :
دڵەی دێوانەو شێتی جوانی
ئەم دیمەنانەی پاییزی ڕەنگ زەرد
کار ئەکەنە سەر ناخی دەروونم
تەختی سروشتی سەدان داخ ودەرد
نوێ ئەکاتەوە گیانی زەبوونم
بۆ؟ ، چونکە من و پاییز دوو بە دوو
ئەم تەواوکەری ئەوی ترمانین
وەك یەك هاو دەردو حەزو ئارەزوو
ڕێی حە پەسان و جێی سەر سوڕمانین
هەناسەی ساردی من بای خەزانە
بۆ هەڵوەرینی گەلای درەختم
ڕۆژی تەمەنم گەلا ڕێزانە
بۆ بەر پێی کۆچی ژیانی سەختم

فرمێسکی خوڕی دڵەی گریاوم
دڵۆپەی زلی چاوی پاییزە
بۆ گوڵی هیوای ساوای ژاکاوم
سەرچاوەی ئەشکم ئاوی پاییزە
جێی تەسەللامە پاییزی بێ ناز
خەرمانی خەمی دڵ بەبا ئەدەین
وەکوو دوو هاوڕێی هاودەردو نیاز
بۆیەکتر رازو سکاڵا ئەکەین

## ئەی هاوسەری من!

لەفارسی یەوە نامەی هەڵبەستی ئەفسەرێکە لەدوا شەوی ژیانیا
لەزیندانی چاوەڕوانی کوشتنی بەرەبەیان

گزنگی خۆر کە سەرلوتکەی بڵندی کێوەکان ئەگرێ
لەسنگی ئێمە ، پێش ئەوکاتەیە ، دوژمن نیشان ئەگرێ
بەلیزمەی گوللە بارانی ، لەشی خڵتانی خوێن کەوتووم
لەدووری خۆشەویستان ، خاك و خۆڵی نیشتمان ئەگرێ
ژیان هەرچەندە شیرینە ، بەلام من ئارەزووم وایە
لەمردن حەز بکەم چونکە لە پێناوی مرۆڤایە
حەزم کرد یەك دڵۆپی ڕونی گوێ جۆگەی ژیانێ بم
لەبەر چاو وون بم و بکێشم بەرەو گێژاوی دەریایە
نەکەی دۆش دا بمێنی ، پاسەوانی شەو نەڵێ با پێت
ئەوە ئەو هاوسەرە ری ی مێردەکەی لانەنگ و لا شەرمە
گولاڵەی سووری خوێناوی بەسەر سنگا کە وەك نیشان
بڵێ : هەی هەی دلێ ئەو هاوسەرە پڕقینە چەن گەرمە
وەك ئەو چاوانی خۆتە ڕۆڵەکانیشم بپـــــارێزە
نەڵێن باروومەتی گەشیان لە گەردی زیللەتا ڕۆیی
ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان پرسی یان : ئەی بابە چی لێ هات؟
بەڕوو خۆشی بڵێ پێ یان : لەڕێگەی میللەتا ڕۆیی

## لەیادی (( شێخ سەلام ))دا

1969

سەلام! هەزاران سەلامی گیانی لەشوێن و ناوت
بۆ یادگاری تاسەر بەنرخ و بەرزی جێ ماوت
ئاوێنەی ڕوونی دیوانی شیعری پڕ سۆزو تاسەت
ئەنوێنێ وێنەی هەستی پەنگ خواردووی دەریای هەناوت
گەرچی ئەو باوکەی کۆچی حەو کوڕی ئێسك سووکت دی
تا شیعری جگەرگۆشەت بمێنێ ، ئەمێنێ ناوت
زۆر درکی تیژی شیعرت چەقانە گلێنەی خوێن مژ
گوڵی سەرسنگە بۆڕەش و ڕووتی زۆرلێ کراوت
هەڵمەتی تۆ بوو بەرامبەر ( درۆی زۆری بەلێشاو )
وێڵی ڕاستی بوو تیغی زمانی هەمیشە ساوت
هێرشی تۆ بوو بۆسەر ئەفسانەو شتی پڕوپوچ
بێ ئەوەی کەوا گوێ بەیتە گرێ و قۆرتی بەر چاوت
تۆ بووی نووسەری چیرۆکی جوانی ( جوولەکەی کۆڵگێڕ )
نرکەو ناڵە بوو بۆ خاك و ئاوی داگیر کراوت
ئەو هەستە گەرمەت لەڕاست بێگانەو داگیر کەرانا
جێی سەربەرزی بوو بۆ گەلی کوردی دیل و چەوساوەت
شاعیری کوردی مەستی بادەکەی ناو پیاڵەی ( خەیام )

لەگەڵ هەڵبەستا ئەژی سەرەڕای چاوی لێکناوت
تۆ بووی ( خەیام )و ( نەخەعی )ت ناسی بە ئەدەبی کورد
لەشەوەزەنگی خەرافاتیدا تیشکی هەتاوت
گەرچی لە دنیای ئەرکی وەزیفەو ڕێی گوزەرانا
فەرمان بەرێکی بچووك بووی ئەڵێ حاڵی شێواوت
هەرچەن تۆماری ژینی تۆی نەمر دەردی سەری بوو
ژمارەی نایە دڕك و داڵی ڕێ و زیندان و داوت
مەگەر بەتەنها هەر دیوانی تۆو هاودەردەکانت
بزانن خەم و پەژارەی خەست و دەردو زوخاوت
گەر خوانە خواستە تۆش هەروەکوو زۆر لە خۆفرۆشان
بەنرخی هەرزان بتفرۆشتایە ئاوی ناوچاوت
تۆش وەکوو ئەوان تۆوی نا پاکیت گەر بچەندایە
هەڵبەت هەر تەلاّی ڕووت ئەبوو بەری دێم و بەراوت
بەلاّم لەلای تۆ ئەو شتەی کە پێی ئەڵێن : کەرامەت
سەری بڵندبوو ، وەك لووتکەی کێوی بەرز وەستاوت
شەربەتی دەستی سووری داگیرکەر کەوسەر بوایە
تۆ لەوانەبووی نەتەوێ لەجێی قومێ بەفراوت
بەستە لە دنیای شیعرو نووسین و بیرو باوەڕدا
بەرەو هیوای کورد جێی شانازی بوو بەهرەی هەنگاوت

ئەی ڕاکشاوی گردی سەیوانی ئاخ و داخی من!
چاوێ هەڵبڕە بۆ ( ملەکەوەی شین هەڵگەڕاو )ت
بزانە ئاخۆ برینی کۆنەو نوێی ئەم ولاّتە
سارێژە ، یاخوو لێی ئەتکێ خوێنی جەرگی بڕوات


www.pertwk.com

## کلوە بەفرەکان

1969

ئەی کلوی بەفری سپی!
چەن بێ دەنگ و چەن کپی
کە لەو ئاسمانە بەرزە
ڕوو ئەکەیتە ئەم ئەرزە
چین چین زەوی دا پۆشە
دڵی من بەوە خۆشە
زۆر حەز ئەکەم تاماوم
هەتا بڕ ئەکا چاوم
دەشت و دەرو شارو دێ
بەرگی بەفری سپی بێ
سپی ڕەنگێکی چاکە
بەفربێ گەردو پاکە
ئای چەندە بێزارم من
لە پەڵەی ڕەش و چڵکن
خۆزگە دەروون و هەناو
وەکوو بەفری بەرهەتاو
بێ گەردو ڕووناک ئەبوو
سپی و جوان و پاک ئەبوو
ئەوسا ئەتدی ئەم ژینە :
چەن دڵگیرو شیرینە

## بابە تایەری هەمەدانی

بەبێ تۆ ، گوڵ لە باخا خوایە نەڕوێت
ئەگەر هات و ڕووا بێ ڕەنگ و بۆ بێت
بەبێ تۆ هەرکەسێ لێوی بزەی بێ
لەڕووی خۆی ، خوێنی دڵ ، تاماوە نەسڕێت

دڵێکم لایە کڕیاری موحیبەت
کەهەر بەو گەرمە بازاڕی موحیبەت
جلێکم کردە بەر باڵای دڵی خۆم
کەوا پۆی مەینەتەو تاری موحیبەت

لە دەستی چاو ودڵ هەردووکی فەریاد
ئەوەی چاوی دی ، دڵم کردوویەتی یاد
دروست کەم خەنجەرێ نووکی لە پۆڵا
لە چاوی خۆمی بەم تا دڵ بێ ئازاد

بەبێ تۆ ، دڵ لە کوێ خۆشی ئەبینێ
لە ڕووی تۆدا ئەبینم خەم ڕەوێنی
ئەگەر دەردی دڵم دابەش بکەم کەی
لەدنیادا دڵێ بێ دەرد ئەمێنێ؟

بەلاَیە دڵ ، بەلاَیە دڵ ، بەلاَیە
گوناهبار چاومەو دڵ موتبەلایە
ئەگەر چاوم سەرنجی خۆی نەگێڕێ
دڵم چوزانێ جوان وا لەچ لایە؟

لەدەریا سەیر ئەکەم ، هەر تۆ ئەبینم
لەسارا سەیر ئەکەم ، هەر تۆ ئەبینم
لەهەر لاسەیر ئەکەم دەشت و دەرو کەژ
هەمووی هەر بەژنی تۆیە نازەنینم

دڵم زارو حەزینە ، چۆن نەناڵم؟
ژیانم ئاگرینە ، چۆن نەناڵم؟
ئەڵێن پێم: بۆچ و تاکەی هەر ئەناڵی؟
کە مەرگم لە کەمینەچۆن نەناڵم؟

مەگەر شێرو پڵنگی ، ئەی دڵ !! ئەی دڵ
لەگەڵما هەر بەجەنگی ئەی دڵ ! ئەی دڵ !
ئەگەر دەستم کەوی خوێنت ئەرێژم
بزانم تاچ ڕەنگی ، ئەی دڵ ! ئەی دڵ !
وەرن ئەی دڵ سوتاوان ! با بناڵێن


www.pertwk.com

لەدەستی یاری بێ پەروا بنالێن
بچین بلبل لە باخا گەر نەناڵێ
لەباتی بلبلی شەیدا بنالێن
درەختی خەم لە گیان کردوویە ریشە
لەدەرگای خوایە نالەی من هەمیشە
عەزیزان ! بایەخی یەکتر بزانین
ئەجەل بەردەو مرۆڤیش چەشنی شووشە

## جەژنی دوو جەژنە

1970

لەگەڵ دوا کۆچی ڕۆژانی تۆفی چلەی زستانا
هەوری مەینەتی لە ڕووی ئاسمانی کورد ڕەوایەوە
گوڵێ هاتە دەر ، گوڵی رۆژی نوێ ، لە کوردستانا
بەبۆنی خۆشی ، مژدەی نەورۆزی ئەشنایەوە
لەگەڵ دەرچوونی گزنگی خۆری دەمەو بەهارا
سەهۆڵ بەندانی کوشتاری سەخت و شەڕ تووایەوە
لەکێوی خوێن و فرمێسك و نرکەو ناڵەو هاوارا
گولاڵە سوورەی ئاشتی و برایی وا گەشایەوە
وا لەگەڵ بزەی لێوی ناسکی خونچەو چرۆدا
لە باخچەی هەر وەك بەهەشتی جوان و خۆشی ولاتا
تیشکی پیرۆزی رۆژێ هاتە دەر لەدەم ئاسۆدا
گوڵی ئاواتی کرد بەسەر سنگی ڕۆڵەی خەباتا
لەگەڵ هاتنی نەورۆزی تازەی ساڵی حەفتادا
هەزاران هەزار زستانی ماتەم پشتی شکاوە
مەشخەڵی جەژنی دوو جەژنە لەسەر لوتکەی چیادا
بەرز ئەبێتەوەو شاد ئەکا گیانی شۆڕشی کاوە

لەگەڵ شەبەقی ڕۆژی بێ شەوی یانزەی ئازارا
هەزاران هەزار برینی ناسۆر دەروون سارێژ بوو
کام برین ؟ ئەوەی ئەکولایەوە لە خوێی ئازارا
کام ئازار؟ ئەوەی شەوگاری ناڵەی دورو درێژ بوو
لەگەڵ وەرینی شەونمی لق و پۆپی درەختا
فرمێسکی چاوی پیرە داییکی تاقانە کوژراو
وشك بوو نەما بۆی دەرچوو لەگەڵ شەوگاری سەختا
هەرکەدی ئەمساڵ وا هاتۆتە بەر نەمامی نێژراو
لەگەڵ جریوەی پۆلە چۆلەکەی دەمەو بەیانا
هەنیسکی گەرمی ساوای بێ نازی بێ باوك نەما
زەردەخەنەی لێو سەرکەوت بەسەر قوڵپی گریانا
شە پۆلی هێزی ڕووناکیش بەسەر شەوی ماتەما
مژدەبێ لەتۆ ئەی خوێنی ئاڵی جوانە مەرگەکان!
کەوا لا پەڕەی داستانی مێژوو بەتۆ نووسراوە
بەفیڕۆ نەچووی بەخت کراوی ڕێ ی بەجەرگەکان!
پیتی پیرۆزی ( نەورۆزو شادی ) بەتۆ نەخشاوە
مژدەبێ لەتۆ ئەی گیانی کاوەی ئەژدەهاك شکێن!

بڵێسەو گڕی ئاگرەکەی تۆ مەشخەڵی بەرزە
ئالآی شانازی و جەژنی نەورۆزی بە شەماڵ شەکێن
دەنگ ئەداتەوە لەهەموو شوێنێ ، لەسەر ئەم ئەرزە
مژدەبێ لەتۆ ئەی گیانی بەرزی شاعیرانی کورد!
ئەوانەی ( گڕێ ی قورسی کفن )تان پەژارەو خەم بوو
هاتەدی خۆزگەو خەوتان بە ڕۆژی شادمانی کورد
بەروبووی تۆوی بیری ڕۆشنتان جەژنی بەرهەم بوو
جەژنی نەورۆزو ئاشتی و برایی و یەکێتی گەلە
شایی میللەتەو شیوەنی دەستەی دوژمنی نا پاك
ڕۆژی هەڵۆیەو هاژەی باڵەکەی ، نەك قیڕەی قەلە
ڕۆژی کاوەیە ، نەك ئەهریمەن و نەوەی ئەژدەهاك
بەو مەرجەی کەواکاروانی خەبات زۆر بە وریایی
سەرکەوێ بەسەر قۆرت و تەگەرەی ڕێ ی سەرکەوتنا
تاسەر بەخۆشی و بە پێشکەوتن و بە دڵنیایی
هەنگاو هەڵێنێ بەسەر سەردڵ و جەرگی دوژمنا

## كاروانى وشه

1970

((1))

لـه سـەرەتـاى رێى مـێـژووا
سـالآنـى كـۆنى پـێشـــووا
لـەو رۆژەوە بـير كـەوتـەرێ
قـەڵەم دەستاو دەست ئەگەرێ
نـووكـى قـەڵـەم پشـتـاوپشتە
تـۆوچـێنـى بـەهـرەو بـرشـتە
لـەزەوى مـێشـكـى رەقـەنـا
لـە دڵـى سـەخـتى دەوەنـا
بـەچـنينى پـيتى پـيرۆز
دێـر گـەرم ئـەكـاتەوە بەسۆز
بـە پـرشنگـى هـونـەرى جوان
گـەشـە ئـەبـەخـشێ بـەژيـان
بـە بيرى چاك ، بەووتەى گەش
كـەوتـۆتـە وێزەى هێزى رەش
كـاروانـەكەى قەڵەم بە دەست
لەسەر پەڕەى ويژدان و هەست
بـۆ بـلبلى لـقى نـووســـين
هەڵيان بەست هێلانەى رەنگين
بـۆ پـە پـوولـەى وێـڵى ووتـن
پـەڕەى گـوڵ كـەوتـە بزووتن
لـە ئـاوێستـاوە ئـەم كـوردە
لـەگـەڵ پيت و بـيرى وردە
كـۆنترين كـاروانـى پـشـتە
مـەشـخـەڵ هەڵگرى زەردەشتە
ئـەم كـاروانـە پيت پـەرستە
گـەرمـى نـووسين و هەڵبەستە
دەسـتە بـە دەستەو چين بە چين
ئـارەقـيان ئەڕشت : ڕەش و شين
بـەدێڕ بـە دێـڕ و بـەند بە بەند
تـۆوى بـەهـرەى زليان ئەچەند
بـەزمـانى كـوردى ڕەوان
گـيانيـان دا بـەهونـەرى جوان


www.pertwk.com

لەسەر هەرداری لق بەرزێ
بلبلێ ئەیخوێند بە تەرزێ
لەچلەی تۆفی زستانا
لەوەیشومەی کوردستانا
بەوشەی گەرمی ئاگرین
جۆشیان ئەدا بە ڕا پەڕین

(( 2 ))

قەڵەم بە دەستانی سەردەم!
ئەو هەستەتان هەیە سەرجەم
کەوا ئێمەی نەوەی ئەوان:
کاروانی ڕێی وشەی ڕەوان
ئەرکی پیرۆزی بەجێ ماو
کەوتۆتە ئەستۆی پیرو لاو
پیرو لاوی دنیا نووسین
هونەرمەندی بەهرەی شیرین
باخچەمان سیس و ژاکاوە
تینووی ئارەقی ناوچاوە
بەدەستی دڵسۆزی بژار
پێ ئەکەنێ گوڵی بەهار
بەهاری هەڵبەست و پەخشان
ئەکەوێتە گەشەو نەخشان
لەبەر کارێزی تەقیوا
خوڕەو هاژەی چەم و شیوا
لەبەر بروسکەی ئاگرا
بڵێسەی کێوی باگرا
لەبەر هەوری قورسی ی ئاوا
تاڤگەو شەپۆل و لافاوا
لەبەر ڕەهێڵەی بارانا
گرمەو ناڵەی بەهارانا
وشەی گەرم و تەڕو پاراو
وێنەی تازە بێنێتە ناو
ڕستی قال بووی بۆتەی خەبات
هەڵبەستێ بۆ گەل و وڵات
لە کارەساتی کوردستان

گیان ببەخشێ بەداستان
لەبەر چیرۆکی ئاگرین
دنیای دەروون بێتەلەرین
کوردستانی ئەم سەردەمە
بۆچی نەبێتە مەلحەمە؟!
شەماڵی فێنکی ڕەخنە
دەبا بکەوێتە شنە
گوڵزاری لێکۆڵینەوە
سەوزبێ بە پەرژینەوە
ئەوسا لە گوڵ بپرسە : بۆ؟
گەش و سووری وەکوو پشکۆ
چۆنە وا تەوژمی پاییز
پەڕەی تۆ زەرد ناکا هەگیز؟
بای خەزان ئەگەر کێوبەرێ
گەلایەکی تۆ ناوەرێ؟
ئەڵێ: مەردی باخەوانە
کە یەکێتی نووسەرانە
یەکێتی نووسەرانی کورد :
کاروانی وشەی جوانی کورد

یادی بیست ساڵەی کۆچی

پیرەمێرد

1970

وائەی فریشتەی پیرۆزی سۆزو ئیلهامی هەڵبەست

وەك جاری جاران ، ئەمجارەش هانام هێنایە بەر تۆ
بۆ بیرەوەری (20) ساڵەی کۆچی پڕ پێستی مەبەست
بەشیعرێکی نوێ ، یادی ( پیرەمێرد ) بخەینە ئەستۆ
دەبا فرمێسك لە پێڵوی چاوی ئەم یادە دوربێ
چونکە چاوی دڵ تا ئێستە زۆر جار گریانی دیوە
ڕێ ی ئەو خەباتەی بە درکی ژێر پێ ی ( پیرەمێرد ) سور بێ
هەر بەو ڕێگایەش کارێزی قووڵی بەهرەی تەقیوە
ئەو پیرەمێردەی کە لە نەورۆزی تەمەنی ژینا
لە خوێن گەرمی یا ، پشکۆی گەشاوەی کوورەی خەبات بوو
جۆش و خرۆش و نرکەو ناڵەی ئەو لە ڕا پەڕینا
بەشە هەوێنی بڕوای ئازادی گەل و وڵات بوو
ئەوبوو کاروانی شەهیدەکانی ئەلاوانەوە
نەك بەفرمێسك ، بەڵکو بە شیعری گەرمی خوێناوی
زنجیرە کێوی ئەم کوردستانەی ئەلەرانەوە
بە بوومەلەرزەی شۆڕشی شیعرو گرمەی هەناوی
ئەوبوو ڕۆژنامەی ژین و ژیانی خستە ناوەوە
بۆ گەشەی باخچەی وێژەو زمانی تەڕو پاراومان
جۆگەلەی ڕوون و گەشی هەڵئەگرت لەسەرچاوەوە
بۆ سەر گوڵزاری بێ باخەوانی سیس و ژاکاومان
ئەوبوو هەڵگری چرای ( زانستی ) بۆ کوردەواری



خوێن و ئارەقی ڕەنج و تەقەلای ئەکرد بە نەوتی
کەوتە شەڕ لەگەڵ سامی شەوگاری نەخوێندەواری
باخچەی زانستی زۆر گوڵی هیوای کرد بە دەسکەوتی
ئەوبوو هەڵبەستی ( مەولەوی ) خستە بەرگێکی نوێ وە
دەرگای ناسینی لەم مەڵبەندەوە لێ خستە سەرپشت
ئەو کزەو سۆزەی ئەهات لەقرچەی دڵی توێ توێ وە
لەسایەی دەمی پیرەمێردەوە کەوتە بەر گوێ ی گشت
ئەوبوو کە پەندی پێشینیانی کرد بەهۆنراوە
گیانی نەمری کرد بەبەر تەرمی باوك و باپیرا
دەریای ئەو پەندەی بەنووکی خامەی ئەو شڵەقاوە
تاچاوی خەیاڵ بڕ ئەکا شەپۆل ئەدا لەبیرا
پەندی پیرەمێرد ، وەك باخچەی شیعری سیس نابێ هەرگیز
ئەمڕۆ لەدوێنێ و بەیانی لەمڕۆ بۆنی خۆشترە
وەك بەهار وایە وەرزی هاوین و زستان و پاییز
ڕۆژ لەدوای ڕۆژو ساڵ لەدوای ساڵی بەرزو گەشترە
ئەوبوو کەناوی سەدان شاعیری ئەژیانەوە
لەو لەبیر چوانەی ون بوون لە گۆشەی فەرامۆشیا
سەر لەنوێ ژینی پێ بەخشینەوە بە ژیانەوە
وەك ڕۆژهەلاتن لە ئاسۆی دووری کردو کۆشیا
گڕو مەشخەڵی ئاگری ( نەورۆز ) لای گردی ( یارە )

بڵێسەی سۆزو هەستی دڵسۆزی ئەوبوو لەم ناوە
بەزم و ئاهەنگی چارەکە چەرخی نەورۆزی دیارە
وەك لوتکەی کێوی بڵندی کوردو پەیکەری ( کاوە )
ئەوبوو سوارچاکی مەیدانی چیرۆك نووسینی کوردی
وەك ( مەم و زین ) و ( دوانزە سوارەکەی مەریوانەکەی )
پاڵەوانێتی ئەم کوردەی ئەنوان بە بیری وردی
لەشانۆی ژینا ، سەربەستی : چرا ، کورد : پەروانەکەی
ئەوبوو سەربەستی ئافرەتی لەلا بەرزو بەڕێز بوو
زۆر بەتاسەبوو ئەمانە بێنە ریزی پیاوەوە
ئەو دەمەی گورزی دێوی شەوەزەنگ قورس و بەهێزبوو
وەك شێری بێشە ، نرکەی ( خاڵە )بوو کەوتە ناوەوە
ئەوبوو دیوانەی قەلەندەرخانەی دار عەسا بەدەست
کەوڵ و پۆست نشین ( وەك دەروێشەکەی گوڵی زرێبار )
دەرون پەرست بوو دوشمنی گیانی ڕەواڵەت پەرست
یەک ڕەنگ ، یەك ئایین ، لەفاك و فیکی هەلپەرست بێزار
جا بلیمەتێ سەرمایەی ژینی ئەم سامانە بێ
چۆن هەوری مردن خۆری ژیانی ئەشارێتەوە
یان قەومی کوردێ دایك و باوکی ئەم ڕۆڵانەبێ
چۆن بیرەوەری جگەرگۆشەی وای بیر ئەچێتەوە

**دڵێکی کۆست کەوتوو**

1970

لەڕۆژێکی بەهارانی خۆشەویستی ئەم بەهەشتە
کەوەك نەورۆز ، گوڵێکی سەرلقی ناو باخچەی سروشتە
چ گیانداروچ بێ گیانی کوردەواری ، هەرچی هەیە
کەیلی قاقای پێکەنین و بزەی لێوی ئەو ڕۆژەیە
چرۆی ساوا ، خونچەی ناسك والە گەرمەی گڕو گالا
بەدەم ، بەچاو ، بەگیان ، بەدڵ ، بەڕوی شنەی بای شەمالا

ئائەو کاتەی کەمن ئەڵێم ، تەنانەت پەلکەزێڕینە
چەماوەیەو کڕنوش ئەبا بۆ ئەو بەهارە ڕەنگینە
خوڕەی ئاوی ناو جوگەلەی باریکی دەم ڕوبارەکان
ئاوازێکی تەزوو بەخشە ، وەك جریوەی باڵدارەکان
هەرمێگەلی بزن و مەڕو کارژۆڵەو بەرخی قەد پاڵە
لەدەشت و کێوی لەوەڕا بۆ خۆی سەرگەرمی قە پاڵە
عەجەب جۆش و خرۆشێکی لێ ئەڕژێ شمشاڵی شوان
تەلیسمێکی بێ زمانی سروشتی‌یەو ڕوون و ڕەوان
لەشەرمی ئەوڕۆژە خۆشە ، بایەقووش و کوندە پەپوو
لێرەو لەوێ کەوتبوونە شوێن لاسایی بلبل هەموو
لەولاشەوە بەهەزاران چاوی گەشی نێرگسە جار
سەرنج ئەداو پێ ئەکەنێ لەبەر شۆخ و شەنگی بەهار
هەرچی کەکوێرەکانی‌یە چاوی ژیانەوەی گەشە
بۆ تەماشای دیمەنی ئەوهەموو جوانی‌یە هاوبەشە
ئەو بەهارەی مەبەستمە بەهاری ئاسایی نەبوو
بەزم و شایی و ڕەش بەڵەك و هەڵپەرکێ ی لاسایی نەبوو
شادمانی لەدەروونا ، وەکو کانی هەڵئەقولا
زۆر دڵی لەت لەتی خەفەت بۆ ڕۆژێکی وا ئەکولا
بۆ بەبادانی ئەو خەمەو دەربڕینی ئەو خۆشی یە
لەو بەهارە پاراوەدا سەیران و ئاهەنگ جۆشی یە

شە پۆلی منداڵ و مەزن ، بەهەزاران سەیران کەران
ڕۆحێکی تازە بابەتی بەخشی بوو بەگەشت و گەڕان
هەرچی کە پێ ی بڵێ ی دڕکی ناسۆری لەباخا نەبوو
لەبەر گزنگی ئەو خۆرە پەژارە لەناخا نەبوو
کەچی لە پڕ گوڵێکم دی بەدوو نێرگسی مەستەوە
بەلێوێکی بەبارەوە ، چەپکە گوڵی بەدەستەوە
بە بەرگ و ڕەنگ و شێوەیا ماتەمینی لێ ئەڕژا
بە پشکۆی کۆستێکی گران دیاربوو کە دڵی ئەبرژا
ئەو دڵەی کە چەپکە گوڵی دیاری یەکەی پێوە نووسابوو
ئەو دڵەی کەوا برینی نەهێنی تێوە ئالا بوو
بەناو شە پۆلی هەڵپەرکێ و پێکەنینی ئەم و ئەوا
بەرەو درەختێ تێ پەڕی ، وەکو بینینم لە خەوا
لەو سێبەری درەختدا ، لەسەر بەرزایی ئەو گڵە
بەکڕنوش و بەڕێزەوە دای ئەنا ئەو چەپکە گوڵە
لەسەر گۆڕی دەزگیرانە دڵدارە جوانە مەرگەکەی
لەسەر دەمی جێ برینی سنگی لاوە بەجەرگەکەی
وەك پێ ی بڵێ : لەم ڕۆژەدا بۆیە هاتم خۆشەویستم
گەرچی لەڕێ ی سەربەرزی ئەم کوردستانە بەجێت هێشتم
گەرچی یادی تۆی نەبەردو یادی هاوڕێ یانی وەك تۆ
لەسەر شانی هەموو کوردێ ئۆبالێکەو چۆتە ئەستۆ

بەلاّم ئاخ ئائەو سەیران و ئاهەنگ و بەزم و بەهارە
بەبێ تۆ گیانی شیرینم لەدڵما وەك ژەهری مارە
ئێوەن بەخوێنی گەش گوڵی ئازارو نەورۆز ئاو ئەدەن
گەوهەری یادگاری کورد بە بڵێسە زاخاو ئەدەن
بۆ خاکی تێراوی خوێن و تینووی نەورۆزی یەکجاری
بۆ کاروانی ڕێ ئاگری ئاسۆی ڕووناکی ڕزگاری

1971

### بەستەی جەنگاوەرێکی نەناسراو

هاتووم ، هاتووم
لەو ڕۆژەوە لەدایك بووم
هەست ناکەم شەکەت و ماندوم
مرۆڤێکم
کتێبی تەمەن درێژیم ،
بێ پێشەکی و سەرەتایە
لەو شەوەوە
کە کۆمەڵ لەسەر دنیایە
تارمایی منی هەر تیایە ،
دەریایەکم
شەپۆلم ، کەنارم ، ناخم
بێ سنوورەو لەبن نایە
درەختێکم
گەشەو ڕەونەقی سەوزاییم
کەی لە پێوانەی وەرزایە؟!
نەك هەر دیوی بەرچاو کەوتووم
سەوزی و بەرزی لەهەورایە
تەنانەت ڕەگ و ڕیشەشم
هەر لق و پۆپ و گەڵایە
لەگەرمەی گەڵاڕێزانا ،
گۆپکەو چرۆم لەجۆشایە
ڕێبوارێکم
بەسەر هەورازی تووترکا
هەڵئەگەڕێم

بـەڕێی کـاکـێشـانی دڕکـا
هـەنـگـاو ئـەنـێم
بـە ڕێـگـادا
گـۆمـاوی خـوێن بـەجێ دێڵم
لـەدنـیادا
بـەشـوێـن مـەبـەستێکـا وێڵم
چـەنـدان خـاوەنی تـاتـەشـۆر
بـەرۆکـیان ئـەگـرتم بەزۆر
گـۆڕ هـەڵکـەنـانی زەبروزەنگ
لێ یـان هـێنـامـە ژاروژەنگ
نـە خـاوەن گـۆڕ ، نـە تاتـەشۆر
تـوانی یـان مـن بنێنـە گۆڕ
هـاتووم ، هـاتووم
لـەو ڕۆژەوە ، لـەدایـك بووم
رووبـارێـکم ڕانـاوەستم
ڕا پێـچ ئـەکـەم بـەرهەڵستم
کـاروانێـکم

چـەتـەو جەردەهای جۆر بە جۆر
ڕێ یـان پـێ ئـەگـرتم بـەزۆر
گـوللـەیان ، وەك لێزمەی باران
بـەسـەر مـنـا دائـەبـاران
لـەسـەد لاوە زامـار ئـەبووم
لـەدەریـای خـوێـنـا دیـار ئەبووم
سەرو جەرگ و دڵ و سەرسنگ
سـەرانسـەر ئـەبوو بـە بێژنگ
کـەچی نـەك هـەر نـە ئـەمردم
بـەڵـکـو بـەنـاو
دۆزەخی گـوللـەدا ڕائەبووردم
کـە ئـەیـانـدیم ڕانـاوەستـم
جا ناتۆرەی جنۆکەیان شوێن ئەخستم
جـار جـار ئـەیـان کردم بە دێو
وەك شـێـت و هـار
یـان دڕنـدەی پـەروەردەی کێو
منیـان زیـنده بـەچـاڵ ئەکرد

لەئاگرا
منیان بە( كۆی زوخاڵ ) ئەكرد
بەو هەموو خاك و خۆڵەوە
چاڵم ئەگرت بەكۆڵەوە
وەك سەمەندەر
لە پشكۆ هێلانەم ئەكرد
لەمردنا
ژیانی خۆم بەسەر ئەبرد
بەو هەوێنی بڕوامەوە
بەخۆم و بە هیوامەوە
هەر نەمردم ، هەر مامەوە
نەتوامەوە
تا موعجیزەی بوونم سەپاند
ڕەنگ و ڕیشەی درەختەكەم
تابلۆی ژیانە سەختەكەم
بەدوا سەدەی بیستەم گەیاند
جا هەنگاوی بوون و خەبات
بەخوێنی ناو ڕەگی پشكۆ
نەبێ ، بەچی تر بەر ئەدات؟!
ئەگەر بەرەو ئەگەر سێبەر
ئەبێ ئەمڕۆ كە بێتە بەر
ئەبێ گرمەو ناڵەی هەوری —
بەهاری تێكۆشانەكەم

لەسەرانسەری دنیادا
دەنگێكی ئەوتۆ باتەوە
بەچەخماخەی هەڵسانەكەم
بوومەلەرزە بخاتەوە
كورد بەبۆنی گوڵی مەبەست
چاوی ئۆخەی ڕوون كاتەوە
بەخوێنی جوانەمەرگەكان
پەڵەی دیلی بشواتەوە
گرەو لەڕۆژگاری ڕەش
بباتەوە ، بباتەوە

## وێنە لە شیعری نازم حیکمەت

جوانترین دەریا ، ئەو دەریایەیە :
کە تاکو ئێستە مەلەی نەدیوە
جوانترین ساوا ، ئەو ساوایەیە :
لێوی گەورەیی پێ نەکەنیوە
خۆشترین ڕۆژمان ، ئەو ڕۆژەیە وا :
بەژینی ئێمە ڕانەچەنیوە
جوانترین ووشەش ، کەبە تۆی بڵێم :
ئەوەیە لەدەم هەڵنەوەریوە

## سروودی نەورۆز

1971

جەژنەکەم ، جەژنی نەورۆزە
لای کورد جەژنێکی پیرۆزە
پیرۆزە وەك گڕی خەبات
مزگێنی ڕووناکی ئەبات
نەورۆز کە ڕۆژی نوێ ی ناوە
یادگارێکە بۆ (( کاوە ))
نۆبەرەی ساڵە
لەم خاکە ئەڕۆی

گوڵ باخی ئاڵە
خونچەی ئە پشکوێ
بەستەڵەکی ستەم و زۆر
تووایەوە بەتیشکی خۆر
بەتیشکی خۆری ئاگرین
گڕی شۆڕش و ڕا پەڕین
دڵی سەهۆڵی ئەژدەهاك
تێکەڵ کرا بەخۆڵ و خاك
لافاوی شۆڕش
دڕك و داڵی برد
بە هەوری هێرش
نەورۆز گوڵی کرد
کرێوەی زستانی ستەم
یان وەیشومەو تۆفی سەردەم
سەهۆڵ بەندانی شاخ و داخ
هەناسەی ساردی ئاخ و داخ
نەما بە مەشخەڵی نەورۆز

جەژنی کوردی کاوەی دڵسۆز
تا ئاگر ماوە
نەورۆز ئەمێنێ
گوڵی گەشاوە
نەمری دێنێ

**ماموستا گیان**

بۆ بەڕێوبەری قوتا بخانەکەم لە چوارتا ،
ماموستا ( ع.و. نوری )

1971

لەژێر تەمی یادگارا
تەمی خەستی ڕۆژگارا
ئەو سەردەمەی من منداڵ بووم
چۆلەکەی بێ پەڕو باڵ بووم
بەهەزار حاڵ شێوەت ئەکەم
قەتماغەی زامێ لائەدەم
هەناسەیەك بەبا ئەدەم

سالآنی پێشووم ڕا ئەدەم
زام : تابلۆی سەخت و قووڵە
هەناسەی چی ؟ گەردە لوولە
کە خوشکی لەش هەڵ قرچاوم
گیانی ئەدا لەبەر چاوم
چۆن دایکی جگەر گڕگرتووم
بۆ فریشتەی لەدەس دەرچووم
خوشکی من و قوتابی تۆ
برژە برژی بوو بە پشکۆ
( کچان ) ی لەهەیوان ڕاکشاو
بە ئاستەمێ نووزە تیاماو
هاتی بۆلای ، مامۆستا گیان
ئەی مامۆستای دڵ میهرەبان
بەدەست و پەنجەی پیرۆزت
بە هەستی بەزەیی و سۆزت
دەرمانت دا لە زامەکەی
بۆت هێنا بڕوانامەکەی

بە چاوی وتی : بۆ چیمە ؟
هەرچی هیوای ژین بێ نیمە
زۆر دانیشتی بەلایەوە
وەك باوك دڵت دایەوە
ئیستەش یادی ئەو کسپەیە
لەناخا چەشنی کڵپەیە

## نامەی بەندی یەك

لە شیعری نازم حیکمەت

تاقانەکەم!
پێت وتم لەدوا نامەتا :
سەرم چەن ئازارم ئەدا
دڵم سەرسامە ، پێت وتم :
ئەگەر هاتوو تۆیان خنکان
تۆم لەدەس چوو
مەحاڵە بەبێ تۆ ژیان
ئەژیت
ئەی ژنە خۆشەویستەکەم !

هەرچی یەکم لێ ئەزانیت
نامێنێ ، ئەڕەوێتەوە
وەکوو ئەو دوو کەڵە ڕەشەی
لە هەوادا ئەچێتەوە
ئەژیت ئەی خوشکی دڵەکەم!
ئەی خاوەن قژی خورمایی!
چونکە لەچەرخی بیستەما
خەم و پەژارە بو مردوو
ساڵێ پتر تێ ناپەڕێ
***
مردن چی یە ؟ لاشەیەکە
لە کۆتایی پەتێکا ئەلەرێتەوە
ناتوانم خۆم بۆ ئەم مردنە ڕابێنم
بەلاَم ئەی خۆشەویستەکەم
بڕوا بکە
کەدوو دەستی تووکناوی جەللادەکان
پەت لەملی من توند ئەکەن

بەخۆڕایی
لەچاوی شینی نازما
بۆ تارمایی ترس ئەگەڕێن
لە پاشماوەی ڕووناکی یا
ڕووناکی دوا بەیانی یا
هاوڕێکانم لەبەر چاوە
تۆ ئەبینم
هیچ نابەمە ناو گۆڕەوە
خەمی ئەو سرودە نەبێ : ناتەواوە
***
ئەی ژنەکەم
ئەی ئەو کەسەی کەهی منی
ئەی دارسەروە دڵ نەرمەکەم
ئەی دوو چاوە شیرینتر لەهەنگوینەکەم
ئە پرسی چۆن ئەمەم نووسی؟
ئەیانەوێ فرمانی خنکانم بدەن
کاتی لێ پرسینەوەمە

چۆن ئەتوانن هەر بەوێنەی سەلکە تووریٚ
سەری مرۆڤی هەڵکەنن
نەم بیری وا با بە سەرتا جارێکی تر
ڕانەبووریٚ
هەموو ئەو شتانە ئێستا
دوور ئەبینم

***

ئەگەر ئێستە پارەت هەیە
پۆشاکی ژێرەوەم بەریٚ
باداری یەو لیٚم ناگەڕیٚ
هەرگیز بیرت نەچێتەوە
کەوا خێزانی بەندی یەك
بیری لە لای ئەو کۆمەڵە شتانە بیٚ
بەخۆشی ئەگەشێتەوە

## یادی ئاوابونێك

1971

ئەی چاوی یاد سەرنجێکی ئەوتۆم ئەویٚ
لە پاییزا بەهارێکی تیا دەرکەویٚ
بۆ گوڵزاریٚ بەدەروونی من مەبەستە
بەهەشتێکی دڵگیری وێژەو هەڵبەستە
باخچەیەکە لەجیٚ ی گوڵەباخ و شەوبۆ
چەپکە گوڵی جوانی و هونەری گرتەخۆ
نەورۆزێکە لە مەڵبەندی وێژەی کوردا
لە کوێستانی لاسایی‌دا سەری هەڵدا
بۆنی خۆشی نویٚ کەرەوەی هەمەچەشنە
شەماڵی هەڵبەستی تازەی خستە شنە
خوورەی پڕ لە ئاوازی نویٚ ی سەرچاوەکەی

گەشەو ورشەی دا بەباخچە ڕازاوەکەی
چاوی گێڕا بە ( بەهەشت و یادگارا ) !
بەڕۆژانی خۆشەویستی و بە شەوگارا
بەشەوانی گەشی وەك ڕۆژی ڕووناکا
بەڕۆژانی ڕەشی وەك شەوی خەمناکا
مل کەچ نەبوو بو پەرژینی چاو لێ کەری
تابتەنێ ، وەك تان و پۆ ، دەور و بەری
بەهەشتێ بوو ، پول بە پول ، فریشتەی جوانی
لەژێر سێبەری ئیلهاما بۆی ئەڕوانی
لەبەر ئاوێنەی شەونمی قەتیس ماوا
ئەدوا لەگەڵ پەری ی بەجوان ڕازاوا
ئەو جوانی یەی لەسەر لقی ئەم سرووشتە
تاکە گوڵێکی دەرکەوتووی ژووروی گشتە
ژێر سێبەری زۆر درەختی ئەو بەهەشتە
هەواری سەیران و گەشتە بۆ فریشتە

***

ئەی چاوی یاد بەسەرنجی سۆزو تاسە
وەك ناخی من ، فرمێسك و هونەر بناسە
ئەو فرمێسکەی پاییز ئەیگۆڕێ بە باران
بە ڕەهێڵەی گریەی ئاسمانی بەهاران
هۆن هۆن دڵۆپی فرمێسکی وەفاداری
لەچاوی ئەو هەڵبەستانەدا ئەبارێ
بە هەناسەی ئاگرینی گڕی شیوەن
زیاتر بڵێسەی ئەبەخشی بە بەهرەو فەن
گڕەو دووکەڵی هەناسەی جگەرسووتاو
فرمێسکی بێ بڕانەوەی ئەدا بەچاو
بە گریانی ووشك ئارەقی ڕەش و شین
باخچەی هونەر پەروەردە بو جوان و شیرین
لەسەر دەستی فریشتەی شیعری بەسۆزا
لە بەهاری بەهرەو هونەری پیرۆزا
لەگەڵ بلبل لەگەڵ دەروێشی شمشاڵ ژەن
پەری ی هەڵبەست کەوتە سکاڵای پڕ لەفەن

***

ئەی چاوی یاد بەسەرنجی بیرەوەری
ئەمەوێ پەی بە سرووشت و دەروون بەری
ئەو سروشتەی لە ئاوێنەی کوردستانا

چاو ئەبڵەقە لە ڕاست دیمەنی جوان جوانا
لە ووولاتی پەلکە زێڕینەی ئاسمانا
لەگەشتنامەی قەرەداخ و هەورامانا
بەوێنەی جوان و شیرینی ی خەیاڵاوی
نیگاری ئەوتۆی ئەکێشا ، تەلیسماوی
پەڕی هونەر ، وەك وێنەکێشی بەهرەدار
سروشتی ی هەڵبەستی ی جوانتر بوو لەبەهار
چوار وەرزە باخچەی دەروونی پڕبوو لەگوڵ
پاراوی کارێزی هەستی بە قوڵە قوڵ
تا ئەو دەمەی تیشکی چاوی کوژایەوە
خونچەو چرۆی هەڵبەستی ئەگەشایەوە
هەڵبەستی گەش بەتریفەی ئەو دەروونە
خوڕبوو : بە ئاوازی ئەو سەرچاوە ڕوونە
دڕك باخۆی بەداری داخا هەڵواسێ
پەڕی ئەو هەڵبەستانە پاییز ناناسێ
ئەی چاوی یاد! گەرمی ی سەرنجێکم ئەوێ
وەك ( لاوك و پەیام ) بڵێسەی سەرکەوێ
بۆ ئاگرێ : مەشخەڵ خۆشی بای بڕوایە

بۆ خەباتێ : ڕزگاری کوردی لەدوایە
بۆ ئامانجێ : تابلێ ی شیرین و بەرزە
ڕێ ی خەباتێ : کەوا پەرستنی فەرزە
بۆ لاوکێ : ئەرخەوانیە وەك ئاسۆ
بۆ پەیامێ : بۆتە خوێنی جەرگی پشکۆ
ورەو زاتێ : سەرچاوەی سەرسەختی کێوە
لەمەرگیشا بزەی نەبەزینی لێوە
بۆ هەنگاوێ : بەڕێگەی شەوگاری دوورا
ڕۆیی بۆ ڕووناکی بە ئاگری سوورا
بۆ ئارەقێ ڕژا بەسەر دڕك و داڵا
بەسەر زامی ژیانی ناسۆرو تاڵا
بۆ هەڵبەستێ ، هەوێنی گەرمەی شۆڕش بوو
بروسکەو گرمەی ناڵینی پێش هێرش بوو
بۆ بلبلێ : ون بووی دوا کۆچە نۆ ساڵە
بەستەی شیعری لە گوێچکەی چەرخا زولاڵە
هونەرمەدێ : تا هەڵبەست و نووسین مابێ
ئەستێرەی بەرزی لەتەما نقوم نابێ
بۆ ( گۆران )ێ کە تا ئەم دنیایە مابێ

## بۆ چلەی مەفتونی هاورێم

1973

ئەی پێنووسی دەستی وەفا و پێ زانین
هەڵبەستێکم ئەوێ رەش پۆش وەکوو شین
پرسە بگرێ بۆ کۆچی جوانەمەرگێك
رەنجەڕۆ بوو لەوچان و خۆشی ی ژین
بۆ مەفتوونی هاورێ ی دەمی قوتابیم
ئارەق رێژی تینووی فێربوونی چین چین
ئێستەش قاقای پێکەنینی ئەو دەمەی
لەگوێ ی منا دەنگ ئەداتەوە یەك بین
ئێستەش قسەی ساکار و بێ فێڵی ئەو
لەبەر چاوم نەخشە وەك باخچەی رەنگین
وەك بلبلێ وێڵی گوڵی خوێندن بوو
لە پاریس و لە لەندەن و لەبەرلین
لەرێ ی بەرزی کوردایەتی پیرۆزدا
بەشداری بوو لەریزی دەستەی پێشین
لە ئاگری خۆشی دە ساڵەی کوردا
پشکۆی گەش بوو بۆرێ ی خەباتی خوێنین
تا داخەکەم جەرگی کەوتە وشك بوون
چاوی لێك نا بە هەناسەی ئاگرین
بە هەزاران چەشنە هیوای دڵەوە
بە ناکامی ماڵ ئاوایی لێ کردین

## دیاری ی تۆیە

پێشکەشە بە ئاودێری جگەر گۆشەم

1974

دیاری ی تۆیە ئەی ( ئاودێر )ی باخچەی هیواکەم!
زەردەخەنەی لێوی خۆزگەم ، کۆرپە ساواکەم!
لۆمەم ئەکەن چۆن بوو بە تۆ شیعرم نەجۆشا ،
دەریای قووڵی خۆشەویستم ، ناخی نەخرۆشا ؟
بۆچ فریشتەی نوستووی شیعرم بێ راچەنین بوو؟
لەگەڵ یەکەم گریانی تۆ ، بێ پێکەنین بوو ؟
ئەزانی بۆ، بەرخۆلەکەم! خونچەم نە پشکووت
بەشنە بای فێنکی وەك شەماڵەکەی رووت؟:
شیعریش وەك تۆ ، مناڵێکە ، زادەی هەناوە
باڵدارێکەو لە هێلانەی ژانا خولقاوە
گەوهەرێکە ، بە ناو دەریای ئازارو دەردا
ئەبێ بچم ، تێر بگەڕێم ، تاکوو سەرهەڵدا
شیعریش وەك تۆ کۆرپەیەکە نازداروساوا
وەکوو پشکۆ گەش ئەنوێنێ لە تین و تاوا
شیعر لای من ، بزەی لێوی قاقای زامێکە
وەکوو نیشان لەسەر سنگی رێ و پەیامێکە
شیعریش ئەبێ وەك تۆو ژیان تینووی تاسەبێ
بەرلە هاتن خاوەن جووڵەو بای هەناسە بێ
جاکەواتە چۆن ئەمتوانی شیعرێ داڕێژم
دامرکێنێ گڕی تینووی مەبەست و چێژم
وەك بڵێسە جۆش نەسێنێ ئاگری هەستم
گەرم نابێ بۆ پێشوازیت کۆشی هەڵبەستم
جا ئەو سۆزەو هەڵبەستی وا بۆ گلێنەی چاو
چۆن دێتە دی بەسەرپێ یی هەروا لە ناکاو
خۆت ئەو شیعرەی لە دیوانی ژیانی منا
ئەو گەوهەرەی لەبن دەریای هەستی بێ بنا
تۆش بم بەخشە کەوا نەمویست لە سەرەتاوە
شیعرێ دانێم ، دڵ پێ ی بڵێ : هەڵپرووزاوە


www.pertwk.com

**بۆ هیوای خوشکەزام**

1974

لەدوورەوە کە هەواڵی جەرگبڕی تۆم بۆ هات
مەلی تاسەم هەڵفڕی بۆ ئاسمانێکی کش و مات
تالەوێوە ، بەشێنەیی ، شۆڕبێتەوە بەرەو خوار
ژێر درەختێ ، سەربنچکێ ، بۆ خۆی بکا بە هەوار
تابتوانێ ، تێر تێر بگری ، بۆ هیوای لەدەس چوومان
ڕۆڵەی شەرمن ، پەپوولەی وێڵ ، بەرخی لە چاو ون بوومان
بێنێتە پێش ، لەو دوورەوە ، شێوەکەی تۆ هیوا گیان
چۆن گوللەی وێڵ بەڕێ ی کردی بۆ سەر گردەکەی سەیوان
ورد بێتەوە لە ڕەوشت و لە تەمەن و بالاکەت
لەقەڵەم و لە دەفتەرو کتێبی ناو جانتاکەت
لەشەبەقی زامی لاچاو ، جل و بەرگی خوێناوی
هاوڕێ یانی قوتابخانەو وێنەی تازە گیراوی
لە شوێن و ڕێ و لە پێخەف و هەزاران هەڵس و کەوتت
بێ ژمارە یادگاری گڕ تێ بەربووی دواکەوتت
گوێ شل بکا بۆ شیوەنی گەرم و گوڕی ڕۆڵە ڕۆ
دایک و باوک و خوشک بەتۆ ڕەنج بابردووی ڕەنجەڕۆ
ئاخ کۆستی تۆ ، وەك گوللەکە ، چزا بەسەر دڵمانا
کولانەوەی زامی ناسۆر هەر ئەژی لە گەڵمانا

**لەشیعری شیللی**

**لە کوردی یەوە بۆ شیعری کوردی**

زۆر خێراتر لە راکردنی هاوین
زۆر خێراتر لە لاوی ی پڕ پێکەنین
زۆر تیژتر لە شادی ی شەوانی دێرین
هاتی و تێپەڕیت
پەرەسێلکەی هاوین ئەگەڕێتەوە
کوندەپەپووی شەو فەرمان ئەگرێتەوە
بەلاّم سۆنە کێویلەی هەرزەکاری
تاسە ئەکا لەگەڵ تۆدا بێتەوە
ناراستە وەك تۆ
هەموو رۆژمەیلی سبەینێ یەتی دڵ
خەو بۆتە ئازارو خەفەتی بەکوڵ
بە خۆڕایی زستانی ژیانەکەم
گەلاّی سەوز ئەخوازێ لەم چڵ و ئەو چڵ
سەوسەن بۆ سەر نوێنی بووکێنی چاکە
گوڵباخ هەر بۆ سەری کەییانوو تاکە



وەنەوشە بۆ جوانەمەرگی ناو خاکە
دەبا هەمیشە پانسیش گوڵی من بێ

هەڵی پچوڕکێنە لەسەر گۆڕەکەم
ئەوەی هەناسەی زیندویێتی تیا ئەدەم
بێ ئەوەی دڵۆپێ فرمێسك بەری کەم
مەهێڵە هاوڕێ یەك چەن خۆشەویست بێ
هیوام لە دەست با ، یان ترس دایگرێ

## رازێك و نیازێك

1974

شیرینەکەم!
ئەی ئارامەکەی گیانەکەم
ئەی ژینەکەم!
ئەی سەرمایەی ژیانەکەم
لەو رۆژەوە دوورم لە تۆ
زمانێکم کەوتووم لە گۆ
نە لەوەتەی لێت بڕاوم
بەوێنەی ئەو کەسەی بێنێ
هەردوو چاوی خۆی دەربێنێ
لەتاریکی ی ژانا ماوم
ئەی ژین! ژیانی من و تۆ
ئەمیان ئەگەر تانە ئەو پۆ
لە ژێر درەختی چەن ساڵە
ماڵی من و تۆ یەك ماڵە
شەو بوە تاکو بەیانی
گیان کردوویە پاسەوانی

بزەی سەر لێوی هەفتانە
بژیوێ بوو بۆ ئەم گیانە
سروەی شەماڵی پشکووتن
بەهاری ئەبەخشی بە من
بێ سێبەری تۆ بزانە
بلبلێکم بێ هێلانە
بێ خۆراك و دانەوێڵە
ئاسۆی هەڵفڕینم لێڵە
مەودام وێڵە
بەڵام ئاخۆ
هەروا ئەمێنین من و تۆ
هەروا دوورە پەرێزو دوور
منی بلبل ، تۆی گولی سوور
ئەی ئەو گوڵەی خۆم ئەزانم
چۆن شەتڵێ بووی ، کە ڕوانم
بۆ چ نیازو مەبەستێ
بەچ سۆزێ ، بە چ هەستێ
بۆ ئەوەی تا وەچەم مابێ

ژیانی لە پێناوا بێ
لەڕێ ی تۆدا خۆی بەخت کا
سەختی ی ڕێگای تۆ تەخت کا
تاکوو بەهیچ گەردەلوولێ
ڕەگ و ڕیشەی تۆ نەجوولێ
گەر بێ و پەڕەت هەڵوەرێنێ
بۆن و تۆوت هەر بمێنێ
تۆو لەنوێ شین ببێتەوە
شە پۆلی بۆنت بێتەوە
ئەوسا بێ شك : گوڵ و بلبل
وەك دڵدار دەست ئەنێنەوە مل
بە یەکتری شاد ئەبنەوە

وەك دوو دیل ئازاد ئەبنەوە
ئەی ژینەکەم!
ئەی ئارامەکەی گیانەکەم
شیرینەکەم



ئەی سەرمایەی ژیانەکەم

بۆچی نابێ

1975

نازدارەکەم
گەر نەختێ گوێ ڕاگری لێم

پێ ی لــێ ئـەنێم
خۆم خۆش ئەوێ
هەرگیزاو هەرگیز نامەوێ
مۆمی داگیرساوی ژینم
بــتوێتەوە
هیچ حەز ناکەم
پشکۆی خۆزگەو خەو بینینم
بــکوژێتەوە
خوا پەرست بم ، لەخوا زیاتر
خۆم خۆش ئەوێ
ئەگەر دنیا پەرستیش بم
زۆر زۆر لەم دنیایە زیاتر
خۆم خۆش ئەوێ
ئەزانی بۆ نازدارەکەم
ئەوەندە من خۆم خۆش ئەوێ
لەبەر تۆیە ، تۆم خۆش ئەوێ:
پەیکەری خۆشەویستی بم

بــۆچی نــابێ
تا ئەم دنیایە دنیا بێ
هــــەر بمێنم
هــــەر بمێنم
هــــەر بمێنم

**یادێکی 25 ساڵە**

1975

(1)

یــادگــارێ ، دەریـــای خــەمم ئــــەهەژێنێ
پــووره هــەنگی پـــەژارەم لێ ئــــــەوروژێنێ

هەرچەن ئەکەم لمی تینوی هەتاوی سوور
فرمێسکی چاوی ئەو یادە ناخواتەوە
هەرچەن ئەکەم ئیسفەنجی لەبیر چوونەوە
کفەی خوێنی بەربووی رەگی ناخواتەوە
لەوساتەوە ، ئەو یادە لەدایك بوە
لەناخما ، وەکوو خۆی ماوە زیندوە :

(2)

بیرەوەری ئەو بەندی یەی وەك بزماریٚ
سەرنجی بە بن میچەوە داچەقاوە
وەك هەژاریٚ
وەك هەزاریٚ
پلیشاوەی ژێر پیٚ ی کاروانی سزابوو
مرۆڤێکی ئەم خاکی کوردستانەبوو
تاوانەکەی؟ لەگەڵ براکەی دوانەبوو

(3)

ئەو برایەی خوێنی ستەمکارێکی ڕشت
گورگێکی بەرەڵاو هاری لەو شاخە کوشت
دادگای دڵنیا نەبوو ، بەدەست و برد
داوای تاقە بیست ساڵێکی تەمەنی کرد
لە ناو دۆزەخی ئازارو ژان و ئێشا
هەرچۆنیٚ بوو ، سیٚ چوار ساڵێکی راکێشا
تا بەبن باڵی دەرفەتا ، دەرچوو هەڵات
لەودیوەوە ، هەواڵی کۆچی دوایی هات

(4)

کە ئەو هەڵات ، یاساوڵ ئەمی ڕا پێچا
بە سەردڕکی یاسای خێڵ و خوارو خێچا
هەزار هاوار ، هاوار ، هاوار ، کە من ئەو نیم
ئێمە دوانەین لەیەك ئەچین ، رۆژم شەو نیم

وس بیٚ دەنگ بە ، تۆ هەرئەوی ، تۆ هەرئەوی
بۆ رائەکەی ؟ نازانی بەر دەست ئەکەوی
بارستایی چوار ساڵی کەش لەئەستۆتە
هاوڕیٚ ی رۆژو شەوتە ئەو زنجیرو کۆتە

(5)

تـا لـەو كـونجی زیـندانـە خـۆی بخواتـەوە
بـە فـرمێسـك چـڵكی سـتەم بـــشواتەوە

**لە ئەلبوومی هەڵبەستێكدا**
**شەش وێنە**
1976

یەكەم وێنە :

بەداخەوە
خەڵكی بۆیە كۆبوونەوە
تاكوو تەرمی ساڵی ئافرەت
بۆ سەیوانی كەمتەرخەمی و
گۆڕستانی بیر چوونەوە
بەڕێ بكەن
چۆن تێ ئەگەن؟
مافی خۆیانە تێ ی بگەن
بەڵام دەنگێ لە ناخەوە
شەپۆل ئەدا لە پەردەی گوێم
ئەڵێ : كلیلی گەنجینەی
هەموو ساڵێ بە دەست پیاوە
بۆ رووالەت
لە ساڵانی چەرخەكانا
تاقە ساڵێكی ناو ناوە
ساڵی ئافرەت

دووەم وێنە :

ئەگەر هاتوو
لە ناو باخچەی چڕی ژینا

لە بەر شنەی پێکەنینا
لە ژێر سایە درەختێکا
لە وەختێکا
گوڵی پشکووت
ناوی کچ بوو
هەناسەی گەرمی بێزاری
بڵێسەی ئاگری نەفرەت
پەڕەی ناسکی نەژاکان
ورد ورد لاسکی نە پڕووکان
گەر وانەبوو
ئەڵێم: ئافرەت
وەك مرۆڤی ، وەکوو پیاوێ
رۆژو مانگ و ساڵی ناوێ

سێیەم وێنە:

ئەگەر هاتوو
گوڵە باخێ
لەسەر لقی بەرزی جوانی
گەشایەوە
بەسروەی شەماڵی حەزو
خۆشەویستی لەرایەوە
بۆ بلبلی هەڵبژاردەی
لە ژێر سێبەری پەیکەری
دڵداری راستەقینەدا
چەمایەو
درکێ نەبوو
وەکوو درکەکەی مەم وزین
جەرگی ئاواتی هەڵدڕێ
بە گەشاوەیی هەڵوەرێ
گەر وانەبوو
ئەڵێم: ئافرەت
وەك مرۆڤێ ، وەکوو پیاوێ
رۆژو مانگ و ساڵ ناوێ

چوارەم وێنە:

ئەگەر هاتوو

جوانی تەنها بادەنەبوو
شەرابێکی سادە نەبوو
پیاو مەست بکا
وابزانێ
لەگەرمەی بەزم و شایی یا
لە لوتکەی بەرزی بایی یا
سەرچۆپی کێشی پارەیە
خۆی خاوەنی ئەو یارەیە
خۆی خواوەندی ئەویارەیە
وا هەست بکا
کە ئەتوانێ
لەکێڵگەی ئارەزوی پەستا
گوڵی هەستی پێ خوست بکا
گەر وانەبوو
ئەڵێم : ئافرەت
وەك مرۆڤی ، وەکوو پیاوێ
رۆژو مانگ و ساڵی ناوێ

پێنجەم وێنە :

گەر جریوەی ئەستێرەی رێز
لە ئاسمان هاتە سەر زەوی
ئەگەر هەوری بارانی سۆز
چاوی وشك نەکردەوە
گەر لە گۆشەی مرۆڤەوە
هێلانەی نازی ئەو رێزە
ناو گلێنەی هەردوو چاو بوو
نمە بارانی ئەو سۆزە
سەرناخی دەروونی پیاو بوو
ئەگەر گورگی —
بە ناو لە پێستی مرۆڤا
چاوی سووری کاڵ بوەوە
کەڵبەی تیژ ئاڵ بوەوە
لۆژ لۆژ بەرەو چاڵ بوەوە
ئەگەر وابوو
ئەڵێم : ئافرەت
وەك مرۆڤێ ، وەکوو پیاوێ


www.pertwk.com

رۆژو مانگ و ساڵی ناوێ

دوا وێنە :

ئەگەر ئافرەت
وەك باڵدارێ
ئەو باڵدارەی من ئەمەوێ
هەرگیزاو هەرگیز نەسرەوێ
توانی بە دوو کەڵی چرا
بفڕێ بفڕێ ، بۆ پێشەوە
وەك ماسی یەك
ئەو ماسی یەی من ئەمەوێ
بەجۆرێکی وا هەڵکەوێ
بروا بە ناو دەریای گڕا
بوونی بخاتە کێشەوە
بە دەستی خۆی
بە هەستی خۆی
وەك نەشتەرێ
چوو بە چاوی نەخۆشیا
بەگژ جەورو خوێن نۆش یا
وەك مرۆڤێ
توانی جێ ی خۆی بکاتەوە
توانی رێ ی خۆی بکاتەوە
توانی گرەو بباتەوە
دیارە ئافرەت
وەك مرۆڤێ ، وەکوو پیاوێ
رۆژو مانگ و ساڵی ناوێ

لەفارسی یەوە

پێ بکەنە بۆ ژیان

ئەی کۆرپەلە ساواکەم!
گوێم لێ بگرە ، بزە بتگرێ
پێ بکەنە ، پێکەنینێکی شیرین
پێم بڵێ ، ئەم خەم و ئازارانەت لە کوێوە هەڵقولاون
پاشماوەی فرمێسك لە چاوە جوانەکانت بسڕە
چونکە مۆتەکە رەشە نەفرەت لێ کراوەکە


www.pertwk.com

دێتە ماڵەکەمانەوەو لەنێوان هەنیسك و فرمێسکی تۆدا
خۆی حەشار ئەدات . بۆ ئەوەی لە نیوەشەوا بتفرێنیٚ
ئاخ .. خۆزگە ئەزانی ئەو مۆتەکە رەشە چەن دڵڕەقە
پیٚ بکەنە بەرووی هەرشتێکدا کە ئەتگرێنیٚ .
مایەی بەختەوەریم
پیٚ بکەنە ، پێکەنینێکی سەرکەوتوانە
بزە بتگریٚ
بەرووی تیشکی برایەتی و خۆشەویست و ئاواتی خۆشدا
ئەی کۆرپەلە خۆشەویستە گڕوگاڵ شیرینەکەم!
واز لەگریان بێنە
واز لە فرمێسك بێنە
پێکەنینت تروسکەی شەبەقی رووناکمانە
بزەبتگریٚ ، بزە بتگریٚ بۆ ژیان
بزەی شیرینت مەشخەڵی رێگا ،
رێگای خۆشی و شادی یە بۆ ناخی دڵمان

## پڕپیشکەکان

شیعری ( ئاراگون )ی
شاعیری گەورەی فەرەنسایە

( 1 )

واز لە سکالاٚ بێنە
هیچ شتێك لەوە زیاتر
مایەی گاڵتە پیٚ کردن نی یە
کە مرۆڤێك بکرووزێتەوە
ئەگەر نەگری

( 2 )

بڕوام پیٚ بکەن


www.pertwk.com

هیچ شتێك
بەقەدەر بیرکردنەوە
ژان کێش نی یە

(3)

هەرچەندە شیعر
کورت تر بێ
چاکتر بەناخی دەروونا
ڕۆ ئەچێت

(4)

با ئەم شاعیرە
شار بەدەرکەین
چونکە لەشارەکەدا
جێگای ئەم جۆرە
ژانە نابێتەوە

(5)

ئەسوورێمەوە
نووکی نێزە لەدەروونم چەقیوە
ئەسووڕێمەوە
شتێك لەخەیاڵمایە
ئەسوڕێمەوە
بەگوڵدانێکی گوڵی سیس و
ژاکاوەوە
بەچەند وێنەیەکی
بچووك کراوەوە
ئەسوڕێمەوە
بەجل و بەرگی کۆنەوە
ئەسوڕێمەوە
کوونێکی گەورە لەدڵمایە

(6)

هەموو شتێکمان بۆ ئەوانە
دروست کردووە کەوا ئەخنکێن

هەموو شتێك بۆ ئەوانەی
هەناسە بدەن
پەنجەرەمان بەسەر شەوا
بەرز کردۆتەوە
لەهەموو شوێنێك
داڵدەمان کردۆتەوە
ئێوەش ڕەگی سکاڵامان ببڕن
(7)
هەرگیز
هیچ شتێك
لەزەردەخەنە جوانتر نی یە
بالەسەر ڕوویەکی
شێواویش بێت
ئایا ناتانەوێ جوان بێت؟
(8)
ئەم هەنگاوە بریندارانە
دوورخەنەوە

(9)
چەن پێت ڕەوایە
چاو وەرگێڕی
لەو شتانەی خوێناوین
(10)

هەموو شتێك بەتەواوی
لەشوێنی خۆیایەتی؟
یان هیچ نەبێ وا ئەبێ؟
(11)
ئەی دەرۆزە کەر
دەستە ڕاکێشراوەکانت بشۆ
(12)
کێ ئەڵێ ی من ئازار ئەکێشم؟
ئەوانم لەبیر ئەچێتەوە؟
(13)
بێ دەنگ بوونت بەس نی یە

بەڵكوو پێویستە بزانی
شتێکی تر بڵێ یت
(14)
ئەو دەرختە ، بەنەفرەت کراوە
ئەگەر چاو شادو دڵخۆش نەکات
هەروەها شاعیریش مافی مانەوەی نی یە
ئەگەر گوڵ دەرنەکات
(15)
هیچ زامێك نی یە
ئەگەر کەمێك جوانی بکەین
دەمێکی لێ نەیەتە دی
هەروەها هاوارێك
نەتوانین بیگۆڕین
تاقانە تاوان:
ڕێك نەخستنی ئاوازەکانە
(16)
قسە بۆ ئەو کەسانە ئەکەم
کە ناتوانن بخەون
ئەوان بەتەنیا نین
مادام لەوان ئەچم
هەروەها قسەش بۆ ئەوانە ئەکەم
حەز ئەکەن بمرن
بۆچی ئەڵێن:
من خۆپەرستم
(17)
ژیان پڕە لە پڕیشك
بەلاّم لەگەڵ ئەوەشا
هەر ژیانە
(18)
جار جار جێ ی خۆیەتی
لەشەوا هاوارکەین
(19)
جارێکی تر چاوی مندالّە مردووەکان
نایەڵێ لەمرۆ بەدواوە

**ئاوێنە ببینێ**

(20)

**ئایا ئەزانی؟**

**وشەی شەرمەزاری چی یە**

(21)

**هەوڵ بەن**

**ئەم وشەیەی لە خە نجەر ئەچێ**

**ئاوێتەی بەیتی شیعرێکی فەرەنسی بێت**

**منیش وتم**

1977

**پێ یان وتم: بخۆرەوە ، بخۆرەوە ، بخۆرەوە**

**ژەنگ وژاری دەروونەکەت بشۆرەوە**

**هەتا ئەتوانی بەبادە**

**خەرمانی خەفەت بەبادە**

**وەك ئەوانەی هاوزامی تۆن**

**سارێژبە بەشەرابی کۆن**

**هەرچی خەم و خەفەت هەیە**

**لەشکر بێ شکستەی مەیە**

**هەرچی هەوری رەش و تاڵە**

**پەرتی دەس شەرابی ئاڵە**

هەرچی کەوا گەردەلوول و ڕەشەبایە
گێژەڵووکەی ئەمسەرەوسەری دنیایە
لەدەست تەلیسمی بادەدا
وژەی نایە
دەنگی نایە
کەواتە تۆش بخۆرەوە ، بخۆرەوە ، بخۆڕەوە
منیش وتم: ناخۆمەوە ، ناخۆمەوە ، ناخۆمەوە
ئەوانەی کە دەخۆنەوە
تا خۆیان بیربچێتەوە
تا خەمیان بیربچێتەوە
لاوازن هەر لەکۆنەوە
حەز لەهەست و ژیری ناکەن
لەچەشنە بادەیەك ناگەن
کە چۆن لە پیاڵەی ژیری یا
یەك بینە خۆم ئەخۆمەوە
تا ماوم خۆم ئەخۆمەوە

**لە پاڵ کێڵێکدا**

1977یەکەم :

سەمەندەرێ
ڕۆژێ بەقەقنەسێ گەیی
وتی: وەرە با من و تۆ
بەزمانی وەك ژیلەمۆ
چیرۆکی ئاگراومان
بنووسینەوە بە پشکۆ
لەکۆنەوە
لەمەڵبەندی هەزاران کات و شوێنەوە
وتوویانەو دەیڵێنەوە:
کە سەمەندەر
وەك خدرو ئاوی ژیان


www.pertwk.com

هـــەڵقولاّوی ئـەفـــسانەیــــــە
پـەلـــەوەری بـــێ لانـــــەیـــــە
مـەلـــێکی بـــێ هـــــێلانـــەیە
وەك چـــــۆن مـــاسی هــەر لــە ئاوا
تــــوێشەبــــــەرەی ژیــانی دە پێچێتەوە
ئـــــەم تـــــــەواو پێچـــەوانـەی ئەو
بە ڕۆژو شــەو
بـــــۆی بـگـــەڕێـن
لــــە شـــــە پۆلی گـــــڕی ســـوورا
دەی دۆزنــــەوەو
بـەسـەرهـاتی دڵـداری لـەگـەڵ ئــــاگرا
وەك چـــە پـــکـــە گـــوڵ
وەك شیعر دەهــۆنێتــەوە
تــەنها لــــەهێلانـەی پشكۆی گـەشاوەدا
دەبـــێ و دەژی و دەزێ و دەمــــــــرێ
ئـــــــەم بــــــوون و ژیـن و زاییـنە
بـڵێسە نامەی ئـــایـــینە

هـــەمــــووی بــــەســـەرهـــاتی منە
كـــەلــە زۆر ســـەرنجــــا ونـــــە
دڵـــداری ی بــــڵێســـەی ئـــــــاگر
گـــەرمـــــایی و روونـــــاكـــی پێ یە
خــــۆڵـــەمێشی سەر هـــــەڵـــگرتووی
تـــەریـــوەی سەر پـــشكـــــۆی ئاگر
دەیـــزانم و چـــاوم لێ یە
ســــووتــــووی گـــــۆرســـــــتانی كێ یە

دووەم دەنگ:

ئــــــەی قــــەقــنەسی وێــرانە مـــــــاڵ
دەزانـــی چـــۆن بـــەگـــڕی بــــــــاڵ
بـــــەگـــڕی بـــاڵــــەكـــانی خــــۆم
وەكـــــوو مـــەشـــخـــەڵێكی فــــــڕیو
دەســــــووتێـــــم و دەنـــــــیشمـەوەو
دەبــمـــە زووخـــــاڵ
دەزانی چــۆن لــەبەر ژان و داخـــی نەوی
لــەتاوی كـــــزەو نـــــــــاسۆری

تاوانەکانی سەر زەوی
لەخۆشی ی بەرزبوونەوەو
فرینی بێ گەڕانەوە
بەدەریای وشکی ئاسمانا
جووتە باڵ دەمخاتە مەلە
دڕ بە تاوانەکان ئەدەم
دڕ بە سەر لوتکەکان ئەدەم
دڕ بە باڵدارەکان ئەدەم
دڕ بە ئەستێرەکان ئەدەم
تا بە ئاگری فجووقو
فڕینە سەرەو ژوورەکەم
گڕێکی دۆزەخ ئاسایی
لە دەروونی خۆم بەر ئەدەم
تا لە قەقنەسی سوتاوا
چاو هەڵدەهێنێ بەچکەکەم

سێیەم دەنگ :

کە شەو داهات
پەروانەیەك لە دوورەوە
ڕووی کردە هاو سۆزەکانی
بە خۆیو گڕی سورەوە
وتی : منیش وەکو ئێوە
لەشەوگاری شەوەزەنگا
لەوەتەی هەم
بەتاریکی پەژارەو خەم
گڕو ڕووناکی پەرستم
تەنها گڕە خۆشەویستم
من ( دێوانە )بم ئەو ( شەم )ە
من ( خاتوو زین )بم ، ئەو ( مەم )ە
بۆیە هەرکە تاریکی هات
خۆم ئەسووتێنم کش و مات
بۆیە کە ڕووناکی دەرکەوت
ئەبینی پەروانە دەرکەوت
خۆم بەدەوری سەری ئەوا

زۆر زۆر ئەگێڕم لەشەوا
پەروانەم و خاوەنی ڕێ
دڵدارێکی گڕ گرتووم و
بەبێ ئەوەی لە پاڵ کزەو قرچەکەما
تۆزقاڵێ دەنگم لێوە بێ

دەنگی دوایی :

لایانەوە ، بەردە کێڵێ
بەم وشانە هاتە زمان :
سەرگوزشتەی سەمەندەرو
قەقنەس هەمووی ئەفسانەیە
کەی هونەری جوانەمەرگی و
گڕ پەرستی بۆ بێ هەست و
گیانێکی وەك پەروانەیە
ئەو بەهرەیە
بۆ مرۆڤی راکشاوی ئەو خاکەیە
وەك چەخماخەی هەوری ژان گرتووی بارانێ
رووناکی خستە ناوەوە
وەك تریفەی مانگەشەوی دەمەو بەهار
شەپۆل ، شەپۆل ، تیشکی ئاسۆی ئەرخەوانی
پرشنگی رشتە گلێنەی
چاوەکانی چەوساوەوە

**بەستەیەك بۆ هەژاری**

شیعری پاپلیۆ نیرۆدایە

ئەی هەژاری
لەوکاتەوە لەدایك بووم
بە دوامەوەی
لەکلۆری درەختەوە
زستانی ساردو سەختەوە
چاوی زەقت تێ بڕیوم
لە کەلەبەرو کونەوە
هەموو شەوێ
تەق تەقی کلیل و کڵۆم
ناوەکەی تۆ ئەهێنێ بۆم
لەگەڵ نیشان و رەگەزتا
دیمەنی خوێدانی شکاو

جل و بەرگی کۆن و دڕاو
شڕی ی پێڵاو

سڵ کردنی پێ بەخشیووم
هەر لە پارێزی منا بووی
بەکەڵبە تێر نەخۆرەکەت
بەچاوانی برسیتەوە
دەمی خۆڵەمێشیتەوە
جل ئەدڕێنی
دار ئەشکێنی
ئێسقان و خوێن ئەپروێنی
لێرەو لەوێ بە دوامەوە
وەکوو سێبەر
لە کۆڵان و شەقامەوە
لەو کاتەوە لەدایك بووم
لەژوورە بچکۆلەکەمدا
لە گوزەردا

تۆم ئەدی چیچکەت کردوە
چاوەڕێم بووی
کە پەردەی تەختەی نووستوم
لە ئوتێلێکدا لائەدا
لە ڕۆژانی گەنجێتی ما
لە جێی بۆن و بەرامبەری گوڵ
فیشکەی دەمی سڕت بوە
ئەی هەژاری!
شوێنم کەوتی
لە سەکەنەو خەستەخانە
لە سەردەمی ئاشتی و شەڕا
هەر کەمن نەخۆش ئەکەوتم
تەق تەق لە دەرگایان ئەدام
بەڵام ئەوەی ئەهاتە لام
پزیشکی دەردەکەم نەبوو
بەڵکوو تۆ بووی ئەی هەژاری
کە ئەهاتیتەوە بۆ لام

شتەکانت فڕێ ئەدام
بۆ چەقی ڕێگاو بانەکان
کە پیاوەکان
پێیان ئەکرد بەردە باران
تۆشم ئەدی چەن دەست و برد
بەو پەڕی رق و قینەوە
لەشتی فەرامۆش کراو
لەچەقی رێ و بەربارانا
تەختێکی ڕزیوت ئەکرد
سەرپەرشتیت ئەکرد ورد ورد
سەرپەشتی هەژارەکان
ئەمدی کەچۆن دەفری دوایی
ئەکەی بە تاجی پاشایی
ئێستاش ئەمە تامنم من
ئەی هەژاری!
کە پیشەمە شوێن تۆکەوتن
تۆ دڵڕەق بووی

بۆیە منیش وا دڵڕەقم
ئەمبینی گۆرانی ئەڵێم
لەگەڵ هەموو هەژارێکا
تۆ گۆرانی من ئەبیسی
لەژێر پەردەی گشت تەختێکا
لەخەستەخانەی ستەما
گۆرانی یەکەی من ئەبیسی
ئەی هەژاری!
تاکوو مابم
هیچ دەس بەرداری تۆ نابم
لەچوار لاوە ڕاوت ئەکەم
ئابڵووقەی مردنت ئەدەم
ئەتکەم بە نیشانی تیرم
ئەتکەم بەدیل و یەخسیرم
نینۆکەکانت ئەشکێنم
کەڵبەت یەك یەك دەرئەهێنم
لەناو دەریای راوکارانا


www.pertwk.com

لەگشت شوێنێ
لەقوڵایی کانەکانا
لەهەرجێ یە
پیاوی لێ یە
کەوا ئارەقی ڕەش و شین
لەناو چاوان ئەسڕنەوە
شیعری منەو ئەیڵێنەوە
دەستی سپی و دیارین ئێمە
هەموو ڕۆژێ
لەگەڵ کرێکاری چنین
نان ئەبەخشین
بەگشت نانەواخانەکان
ئەی هەژاری!
تۆ لەکوێ بی
گۆرانیم بەرز ئەبێتەوە
ژیانی من ئەژێتەوە
خوێنەکەم بەقوڵپی خەبات

ئاڵای زەردی تۆ لائەبات
شاعیری کۆنی رابردوو
تۆی زۆر بەلاوە پیرۆزبوو
نەمر بووی ، تۆی لەلا ، چاك بوو
دووکەڵی لەلا خۆراك بوو
تاکوو سەردەمیان بەسەرچوو
بەڵام وامن
بەئاگری شیعرووتن
تەخت و بەختت ئەسوتێنم
لە پا پۆڕێکت ئەخزێنم
من و ئەوانەی وەك منن
زۆر داخ لەدڵ و دوژمنن
بەدەردێکی ئەوتۆت ئەبەین
وەها شار بەدەرت ئەکەین
لەم ئەرزە جێت نەبێتەوە
فڕێت ئەدەینە مانگەوە
تالەوێوە


www.pertwk.com

وەك بەندی یەكی ساردوسڕ
سەرنج دەی بە چاوێكەوە
بۆ ئەو نان و هێشوانەی
دنیای سبەی ئەگرنەوە

**ئەی ئەسپەكەم پەلە بكە ... پەلە**

پارچە شیعرێكی ( رەسوڵ هەمزاتۆف )ە

ڕۆژێ سێ ئافرەت بەرێ یان كردم
یەكەمیان پشتی دا بەدیوارەكەوەو
بێ ئەوەی سەر داخا وتی :
ئەگەر تۆ منت لەبیر بچێتەوە ناگریم
دوەمیان لەبەر دەرگای ماڵەكە وەستاو
كونەیەكی پڕی پێ بوو
گوێم لێ بوو وتی :
بگەڕێرەوە بۆلام ، هیچ دوا مەكەوە
سێ یەمیان : هەناسەیەكی هەڵكێشاو هیچی نەوت .
هەركە لەشاخەكە پێچم كردەوە
ئەو شاخەی پارچە هەورێكی ئەرخەوانی دای پۆشیبو
یەكەمم بیرچووەوە
لە پێچەكەی ترا ، بەدەروونێكی ئاسوودەوە
دوەمیشم بیرچووەوە
فڕیم ، سەدان رێگام كوتایەوە
لەگەڵ رۆژگارا هاتم و چووم
كەچی لەگەڵ ئەوەشدا نەمتوانی
سێ یەمیانم لەبیرچێتەوە
كەماچم كردبوو
گەڕامەوە بۆ لوتكەكە
یەكەمی نەگریسم دی لەسەر سەربانەكە
چاوەڕێ یە
دووەمی ساویلكەش هاتە دەرەوەو
بەكۆنە كونەكەیەوە
هات بە پیرمەوە
كەچی سێ یەم نەهات بۆ پێشوازیم
لەگەڵ ئەوەشا هەتا دنیا دنیایە


www.pertwk.com

ناتوانم لەبیرم بچێتەوە
شەوانیش هەر خەو بەو سێ یەمەوە ئەبینم
کەماچم کردوە

وێنە لە شیعری بابلۆ نیرۆدا

-1

کۆتایی جەژن

من بابلۆم
تائێستا نەگۆڕاوم
خۆشەویستم هەیە ، گومانیشم پێ یە
قەرزاریشم
لەدەریایەکی فراوانام لەگەڵ فەرمانبەرانا
کەشە پۆل دوای شە پۆل ئەیبزوێنن
لە ئاڵ و گۆڕام
سەر لە گەلانی وائەدەم هێشتا لەدایك نەبوون
دێم و ئەچم بەناو دەریاو ولاّتانا
من زمانی دڕك و داڵ و
دانی تیژی ژەهرو
لەرزەی ئاوو هەواو
خوێنی رێکەوت و

شەوگاری درێژی حووت ئەزانم
چونکە لەزەمینێکەوە
ئەچم بۆ زەمینێکی تر
تاقگەی چەندان چەمی گەورەو
هەورازی ئەوتۆم بڕیوە
کە یەکجار ستەمە
هەمیشە ئەگەڕامەوە بەبێ
دڵنیایی و مل کەچی
ئەتوانم چی بڵێم؟
ئەگەر ڕەگ و ڕیشەکانم نەبونایە

-2

من بۆ گەل ئەنوسم
هەرچەندە بە چاوە ماندوەکانی ناتوانێ

شیعرەکانم بخوێنێتەوە
بەلاّم ئەو کاتە دێت کە دێڕێك
بگاتە گوێ ی ، گێژەلووکەیەك
بوومەلەرزە بخاتە ژیانمەوە
ئەوسا جوتیاری چاك چاو هەڵ ئەبڕێ
کرێکار بە زەردەخەنەوە بەرد لەت ئەکات
پاچ وەشێن ناوچەوان بەرز ئەکاتەوە
ماسی گر تۆڕ هەڵ ئەدا بۆ ئەو ماسیەی دەستی ئەسوتێنێ
فیتەر بەبۆن و بەرامەی سابوونەوە لە شیعرەکانم
وورد ئەبێتەوە
ڕەنگە هەموویان بڵێن :
هاوڕێ ی ئێمە بوو
من ئەوەم بەسە
ئەوە ئەو تاجەیە ئارەزووی ئەکەم
لەهەواو
لەمرۆڤی کەرامەت برینداردا
بتوێتەوە



– ئەم پارچە شیعرە لەزیندانە بەسامەکەی ماکرونیزۆس شاعیری تێکۆشەری یۆنان ( متلاوس لاومس ) نوسیویەو بەشێوەی نامەیەك بە نەهێنی ناردویەتی بۆ یەکێك لە بەندیخانەکانی تورکیا بۆ ( نازم حیکمەت ) کە ئەو دەمە لە زیندانە تاریکەکەی ئەستەمووڵدا بوە .. لەوەلاّمی شیعرێکی کەبەو شێوە نەهێنییە بۆی ناردوە –

هاوڕێم نازم
بیستم دوێنێ
داخت بۆ یۆنا نمان ئەخوارد
دوێنێ ، شەو بوو
کاتێکی تا بڵێ ی تاڵ بوو
داخەکەی تۆ
خۆی کێشا بەسەر سنگمانا
تا ئەو کاتەی کەوا خۆمان
پێچابووە زامەکانمان
پەڕۆمان لەسەر لائەبرد
گوێمان ئەگرت

نالەی تۆبوو لەزیندانا
لەزیندانی ئەستەموولا
کەوا ئەتدا بەگوێمانا
بەگوێ ی هەموو
زیندانەکانی جیهانا
ئێستە نازم
من ئەتوانم بەتۆ بڵێم
چەرمی چۆلەکەیە کەجێم
ئێستە نازم
کە چین چین ئارەق ئەڕێژم
ژەنگی پێوەندم ئەچێژم
من ئەتوانم بەتۆ بڵێم
لەم سەر ئاسنی مەچەکەم
هەست بەدەستەکەی تۆ ئەکەم
هەست ئەکەم وای لە گیا نما
لەقولآیی زیندا نما
لەناکاوا

لە کۆتایی عومری شەوا
نامەکەت بۆ ئێرە فڕی
وەك باڵدارێك
لە پڕ لەقەفەز دەرپەڕی
وەکوو دەستێك
لەشە پۆل سەری هەڵ بڕی
بڕگە بڕگە ، بەترس و لەرز
خوێندمانەوە
لەبەر تریفەی مانگە شەو
ئەم بوو سوێندی ئەخوارد
بۆ ئەو
کە مۆرەکەی ( ماکرونیزوس )
لەسەر کراسەکەت بچنین
ناوەکەی تۆ ، وەکوو یەکێك
لەجوانەمەرگانی بڕواو
هاوڕێ یانی خۆمان بێنین
ئێمە لێرەدا گیراوین

بێ بن میچ و بەرەڵڵایە
پیس و بۆگەن
تاریکی یەو دەوری داوە
لەچوار لاوە
ئەوەی کە ئەجووڵێتەوە
بڕ بڕە پشتی وەستاوە
چۆن شیعرەکەت
توانی ڕێ ی خۆی بکاتەوە
لە پیاو کوژۆ
ڕەشەبای سەخت بەو لاوەهیچ شتی تر
ڕێ ی ناکەوێتە ئەم ناوە
چۆن شیعرەکەت
بۆی کرا مل بنێ واوە
ئەوەی ئەمڕۆ
لە وڵاتەکەم رووی داوە
ئەی هاوڕێ کەم
لەهیچ شوێنی ئەم دنیایە

لەوە پێش وا رووی نەداوە
نەئەکرێ بیگێڕینەوە
نەئەکرێ بینووسینەوە
تەنیا ئەوەی بە تۆی ئەڵێم :
مناڵەکان
ئەوانەی کەسەدان ساڵە
تەنیا بۆ خۆیان گریاون
کەچی ئەمڕۆ لە ناو لانك
ئەگرین بۆ ئازاری باوك
ویستم ئەمە بەتۆ بڵێم
کەچی تەنانەت مۆمەکەم
سەری خەمی لار کردەوەو
دایە پڕمەی گریانی خەست
ئێستا کە شەوێکی خۆشە
سبەی شەبەق ئەبێتەوە
بەیانی زوو ، لێرەو لەوێ
خۆر دەردەکەوێ

پێوەندمان لە پێ بێتەوە
بەسواری پا پۆری شادی
بە ئازادی
دێم هەتاکوو تۆ ببینم
دانامێنم
دەستە سڕ را ئەوەشێنم
تۆش دێ ی بۆ بەخێر هاتنم
ئەوسا بە وێنەی دووبرا
باوەش ئەکەین بە یەکترا
وێڵ ئەبین لەم سەر دنیایە
وەك تازە لەدایك بین وایە
هاوڕێ نازم
ئەگەر دایکەکەی تۆ مابێ
بەماچی دەستی ئەنازم
برات مابێ
داوا ئەکەم
ناوەکەی تۆم پێ ببەخشێ

کوڕت هەبێ
دەستی ئەنێمە ناودەستی
کچە بچکۆلەکەمەوە
ئەگەر بێتو کەست نەبێ
هەرکەس
ئەوا منالە تورکەکان
دایکە بێ دەرەتانەکان
لەسەر تە پۆلکەو گردەکان
لە پشت پە نجەرەی کۆگاکان
لەسەرمان وشك هەلاتوون
من و تۆ دوو بە دوو ئەچین
لەگەڵ دایك و منالانی
ولاتی یۆنانی خۆمان
ئەیان بینین
جا پێکەوە
سوێندی رق و قینی نەسرەوت
ئەخۆین : هەرگیز پێ نەکەنین

تا هەموومان پێ ئەکەنین
گۆرانی ئەڵێین ، تادوایی
بەفرمێسکی جیهان دێنین
ئێستەش ئەی هاوڕێ بم بەخشە
وەردیانەکەم لێ نزیکە
مۆمەکەیشم ئەوا کز کز
لەگەڵ مردنا خەریکە

## مرۆڤ .. نەورۆز .. هیوا

مانگی مارتی 1978

کە ئاسمانەکەی تەڤیانووس
هەوری رەشی کردە بەری
جریوەی ئەستێرەی بڕی
ئەنگوستە چاو
بەرەهێڵەو لێزمەی خوڕی
سەر بە کڵاو
لەجێی باران
مەرگ و خوێن وشەوی باران
نەبە نیوەڕۆ خۆر دیاربوو
نە شەو ئەستێرە بێداربوو
نە هاژەی تاڤگەو رووباربوو
نە دەنگی زەنگی کاروان و
نە ترپەی پێی ڕێی ڕێبواربوو
هەرچی هەبوو هەر ستەم بوو

هەر تەم و خەم هەر ماتەم بوو
هەرچی هەبوو ، هەرچی نەبوو
بۆ کرنووش و مل کەچی بوو
بۆ تەقیانووسێ کە چاوی
کە هەناوی
کە گیانی ، کە چارەی ، زاری
هەر بروسکەو
گرمە گرمی لێ ئەباریێ:
کەس نابینم خۆم ئەبینم
خوای ئاسمان و سەرزەمینم
هەموو هەستن
نوێژی کرنووش بردنم بۆ داببەستن
بم پەرستن
ئەوی ئێوە ئەتانەوێ
من نامەوێ
بەلاّم هەموو ئەو شتانەی
من ئەمەوێ

ئەبێ ئێوەش بتانەوێ
لە وەرزی بەهاری منا
بۆ ئێوەی بە کۆیلە خولّقاو
لافاوی فرمێسك هەیە
درکی خەم و ئێسك هەیە
لەو شەوگارە تاریکەشا
حەوت ئەستێرەی جریوەدار
دەرکەوتن ، درەوشانەوە
وەك چەن گولێکی شانازی ی
ئینجانەی نەورۆزو بەهار
بە بای باوەڕ گەشانەوە
تالەبەر لافاوی رەشا
لە ئەشکەوتێ گیرسانەوە
بەدەم خەیالّ و ئەندێشەو
خەوی مان و نەمانەوە
بەگل و پێچ و ژانەوە
نووستن و هەلّ نەستانەوە

ئەمە  پێرێ
بەلآم دوێنێ لە زرێیار
لەولآتی بەفرو کەژو
نێرگسە جار
یەکێکی کەی وەك تەقیانووس
وەك ئەهریمەن ، وەك ئەژدەهاك
بەسەر دەریای ئارەزووا
پردی بۆ خۆی هەڵبەست لە لاك
لە گۆمی فرمێسکی چاوا
چاوی کەساس و داماوا
مەلەی ئەکرد
تا ئەوەندە ئارەق و خوێن
فرمێسکی گەرمی بەرد توێن
ئارەوا رژایە زەوی
ئاو سەری کرد زەمین نەوی
تەخت و بەختی شای ئارەزوو
بەشارەوە هەمووی رۆچوو
بوو بەگۆلی زرێیارێ
شوێن هەوارێ
سەهۆڵ و چلوورەو شەختەو
بەستەڵەکی لێ ئەبارێ
هەتاکوو ببێتە نێزە
بۆ چاوی هەموو زۆرداری

ئەوە پێرێ
ئەمە دوێنێ
بەلآم ئەمڕۆ

ئەژدەهاکەکانی سەردەم!
هەموو هەورەکانی مێژوو
کۆبوونەوە
هەموو زام و
برینەکانی ڕابردوو
هەرچی کۆن و نوێیە هەموو
بەناسۆری ی راست بوونەوە

لەزۆر لاوە
رەهێڵەی باران و لافاو
جێ پێ ی ستەم ئەشواتەوە
لەزۆر لاوە
هەوری ژان خۆی ئەخواتەوە
بۆ دەمێ تەوژمی بەتاو
تامەزرۆیەو
تینوە بۆ ماچی هەتاو
تا نەورۆزی راستەقینە
بۆ مرۆڤی راستەقینە
وەکوو خۆرێ لە ئاسۆوە
پرشنگ ببەخشێ بەهیوای
رەنگاو رەنگی
هەزاران پەلکەزێڕینە

بۆ چوار هونەرمەندە بچکۆلە جوانەمەرگەکان

## چوار دڵۆپی قەتیس ماو

ئابی 1978

( 1 )

منداڵەکان!
ئەی باڵدارە بێ باڵەکان
هەبوو ، نەبوو
رۆژگارێ بوو
بەهارێ بوو
دەشت و دەری ڕازاوە بوو
گوڵەباخی گەشاوە بوو
دەمێ ئاونگ ، دەمێ باران
سەوزایی و فەڕیان ئەباران
بەدڵی سەیران و گەشتا
کوردستانی وەك بەهەشتا
هەر چرۆ بوو
چاوی نازی هەڵ ئەهێنا
هەر گۆپکە بوو

هەر خونچە بوو
بزەی لێوی بەشنە بوو
خۆشی ی سروشت پرشنگدار بوو
هەر خوڕەی چەم و رووبار بوو
کارێزو کانی و سەرچاوە
یەك بە یەك تەقیوی ئاوە
هاژەی تاڤگە بۆ ئەوە بوو
بڵێ : بەهاری وا هەبوو

( 2 )

منداڵەکان!
جگەرگۆشە هەڤاڵەکان
هەبوو ، نەبوو
بەهارێ بوو
لەشارێ بوو
بەهار هەر ئەم بەهارە بوو
شارەکەش هەر ئەم شارە بوو
ئەو شارەی لەبنیاتەوە
دڵگیرە بە خەباتەوە
ئەو شارەی لە بابانەوە
شیرینە بە زۆرانەوە .
بە نەبەزین و جەرگەوە
کاروانی جوانەمەگەوە
ئەوەی کە پێ ی رازاوەیە
باخچەی هونەرو بەهرەیە
شارەکەمان ئەو شارەیە
گۆشی ئەو دارو بارەیە
بۆ سەربەرزی ی مرۆڤی کورد
بەخت ئەکا درشت و ورد

( 3 )

منداڵەکان!
ئەی چۆلەکەی بەرماڵەکان!
هەبوو ، نەبوو
شەوانێ بوو
کاروانێ بوو

ویستی بەسەر پشکۆی خەما
بە ناو ژیلەمۆی ماتەما
بەدەریای فرمێسکی چاوا
جەرگی چەن جارە سووتاوا
بەسەر ئاخ و داخی زۆرا
بەسەر تەرم و تاتەشۆرا
بەسەر باڵداری گیراوا
بەسەر هێلانەی شێواوا
بەسەر هەموو ئەمانەدا
فەرهەنگی ئەم خەمانەدا
بەرەو ئاسۆی بەرزی ی هونەر
رێگای مەبەست بگرێتە بەر

(4)

منداڵەکان!
گلێنە تەمەن کاڵەکان!
ئەم بەهارە
لەم شارە بلێسەدارە
هەبوو ، نەبوو
کارزانیێ بوو
فرمانیێ بوو
هەبوو ، نەبوو
ئازادیێ بوو
رێبواریێ بوو
کەهەریەکەی رووباریێ بوو
لە دنیای ئاوازی کوردا
هونەری رەنگین و وردا
ئەو کاروانە بەهرەدارە
ئەو رۆژەی دەرچوون لەم شارە
بۆ سەرکەوتن
بەریێ کەوتن
بەریێ ی متمانەو هیوادا
رێگای شانازی و خولیادا
رێگای هونەری رەسەن دا
پەلکەزێرینەکەی فەن دا

کەچی دزو جەردەی مردن
چڵێسانە ڕێ ی پێ گرتن
کامە کارزانی لێ زان بوو
کامە  پەیامی فرمان بوو
کێ ڕێبواری ڕێ ی هونەر بوو
کێ ئازادی بەهرەوەر بوو
وەکوو گورگێکی چاو برسی
هەڵی بژاردن بۆ نەوسی
بەدەم بروسکەی مەرگەوە
شەبەقیان خستە جەرگەوە
کۆچێکی ئەوتۆیان نۆشی
پرسەیان بە شارێ پۆشی
تا بۆ کوردو کوردستانی
ببن بە قۆچی قوربانی
بۆ پەیامی بەرزی هونەر
جوانەرگێ بن هەتا سەر
ناخی دڵی هەموو کوردێ

بۆ پەیکەریان بکەن بەجێ
تانەمر بن لە مردنا
لەچاوی لەخۆ بوردنا
هەڵبژاردە بن لە مانا
هەڵبژاردەش لەنە مانا
بۆیە تاکوو بەهرە زابێ
تا مناڵ و هونەر مابێ
داییك کۆرپەی لەکۆشا بێ
ئەو چوار ئاوازە ون نابێ
ئەو چوار ئاوازە ون نابێ
***   ***

**دەزانی بۆ**

**شوباتی** 1979

**من وەك تۆ نیم**
**پەرت و پەرێشانم ، كۆ نیم :**
**دانیشتووم و كەچی دەڕۆم**
**مرۆڤێكی چەن سەرەڕۆم**
**دەڕۆم و كەچی وەستاوم**
**رێبوارێكی بێ هەنگاوم**
**بە هەورازا**
**بەنشێوا**
**هەڵدەگەڕێم**
**دادەگەڕێم**
**بەڕێ ی خەیالا خۆش رەوتم**
**كلپەو گڕێكی نەسرەوتم**
**بەربوومەتە گیانی بزێو**
**گیانی بێ ئۆقرەو ئارامم**
**گیانی تامەزرۆو ناكامم**
**درەختێكم**
**هەرچی لق و پەل و رەگ و**
**گەڵام هەیە**
**جیابوونەوەو**
**بەدەم رەشەبای سەختەوە**
**بەدەم وەیشوومەو شەختەوە**
**دێن و دەچن لەبەر چاوم**
**بەگێژەڵووكەی هەناوم**
**من دیوانی شاعیرێكم**
**كە شیرازەی هەموو واتاو**
**بەیت و پارچە شیعرێكی ناو**
**ئەو دیوانە هەڵوەشابێ**
**كێش و قافیەی نەمابێ**
**دەنگ و رەنگ و**
**ورشەو پرشنگی چی هەیە**
**لەتەمابێ**
**وەك دڵۆپە فرمێسكی**
**چاوی داماو**

وشە وشە هەڵوەریێ
ئاوارە بن وەك غەرییێ
شاعیرێکم
چی وشەو دەربڕین هەیە
هەرچی وێنەی شیرین هەیە
هەرچی هەست و نەستم هەیە
ئەندێشەی هەڵبەستم هەیە
هەرچی بەهرەی پاراو هەیە
گوڵی شیعری گەشاو هەیە
لێم یاخین و لێم رەنجاون
بە گڕەی پەریتم ژاکاون
دەزانی بۆ من وەك تۆ نیم ،
پەرت و پەرێشانم کۆ نیم ؟:
(( خەبەر بەرە بۆ خزمانم ))
(( ئاگر بەربۆتە خەرمانم ))
ناخی خەمم هێندە قووڵە
بوومە لەرزەی هیچ خۆشیەك

- ئەم دنیایە بهەژێنێ -
دەریاکەم ناخاتە جووڵە
***

کە شار گڕ ئەدرێ
گڕ ئەگرێ

1979

– پێشکەشە بە کاك ( هێمن )ی هاوڕێ و شاعیر –

کە منداڵ بووم
لە کاروانێکی شەوڕەوا
باوکی منیش ڕێبوارێ بوو
بۆ شارەکەی بانە ئەچوو
بە پێ ی بەڵێنێکی کرچی
پەلپم لێ گرت
بم با لەگەڵ ئەو کاروانە
بۆ شارە کۆنەکەی بانە

***

– نەء ، نەء ، مەیە تۆ منداڵی
تۆ خەلفێکی تازە ساوای
شەو درێژەو ڕێمان سەختە
زستان ئەتسووتێنێ شەختە
بڕۆ دواوە
سەفەری کەمان زۆر ماوە
– نەخێر ، نەخێر ، ناڕۆمەوە
من هەر ئەم کاروانەم ئەوێ
هەر ئەم ڕێگاو بانەم ئەوێ
گەشتی ئەم زستانەم ئەوێ
هەر شارەکەی بانەم ئەوێ

***

هەر ڕۆیشتم
پێم نا بە گڵ و بە ژانا
بە ئارەق و بە فرمێسك و
خوێن و کۆسپی ڕێگاو بانا
هەر ڕۆیشتم
لەگەڵ کاروانا گەیشتم
دەمەو ئێوارەیەك درەنگ
خامۆشی ی خۆی گەیاندە زەنگ
کە گەیشتم
پێ یان وتم :
دوا مەنزڵە
ئەمە شارەکەی بانەیە


www.pertwk.com

ئەو بانەیەی
بە ئەسحابە کوژ ناسراوە
ئەو بانەیەی
کەوا چەن جارێ سووتاوە
تاسەر لەنوێ
خۆی ، خۆی بنیات بنێتەوە
بۆ سووتانی کە
هەنگاو هەڵبگرێتەوە
تا بۆ دواجار
وەکوو درەختێکی پیرۆز
بژێتەوەو
ببڕای ببڕای نەمرێتەوە

***

ئێستاش هەرچەن بیرەوەریم
هەرچەن چاوی ئەندێشەو بیر
ژان ئەکات و
رەهێڵەی گل ئەبارێنێ

ئەو کاروانەم لەبەر چاوە
چۆن بە ژیلەمۆی ئازارا
نەکوو هەر لەلایەکەوە
لەزۆر لاوە
لەشی خڵتانی خوێناوە
بە هەورازی وەك دۆزەخا
سەر ئەکەوێ
ئەکەوێ و هەڵ ئەستێتەوە
ئەکەوێ ئەگەڕێتەوە
ئەکەوێ و بۆ پێشەوە هەر
ئەچێتەوە
بۆ سێبەری ئەو درەختەی
کە پیرۆزەو ئەژێتەوە
ئەژێتەوە

لە وەڵامی نامەیەکدا
بۆ هەرە خۆشەویستەکەم
1979

که شه پۆلی شەماڵەکەت
لەناخەوە هەژا نمی
پەرداخی فرمێسکی پڕبووم
تاسەی دووری ی
بە یەك قلٚپ رژا نمی
***
لەخەم و پەژارەی خۆما
لەناوەوە
شانە شانە پوورەهەنگ و
جیٚ ی شارە زەردەواڵە بووم
کش و مات و وڕو بیٚ دەنگ
کەچی گیانە
لەو دوورەوە
هەستی تۆ ورووژا نمی
***
چەشنی گوڵە بەرۆژەیەك
بەسەر لقی بەرزی خۆرپەرستیو
ژیا نمەوە
هەڵ نیشتووم
کەچی کلٚپەی هەناسەکەت
بەڕەگەوە برژا نمی
(2)
دە ئەی بەچکە چۆلەکە
بیٚ پەڕو باڵ و باڵدارەکە
ئاوارەکە
بۆ لقەکان ، هێلانەکە
هەربخوێنەو بخوێنەوە
***
دە ئەی بەفر هەناوەکە
ئەی دڵداری لوتکەی بەرزی
چیا گردن پیرۆزەکان
نەرم نەرم ، هەر ببارێ و
بشۆرەوە ئازارەکان
بۆ گزنگی هەتاوە کە

***

بەلەمەوان!
لەناو دەریای بێ سنووری
نازو خۆشەویستی خۆتا
بەرەو ئاسۆی هەرە بەرزو
گەش و پیرۆز
بۆ پێشەوە هەر مل بنێ و
سەوڵ لێدە
بۆ مژینی شیلەی ژیان

(3)

من ئەزانم ، گوڵ و گەڵا
هەر لەسەر لق و پەلی خۆی
سەوزو ئاڵە
من ئەزانم ئاوی کانی
وەکو کۆرپەی کۆشی دایک
هەر لەسەر سنگی سەرچاوە
روونی نازەو
ئەڵێ ی دووچاوی قرژاڵە
من ئەزانم کەوی نامۆ
لەقەد پاڵی شاخ و کێوا
بەرەڵابێ
دەنگی دلێرو زوڵاڵە
بەڵێ ، بەڵێ ، من ئەزانم
مرۆڤی دوورو ئاوارەش
لە بەهەشتا
بۆ دۆزەخی نیشتمانی
شیرینی ی ژیانی ، تاڵە

(4)

ئەمەوایە
ئەمە ئایینە ، بڕوایە
کەچی لەگەڵ ئەوانەشا
خۆ شل کردن ، ( ترازاندن )
تا لێواری ( کەمێ مردن )
نارەوایە

ئەزانی بۆ ، چونکە مرۆڤ
ئەوەندەی لاوازی تیایە
سەد ئەوەندەش
سەرچاوەی پیرۆزی و ژیری و
گەورەیی وای لەناخایە
کاریزێکە ، وەك داربەڕوو
رەگ و ریشەی چڕو قووڵی
لەبێخایە ، لە بن نایە

(5)

لەگەڵ هەموو ئەوانەشا
کە دەیزانم ، خۆزگەم وایە
دڵێکی ئەوەندە گەورەو
دەروونێکی وام هەبوایە
چی خۆشەویستی هەڵئەگرێ
لەم ناو سروشت و دنیایە
بڵێم ئۆخەی لە دڵمایە
بڵێم ئۆخەی لەگەڵمایە
لەگیان و چاوی تۆدایە

***

لەدارستانی کتێبخانەیەکدا
1983

رۆژێ بەناو دارستانی
کتێبخانەیەکی چڕا
گەشتم ئەکرد
نامێلکەیەکی بچکۆلە
لە پاسارێ
وەك پاساری
هەڵ نیشتبوو
کەهەڵم گرت هاتە زمان
وتی : ئەوەی بەبێ درۆ
بەشوێنی راستی یا وێڵە
بابێت و گوێ لەمن بگرێ
بزانێ من چی پێ ئەڵێم :
ڕاستی ئەوەندە گەورەیە
ئەوەندە بەرز و پیرۆزە
شتێکە ئەبێ ڕەنگ نەکرێ
شتێکە ئەبێ زل نەکرێ
شتێکە ئەبێ خەست نەکرێ
هەروەکوو خۆی چۆنە وەها
بێ پێچ و پەنا بگوترێ
راستی ساکارو سادەیە
ئەبێ وشك نەکرێتەوەو
لەدەروونا
دەنگی زوڵاڵی کپ نەکرێ
لەرەوتی ئەم ژیانەدا
بۆپێشەوە
بێ ترس و لەرز
خۆ بۆ زانستی بەخت بکرێ
تاشوێنی ڕەوای خۆی بگرێ

لەزمان هەڵۆیەکی بریندارەوە
1983

مەحوی دەڵێت :
**بێستونی عەشقی شیرینێك وا هاتۆتە پێش**

گەر لەحەق بێم یا نەیەم تەقلیدی فەرهادیٚ ئەکەم
خەمەکانم هەگرتووەو
بەهەورازی ژانەکا نما سەرئەکەوم
بەشەبەقی زامەکا نما مل ئەنێم و
ئەنێمەوە
لەبەر کڵپەی خوێنەگەشە ڕژاوەکەم
سرودی داستانەکەی خۆم ئەڵێم و
ئەڵێمەوە :
وابۆ سەدو پەنجا ساڵە
ئەرخەوان و داری ژاڵە
یا گولاڵە
لەم شاری ڕەشەبایەدا
تێراوی کانیاوێکن
لەجێگەی ئاو خوێنی ئاڵە
سلێمانی!
قۆچەکەی ڕۆژی قوربانی
شاری وەیشوومەو ڕەشەبا!

لەوڕۆژەوە هەوری چاوی
هەردوو چامەی نالی و سالم
لەم ولاٚتی شارەزوورە
بارانێکی ڕەهێڵەیەو
لەخۆش کردنەوەوە دوورە
لەوساتەوە ، هەڵۆیەکم بریندارم
لەم چیاوە بۆ ئەو چیا
خۆم ئەگێڕم لەدەوری سەری ئەمشارە
بیٚ قەرارم
نەخشەکەی من
بەدەستی ڕاوکەرانەوە
ئەڵێم بۆ دێوجامە لوا
لەگیرفانی سیاسەتی ئەم و ئەودا
حەشار درا
سنوورەکەم
لەتاریکی نیوەشەوا ، پیٚ شێل کرا
مرۆڤ و خاك و ئاوەکەم

لەقەسابخانەی پیلانی دەووڵەتانا
لەسیڤەرا ، لە لۆزانا
بەچەشنی گۆشتی قوربانی
بەئاشکرا
لەت لەت کرا
دابەشکرا
لەگەڵ هەموو ئەمانەشا
ئەگەرچی زەردەو پێکراوم
من ئەو هەڵۆیەم هەرماوم
بۆ هەناسەی خاك و ئاوم
بۆ نەخشەو هێلانەو ناوم
گەر باوەڕ بەبوونم ناکەی
برۆ لە ڕەشەبا پرسە
ئەو ئەزانێ
منی هەڵۆ
درەختێکم ، سەر سەختێکم
چی گەلاّی لێ هەڵوەرانم
چەن لق و پەلی شکانم
هەرچی ناشێ و ناکرێ یە
شیاو کردی
ئنجا کەمێ لەلای وایە
مردن ملم پێ کەچ ناکاو
ڕەگەکانم بەدەروونی
خاك و ئاوێکا ڕۆچوون و
بوونە ناخی ئەو ڕۆژگارو مێژووەی
لەبن نایە
باوەڕ بە ئازارم ناکەی ؟
برۆ لەئەستێرە پرسە
ئەو ئەزانێ
- ئاخۆ چاوی شەوگاری -
کارەساتی من
تاقە وەنەوزێکی دیوە :
کێ نایزانێ ؟
کێ نەی دیوە ، نەی بیستووە


www.pertwk.com

لە ڕۆژگارێکی ڕەشا
لەئەشکەوتێکی تۆڵەدا
سەدان چاوو دڵی منیان
وەکوو پل و پوشی پایز
لەبەر زەقەی چاوی مافا
بەئاشکرا
کە ئاگردا
ئێستەش لەچاوی مێژووا
دووکەڵی ئەو بۆچڕووکە
لەودەمەوە
هەرماوە خۆی ئەخواتەوە
نە من و تۆ ئەخواتەوە
کێ نایزانێ ؟
کێ نەی دیوە ، نەی بیستووە
لە پارچە جەرگێکی ترا
ئەستێرە گەشەیەك هەڵهات
بۆ نەورۆزو بۆ بەهاری
بارانێکی سەوز باری
بەدەم وەشتی بەیانەوە
هەزاران گوڵ گەشانەوە
سەدان کوێرەکانی خولیاو
هیوای بەرز ژیانەوە
تا پەڵەهەورێکی چڵکن
وەك ژەهری مارێکی ڕقن
لەئاسمانی ڕۆژئاواوە
پەلە پەل گەییە ئەم ناوە
کردی بەگرمەو لافاوێ
بەبروسکەو بەگێژاوێ
هەرچی هەبوو ، ئەستێرە ، گوڵ
کانی ، نەورۆز ، شنەی شەماڵ
خولیا ، خەیاڵ
هەمووی کردن بەکۆی زووخاڵ
شیرینی لێ کردم بەتاڵ
تالە ئاسۆی مهاباتا

وەختەبوو برینەکانم
سارێژبن بەکۆماریٚ
جابمەوە بەو هەڵۆیەی
پڕ بەگەرووی ئەم دنیایە
هاواربکەم
بچریکێنم
بزریکێنم
منیش وەکوو ئێوە هەم و
خۆشەویستی زۆرم پیٚ یە
هیوای جۆربە جۆرم پیٚ یە
دڵێکی وەك خۆرم پیٚ یە
کەچی دڵۆپیٚ دەنگ نی یە
لەبارانی دەنگەکانا
بڵیٚ وایە
لێرەش بەرازی بەلەسە
ڕەوە گورگی پەروەردەی ڤین
دڕندە مرۆڤ خۆرەکان
شفرەو کەڵبەی خەڵتانی خوێن
کۆماری کردبیٚ سەرو شوێن
لەوساشەوە منی هەڵۆ
- منی گۆشکراوی چیای -
گەردن بەرزو لوتکەدارم
بەئاسمانی فڕینەوە
لێرەو لەویٚ
هەر کاروانی کۆچ ئەبینم
قۆچ و پرسەی قۆچ ئەبینم
کانی و کارێز و سەرچاوە
ئەبینم بێنازی ئاوە
ئەستێرەی دیٚ ئەکوژێتەوە
میوەی ساوای سەرسنگی دار
تینووەو بەرئەبێتەوە
باخ بەگڕی دۆزەخی تاڵ
سەرانسەر بۆتە ئاخ و داخ
نەکەس ئەڵیٚ ناوت هەیە

نەخاك و نە ئاوت هەیە
نەمێژووە و نەنیشتمان
نەبەردەكێلی ناونیشان
بۆ ڕەتان و ستەم نەبێ
كەس بیری ناكەوینەوە
لەسەر دڵی بێ دڵەكان
خەمێكین نارەوینەوە
منی هەڵۆ
لە پارچەكانی جگەرما ،
ئەم ژانانە دێن و ئەچن
هەرپێچ ئەخۆن و لوول ئەبن
چاوێكن لەگل ناكەون
ئازارێكن هیچ ناخەون
بەلاّم ئێمەی توخم هەڵۆ
ئێمەی چیا سەربەرزەكان
گۆشی ئازارو ژانەكان
هیچ بەكوڕنووشی نامرین
بەدەردی خوایی نامرین
منی هەڵۆ
بەم ئاسمانە بەرزەمەوە
بۆخۆم و بۆ هێلانەكەم
بۆ كوردو كوردستانەكەم
چاوم بڕیوەتە ئاسۆ
چاوم بڕیوەتە ئاسۆ

***

بیگریەنەو
خەمتی بەرێ

-1-

کەخەم ببێتە هەوێنی مەیاندنی شعرێکی من
لەناخەوە
ئاوێنەیەك دروست ئەبێ
وێنەی خۆم و ئەوکەسانەی تیا ئەبینم
کەوەك منن

-2-

زوو شاعیرێ هاواری کرد :
باخچەی سەوزی ئەم ژیانە
ئەم تەمەنە
هەناسەکەی هێجگار کورتە
بەشی خۆشەویستی ناکا
من تێ ناگەم ، چۆن مرۆڤ
بەختی رق و کینەی ئەکەن
منیش ئەڵێم :
بەشی خۆشی و شادی ناکا
چۆنە بەگڕەی پەژارە
بەبڵێسەی خەم و خەفەت
لەجێ ی بزەو گەشانەوە
ئەیژاکێنن ،
ئەیسوتێنن؟!

-3-

لەباخێکا ،
خونچەیەك لەبەرخۆییەوە
گوێم لێ بوو بەچرپە وتی :
نە زیاتریش
دڵم تەنگە
ئەگەرچی کورتە تەمەنم
ناشادم و پێ ناکەنم
کەچی کەشنەی شەماڵی
سەرلەبەیانی هەڵی کرد
گرێ ی دڵی کرایەوە
بەبزەوە گەشایەوە
بووبە گوڵ و

هەرپێکەنی ..... هەرپێکەنی
هەتاکوو سەری نایەوە
-4-
تۆش ئەی مرۆڤ !
ئەی مرۆڤە ساکارەکە
ئەگەر ڕەشەبا هەڵی کرد
باگێژەڵووکەشی پێ بێ
چاو لێك مەنێ
بیکەرەوە ، بیکەرەوە
باکوێر نەبێ
ئەگەر خەمێ ، گەر گریانێ
یەخەی گرتی لەچەقی ڕێ
بیگرینەو خەمتی بەرێ
- - - - -
لێك دابڕان
1987
کەڕۆیشتن ، وانەزانن
کەمتەرخەمیم ، ڕێ ی لێ تەنیم

وەك ڕۆژان و شەوانی زوو
هیچ نەخەوم ، پێشتان کەوم
بەهەورازی کوێستانی هات و نەهاتا
هیچ نەسرەوم ، هەرسەرکەوم
کوڵی خەم و ئەندێشەتان
یان توێشەبەرەی کێشەتان
هەرچی هەیەو هەرچی ئەبێ
لێ وەرگرم ، بۆ هەڵگرم
- - - - -
کەڕۆیشتن ، وەك دوو کۆتر
کەداتان لەشەقەی باڵتان
بەرەو هەوارگەی خەیاڵتان
بۆ سێبەری دارێکی دوور
دوورتر لە پێوانەی سنوور
هەرچیم هەیە ،
هەرچی سۆزو هەرچی هەست و
هەرچی خۆشەویستیم هەیە

چی مایەی سەربەرزیم هەیە
گلێنەی دووچاوم هەیە
گەرمایی هەناوم هەیە
گزنگ و هەتاوم هەیە
هەمووی وەکو چەپکە گوڵێ
چەپکە دڵێ
لەوەختی بەڕێ کردنا ،
کز وەستابوون لەگەڵ منا

- - - - -

کەڕۆیشتن ، وەك شەپۆلێ
لەدەریای ئەم ژیانەدا
گێژاوی ئەم جیهانەدا
بۆشاییەك لرفەی ئەهات
لەقولاّیی ئەم گیانەدا
من و ئەوانەی وەك منن
لەخەمی دووری یا ونن
ئەم دابڕان و جیاییە
نوخشەی وەرزی کۆتاییە

- - - - -

کەڕۆیشتن ، بەهرەی شیعر
لەبەرچاوم لێڵ و پێڵ بوو
وەکوو جاران
هونەرو پەیامی نەما
دڵی شاعیر ، وەکوو سالاّن
سەبووری و ئارامی نەما
گەش بینم و بەبێ ئێوەش
وەختە بڵێم ، وەکوو ڕۆژان
ئەم ژیانە تامی نەما
کامی نەما

سێ تەڵ سەرنج

1983

( 1 )

ئەستێرەیەك
لەئەستێرە گەشەکانی
ئاسمانی خۆشەویستیەك


www.pertwk.com

گوێم لێ بوو سكالاَی ئەكرد
جار جارە بەمانگی ئەوت :
بۆچ وەك ئەستێرەكانی تر
تریفەی زۆرم نادەیتێ و
تێری گەشەی خۆتم ناكەی
مانگیش ئەیوت :
پێش ئەوەی لەدایك بن
لەناخی دڵسۆزی من و
خۆشەویستی بێ سنوورا
چەن مرواری وگەوهەرێ بوون
یەك لەدوای یەك
هەروەكوو یەك
ڕووناكی ی سۆزم پێدان و
خەلاَتی ئاسمانم كردن
تاگەش بن و
بجریوێنن
(2)

لەخەوما باخەوانێ بووم
باخێكی بچكۆلەم هەبوو
یەكێ لەشەتڵە كۆرپەكان
ویستی بەجێمان بهێڵێ
ڕووی تێ كردم :
- تۆ ئەڵێ ی چی ؟
گەر ئەزانی هەواری نوێ
سەوزی و بەرزی و گەشەی پێ یە
مەیلی خۆتە ، وابەجێ یە
ئەویش كەلێكی دایەوە
زانی هەڵەت و ڕەقەنە
لەباخەكەی خۆی مایەوە
(3)
ڕۆژێ لەكەناری چەمێ
گوێم لەشە پۆلێكی وردبوو
بەخوڕەی ئاوەكەی ئەوت :
ناتوانی وەكوو من مەنگ بی

وابێ دەنگ بی
خوڕەش وتی :
ئەگەروابم
شایستەی ناوەکەم نابم
ئەگەر خەوبچێتە چاوم
ونی ئەکەم دەنگ و ناوم
شەپۆل وتی :
نەخێر کە ئەگەینە دەریا
کەلەوێ کۆئەبینەوە
گەورە ئەبین
هەرچی هێمنی ی دنیایە
ئاوێتەی ناخی دەریایە
هەرچی جوانی و پیرۆزی یە
لەوەدایە
بەو مەزنی و تەوژمەوە
هاژەی نایە

## تۆ ئەو تۆیەی

1986

کەبێ دەنگم ،
وانەزانی ڕۆژانی زوو
ژیلەمۆبووم
نە پشکۆبووم
هێدی ، هێدی ، ساردبوومەوەو

ئێستە مشتێ ، خۆڵەمێشی ساردو سڕم

***

کەبێ دەنگم
واتێ نەگەی ، سۆزی جاران
وەکوو بەچکە چۆلەکەیەك
لەبەر تۆف و کڕێوەدا
زمانی لەگۆ کەوتوەو
کەسیرەیەو ، جریوەی لەبیرچۆتەوە

***

کەبێ دەنگم
وای بۆنەچی ، هەستی گەرمم
لەبەر گێژەڵووکەی ئازار
پلە پووشێکی پایزەو
بەدەم ڕەشەبای تووڕەوە
بێ ئارام و بێ ئۆقرەیە و
جێ چی یە بەخۆی ناگرێ

***

کەبێ دەنگم
گومان نەکەی
درەختی یا دو مەیلی تۆ
گەلاکانی هەڵوەرییێ و
جارێکی تر
چرۆ لەئامێزی نەگرێ و
ئیتر سەوز نەبێتەوە

***

کەبێ دەنگم
دڵنیابە بێ دەنگی ی من
دەنگە ، دەنگە
ئەزانێ بۆ؟!
چونکە سۆزو
چونکە هەستی ڕاستەقینەم
پشکۆیەکە

هەرگیز بەژیلەمۆ نابێ
خۆشەویستیم ، باڵدارێکە
بەهیچ هێزێ
کەسیرەو دەستەمۆ نابێ
یا دوبیرەوەریم بۆتۆ
درەختێکە
هەمیشە هەرگەش و سەوزەو
بێ نەمام و بەبێ گۆپکەو
بەبێ بزەی چرۆ نابێ
تۆ ئەو تۆیەی
ئەو گەوهەرەی
وەختە بڵێم ---
هیچ گەوهەرێ بەتۆ نابێ
***

پەپوولـەکان

1988

فریشتەی سۆز !
هەروەکوو جارەکانی تر
ئەمجارەشیان
زووکە بێ بەهانامەوە
تۆش ئەی بەهرە!
بۆهەوێنی شیعرێکی نوێ

هیچ مەوەستە ، فریاکەوە
دنیا شەوە
بەلاّم کپ و خامۆش نیە
پێکەنینەو سەربڕاوە
خۆشی ی ونە
بۆنازانی
ئەو شیعرەی بەدڵی منە
زادەی خەم ، بەرهەمی شەوە ؟
باخچەی تەمەنی شاعیریش
پایزێکی دڵ شکاوە
بەلاّم بەلاّم
بەسەر لقی هەرەبەرزی
سێ نەمامی ئەوباخەوە
زەردەخەنەی سێ چرۆیەو
وەکوو خۆزگە ، وەکوو ئۆخەی
لەو نەمامانە ئالاّوە
وائەم شیعرەی ی پێ ڕسکاوە ،

( 1 )

تۆ ئەی ( ژێوار )ی ئێسك سووك
بەچکە چۆلەکەی بێ دەنووك
ئەی سمۆرە !
ئەی نۆبەرەی نەمامەکان
شادم بەوەی
لەگەڵ تۆی تەمەنساڵ ونیو
قسەو بیرەوەریم زۆرە
ئەی تۆنەبووی
وەکوو گوڵێ لەسەرچنار
گەشایتەوە
شە پۆل شە پۆل ، بەهاژە هاژ
گەشەو بزەت
دابە چەم و دابە کەنار
بەگڕو گاڵ
شنە شنت دابە شەماڵ
ئەی تۆنەبووی


www.pertwk.com

هەرکەهاتی وەکوو باران
دڵۆپ ، دڵۆپ
ناوی تازەو ناوی زۆرت
بەسەر هەموومانا باران
هەرکە هاتی
وردەخەم و پەژارەی زۆر
لەهێلانە ڕەوایەوە
لەم شەوەدا
بێ ئەوەی ڕۆژببێتەوە
گزنگی خۆر
هی گەش بینی
بەبزەوە گەشایەوە
کەهاتی
بەماچ و نوقوڵ
بەشیعرو گوڵ
باوەشت بۆ کرایەوە
ئەی بەرخەکە !

جەرگی جەرگی ' هەمە هەمە "
ئەی پەروەردەی کۆشی نازو
خۆشەویستی ئەم سەردەمە
ئەی ڕۆڵەی زیت
ژیرو بزێو
تۆ منالی ، یان سحرێکی
تاکوو لەناخی ناخەوە
نزیکت بین ، خۆشمان بوێ ی
نازت بگرین ، هێشتا کەمە
هێشتا کەمە

(2)

تۆش سۆما گیان !
سۆمای چاوەکانی شاعیر
ئەی خونچەی تازە پشکوتوو
تەنیا لەوێنەکەدا دیتوو
کۆرپەی باوەشی نامۆیی
ئای چەن ستەمە بێ تۆیی

ڕۆڵه ، ڕۆڵه !
ئەی کارژۆڵه !
هەڵبەت ئێستاکه تێم ناگەی
تۆش و هەزاران بەرخ و کار
هەزاران شوان
باخ ، باخەوان
تەرەی کەڵبەی گورگی هارن
ئاوارەی دێهات و شارن
بێزاری دووپشك و مارن
ئەم وڵاتە
دارستانی کارەساتە
ئەم هەزارویەك شەوەیە
شارە و هی زەردەواڵەیە
فاشستەکان
گورگە ڕەگەزپەرستەکان
پڕ بەدنیا ئەلوورێنن
تامەزرۆی فرمێسك و خوێنن

زەردەخەنەی لێوی ساوا
ئەتاسێنن
بێشکەو جۆلانە ئەشکێنن
شارۆچکە و دێ ئەڕوخێنن
سەگی هارن ، سەگی هارن
هەڵ ئەبەزن ، دائەبەرزن
یان ، ئەوەڕن ، یان ئەگەزن
مارن مارن
بۆ پێوەدان ئەفیشکێنن
برسی و تینووی پەلامارن
شێت و هارن
پۆل پۆل منداڵ ئەخنکێنن
ئەیانەوێ
ئاشی شەڕ بەخوێن بگەڕێ
پرسەیان بۆهەموو ئەوێ
کانی ڕوون و کارێزی پاك
تینوو ئەکەن

لەولآتی ڕەش و ڕووتا
گوڵەگەنم ئەسووتێنن
وەکوو بەراز
بێستان و باخ پێ شێل ئەکەن
گۆڕستانمان بێ کێل ئەکەن
دەس بۆشەرەف درێژئەکەن
لەسەر بەرماڵیش ( نوێژ ) ئەکەن
سۆما! سۆما!
هەرچیم وت وهەرچیش ئەڵێم
هەمووی وایە
جام پڕبووەو لێ ی ڕژاوە
لێ ی ڕژاوە

( 3 )

سانا ، سانا ،
تۆش وەك سۆما
ئەوەندەی بەگیان نزیکی
بەهەناسەو شێوە دووری

ئەی پەپوولە !
خەم خەم نی یە ،
گێژەڵووکەو گەردەلوولە
دەمێ ساڵە
کەئەم شارە
بێ نەورۆزو بێ بەهارە
کە ئەم باخە
بۆ باخەوان
گوڵی هەمووی ئاخ و داخە
کە ئەم ماڵە
یانزە ساڵە
بۆ خەم خۆرە غەرییەکەت
هەنگوینی لەدەما تاڵە
سانا ، سانا
تۆش وەك سۆما
چەن نزیکی ، هێندە دووری
لێم ببوورە

کە پێت بڵێم ، جارێ ساوای
تۆ نازانی
سانا بەچکەی کۆترێکە
یانزەساڵە
لەسەر بەردو
لەبن داری
هێلانەی گەرمی خۆی دوورە
کۆترێکە شەڕی ناوێ
دژی داوە
دژی فرمێسك و خوێناوە
ئاشتی ئەوێ
مەشخەڵی زانستی ئەوێ
پێکەنینی گشتی ئەوێ
پەپوولەکان
بێ خەم بن و ، بێ خەم بنوون
بفڕن ، بفڕن
هەروەکو هەنگ
بێ دەنگ
بۆسەر شانەی هەنگوین
کەبەرزە و پیرۆزەو شیرین
ئەم شەوگارە
بۆکوێ ئەچێ
هەر کۆچ ئەکا
نەورۆزی سەرفرازی دێ و
زستانی کۆیلەیی ئەڕوا
باخچەی تاسەو خۆزگەو هیوا
چەپکە گوڵی بەهار ئەگرێ
چەپکە گوڵی دیدار ئەگرێ
زەردەخەنەی هەمیشەیی
ساناو سۆماو ژیوار ئەگرێ

* * * *

### بۆ شاره جوانەمەرگەکە

1988

کە ( بالأمبۆ )
دەستی کردە مل ( شنروێ )
بەرامبەر کانی ئاشقان
بەڕۆژو بەشەو
بێ ئەوەی چاو بچێتە خەو
وەك پاسەوان
دەستەو نەزەری شار وەستان

نەیان ئەزانی ڕۆژێ دێ
تەم و خەمێ دایان ئەگرێ
بەسەرتەرمی هەزارانا
تەرمی شاری خامۆشانا
ئەبێ بۆ کورد قڕان بگرین
بۆ شاری خامۆشان بگرین
لە پڕ بگرین
بەخوڕ بگرین
جاران ، جاران
جارانی زوو
وام ئەزانی
بەدەس شەڕفرۆشانەوە
تاك وتەرا ، لێرە و لەوێ
هەرمرۆڤ جوانەمەرگ ئەبێ
خەیاڵ ، ئەو خەیاڵەی نەبوو
شاریش ، گەورەبێ ، یان بچووك
بەبروسکەی تاوانباران

www.pertwk.com

ستەمكاران
وەك مرۆڤ جوانە مەرگ ئەبێ

( هێرۆشیما ) و ( ناكازاكی )
لەدوورەوە
بەدەم ناڵەی ئەتۆمەوە
هاواریان كرد!
خوێن خۆرە مرۆڤ خۆرەكان
چڵێسە تێرنەخۆرەكان
بازرگانە فاشیستەكان
ڤاسەو گێرفان پەرستەكان
بەخوێنی ئێمە سەرخۆشن
شەڕ فرۆشن
خوێن ئەنۆشن
چاوسورو ئەتۆم هاوێژن
ژەهری زۆروستەم ڕێژن
ئێمەیان كرد بەگۆڕستان
بۆ هەزاران هەزار ئینسان

جاران ، جاران ،
جارانی زوو
وام ئەزانی ژەهرو دەرمان
بۆیە هەیە
بۆیە ئەو داهێنانەیە
بۆبزەو بۆ گەشەی ئینسان
ئەوەش كەمارو مێرووە
مێش و مەگەزی زیندووە
مرۆڤ ژەهری بۆ ڕشتووە
كەچی هەڵە بجەی جوانەمەرگ
بەدەم گیانەلاوە وتی :
لەنەورۆزا
لەكوردستانی بێ نازو
دڵ شكاوا
لەهەڵبجەی چە پكەگوڵی

لەمێژە سیس و ژاکاوا
بۆمبارانی ژەهرو دەرمان
بەهەزاران مەرگی باران
بەهەزاران جەرگی تاران
لەناو دۆزەخی ستەم دا
لەگلارو پاشەرۆکی
سالآنی چەرخی بیستەم دا

من لێرەوە چاوم لێ یە
مریەم دوو گلێنەی پێ یە
دوو چرۆی وا بەکۆڵەوە
دەمی ناوەتە خۆڵەوە
خۆی وەریوەو چرۆ سوتاو
دەم ئەگێڕێ بۆ قومێ شیر
بۆ چۆڕێ ئاو
فریشتەیەو شپرزەیە
بینایی نوستووی بێشکەیە

لانکی وابەکۆڵەوە
بەتەپ و تۆزی خۆڵەوە
هەرکەسەر خۆی کەوتۆتەوە
نەیزانیوە
لەدۆزەخی ئەو ڕێگەیە
جەرگەکەی لێ بەربۆتەوە
خەستەخانە
پیرە ( خدر )ەو میوانە
بەدەم هەناسەو تاسەوە
بەدیار چاوی نەناسەوە
وتی تازە بۆچی بژیم؟
بۆ کلۆڵیم ، چارە ڕەشیم
باخەوانی شەش باخچەنیم؟

کوا کێ وتی لەم وڵاتە
بەرهەمی یەکسانی قاتە
تەماشا تابلۆی ئەم شارە

تەرم ولاشەی بە هەزارە
لەهەموو رەنگ
لەهەموو دەنگ
ئەگەر مرۆڤە ، گەر ئاژەڵ
سەرانسەر تێکەڵن ، تێکەڵ
گشت لەمردنا یەکسانن
یەك بەهان ویەك بایەخن
بەبێ ئەوەی پێ بزانن
کە چەرە دووکەڵی ژەهر
لە جێ ی هەوری باراناوی
ڕشماڵی مردنی هەڵدا
بە سەر شارو دەشت و دەردا
وەك ڕەهێڵە
لە یەك تاوا
مردنی نیو دەقیقەیی
پۆل پۆل مرۆڤی کورد باری
بە چەند چرکەیەك چی ئەکرێ

چی گیانداره ئەبێ بمرێ
بە دیار زەقەی چاوی هەرچی
بنکەو دەزگای ئینسان هەیە
هەرچی کەوا ئە نجومەن و
دەستەی نێو دەوڵەتان هەیە
بە بەر چاوی چی ئایین و
چی فەلسەفەو ویژدان هەیە
چی ئینجیل و قورئان هەیە
مەسیحی و موسوڵمان هەیە

جاران ( نالی )
بۆ ( حەبیبە )و
بۆ ( خاك و خۆڵ ) شیعری ئەوت
یان ( مەولەوی )
بۆمەرگی ( عەنبەر خاتوون )ی
بەخوڕ فرمێسکی شیعری ڕشت
خۆ ( کەمالی )

بۆ ( ئەحمەد موختاری )ی شاعیر
دلۆپە ئەشکێ بوو درشت
دوێنێ ( گۆران )
بۆ ( هیوا )ی جگەرگۆشەی و
( ساوای بێ دایک ) چی نەوت
بەڵام شاعیری کورد ئەمڕۆ
ئەبێ پرسەی شیعری گەرم
نەوەک بۆتاقە ئینسانێ
بۆ گەلاڕێزانی مرۆڤ
مرۆڤی کورد
بەم بەهارە
بۆ وەرزی خەزانێ دانێ
بۆ وەرزی خەزانێ دانێ

## شیعریش ئەگری

پێشکەشە بەکاک ( حەسیب قەرەداغی ) شاعیر
بەبۆنەی جوانەمەرگ بوونی دووکچی گەورەیەوە لەماوەی ساڵێکدا
1984

( 1 )

ئەی شاعیری فەرهەنگی خەم
نازانم لەبیرچۆتەوە؟
کەوا چەن ساڵێ لەمەوبەر
لەباخچەکەی نووسەرانا،
دەمە دەمی ئێوارەیەك
ساوایەکی شیعری خۆتت

لەکۆشابوو
کەتازە لەدایك بوو بوو
هێشتا ناوت لێ نەنابوو
شیعرێ بووکە هەردوو چاوی
فرمێسکی تیا قەتیس مابوو
رووی دەمی تکات کردە من
ناوێك لەو ساوایە بنێم
منیش بەدەم سەرنجەوە
وشە بەوشەیم مژی
وەك گوڵەباخێکی تازە
بەگلێنەی چاو بۆنم کرد
چرپانم بەگوێ ی تاسەتا
ئەو ( فەرهەنگی خەم )ە چاکە
کە هەوێنی ئەم شیعرەتە
کەخوێنی ئەم ساوایەتە
تۆش دەس بەجێ
وەکوو مەسەلی ( هەنگ و دار )
ناوت لێ نا ( فەرهەنگی خەم )
(2)
ئەوە ئەوسا
بەلاّم دوایی
لەبەر دڵی هەر هۆیەبوو
ئاشکرابێ ، یانهێنی
وەك شاعیرێ
زوو بزانێ
لەبەر ناسۆری ی زامەکان
هەر نەتوانێ
لەدواییا شیعر بڵێ
یان کەووتی :
شیعر ئەبێ بۆ خەم دانێ
بۆیە چەپکە گوڵی شیعری
یەکەم باخچەی گەشاوەتان
وەکوو شیعرە ساوەکەتان
سەرجەم ناونا ( فەرهەنگی خەم )

(3)

ئەی شاعیری فەرهەنگی خەم
لەکۆچی بێ گەڕانەوەی
( کەژاڵ )ی جوانەمەرگتا
لەسەر زمانی ئەوەوە
پار پێم وتی :
لەژێر رەشماڵی سەیوانی ماتەمەوە
بەدەم هەنیسکی خوێنەوە
کەژاڵ وتی :
بابەگیان ! مەگری مەینەتی زۆرە
دێن و بەرۆکمان ئەگرن بە نۆرە
پێش مرۆڤ دەریا خەیاڵێ خاوبوو
چی هەیە هەمووی وشك وبێ ئاو بوو
فرمێسکی مرۆڤ پڕی کردەوە
بەدەم زووخاوی داخ و دەردەوە
کۆستەکەی منیش دڵۆپێکە لەو
بووم بەخەیاڵ و بەیادو بە خەو
ئێوەم بەجێ هێشت بۆ کسپەو ماتەم
منی ( کەژاڵ )یش بۆ ( فەرهەنگی خەم )

(4)

ئێستەش کەوا لە پاش ساڵێ
لەکەژاوەی پاییزێکی تەماوی یا
خەماوی یا
تەرمی ( بەهار ) بەڕێ ئەکەن
بۆلای ( کەژاڵ )
هەتاکوو پێ ی بڵێ : خوشکێ !
برینی کۆستی هەردووکمان
زۆر تازەیەو
تەماشا خوێنی لێ ئەتکێ
کەمن هاتم
هەوری خەمی کۆچەکەی تۆ
بەخوڕ فرمێسکی ئەباران
کەمن هاتم
هەنیسك ئەیوت :

لەبەر دوو جوانەمەرگەکە
جاریٚ گەروو جیٚ نایەڵم
لەبەر گریان
کەمن هاتم
فەرهەنگی خەمەکەی بابە
هەرگەورەو گەورەتر ئەبوو
نەك هەر ( کەژاڵ )
وا ( بەهار )یشی گرتەخۆ
کەمن هاتم
گوێم لەناڵەو شیوەنیٚ بوو
هەر ئەیوت و ئەیوتەوە
( هەر کۆچ کۆچت بوو ، کۆچ نەبڕایەوە
کۆچ بوو بەئاگر نەکوژایەوە )

## مرۆڤەو لە میزەڵلاّن ئەچیٚ

کەمیزەڵلاّن
لەسنووری خۆی زیاتری
فوو تیٚ کرا
ئەتەقیٚت و
جاریٚکی تر
فوو بەخۆیەوە نابینیٚ
مرۆڤی ئەوتۆشمان هەیە
لەئاقاری ئەم ژینەدا
هەر لە میزەڵلاّن ئەچیٚ

بەدەستی ئەو
بەدەستی ئەم
بەو دەم ، بەم دەم
مرۆڤن ، میزەڵڵاَن ئاسا
سەرومڕ فوویان تیَ ئەکەن
هەڵیان ئەدەن
ئەوانیش بەرز ئەبنەوە
ئەکەون و هەڵئەسنەوە
کەبەوفووە داناکەون
پەیتا پەیتا
فووی زۆرتریان تیَ ئە پەستن
کەی دەربەستن
ئە مجارە پڕە میزەڵڵاَن
یالەدەمی فووی تیَ کەرا
یان لەبەرزبوونەوەدا
ئەتەقیَت و
ناوی جارانی نامیَنیَ

شەرمەزاری بەسەرخۆیا ئەباریَنیَ

بۆ چاوە گەشەکانی ( دیَرین )
1985

برای من و باوکی دیَرین!
چاك ئەزانم
لەو رۆژەوە کە گلاوی
کەگردە نشێن کراوی
کە کەوتویتە بەر شە پۆلی تیژی ژیان
لەقەڵبەزەی پیَکەنینەوە بۆ گریان
ئاگام لیَ یە دڵت تەنگە
خەم وەك شارە زەردەواڵە
لەناخی تۆ ورووژاوە
ویزە ویز و ژاوە ژاوە

ڕۆژی ڕووناك شەوە زەنگە
ژیانێکی تفت و تاڵە
بەلاَم ... بەلاَم
کاکی برام!
چاوم لێ یە
ورەی تۆی بەسەردا زاڵە
هەرکە سیمات ئەخوێنمەوە
چەشنە زاتێ ئەبینمەوە
ئەڵێ : دەرفەتی ژینەکەم
تەمەنە زۆر شیرینەکەم
باکەمیش بێ
باخەمیش بێ
پشت بەبیرم ، بەهیواکەم
ئەو بەفربێ ، من چیاکەم
ئەڵێ : هەوێنی ئەم ژینە
ورەو کێشەو نەبەزینە
دڕکی یەئس و نائومێدی
پێ شێل ئەکەم
ئەبێ بژیم ، ئەبێ بژیم
بۆ وەفای وەفا شیرینم
بۆ چاوی گەشی دێرینم

1986

بۆ ( ژێوار )

کەژێوار بوو،
کۆتایی وەرزی بەهار بوو
وەکوو بەچکە چۆلەکەیەك
بەجووکەو گڕو گاڵەوە
بەشنەی بای شەماڵەوە
وێڵی باخچەی سەرچنار بوو
///
وەك ماسی یە بچکۆلەیەك
لەم گۆلەوە ، لەوگۆلەوە
بەدەم هاژەو شەپۆلەوە
فێرە مەلەی ناو ڕووبار بوو
///

کەژێوار بوو
لەباخچەکەی پیت و فەڕا
( نۆبەرەی شیرینی دار ) بوو
لەنەوبەهاری تاسەدا
گوڵێکی سەرلق دیار بوو
لەهێلانەی گەرمی ی نازا
کۆرپەلەیەکی نازدار بوو
///
کەژێوار بوو
تەنیایی پێ ڕەوایەوە
هێلانەی پێ کرایەوە
زۆر کانیاوی وشك و تینووی
هەناوی پێ ژیایەوە
چەن دڵ و چاوی شەکەتی
بەبزە پێ حەسایەوە
منیش ، وەك باخەوانەکان
هەست و نەستم بەو نەمامە
چاوە ڕوونی بۆ مایەوە

باخچەی سۆزی خۆشەویستیم
بەهەشتی منالٚ پەرستیم
وەکوو نێرگس ، وەکوو ناز ناز
پەڵە پەڵە گەشایەوە
کەئەهاتی
1982

کەئەهاتی
وام ئەزانی پەژارەو خەم
نەزۆر ، نەکەم
وەکوو گڕەی ئاگرێکی بڵێسەدار
باخی خۆشی دڵنیایی
دەروونی تۆی نەناسیوە
**
کەئەهاتی ، وام ئەزانی
چاوی بزەو
پێکەنینە ساکارەکەت
وەکوو ئەستێرەی گەلاوێژ
لەخۆشی و گەشە بەولاوە


www.pertwk.com

لەورشەو پرشە بەولاوە
هێشتا فرمێسکی نەدیوە
کەئەهاتی ، وام ئەزانی
شە پۆلی جم و جووڵەکەت
لەدەریای بەخۆنازینا
رۆژێ لەڕۆژانی تەمەن
وەك بەفرێکی بێ گەردو پاك
لەسەر کێوی :
دڵشکان و
پەشیمانی و
بێ ئارامی
نەباریوە
**
کەئەهاتی ، وام ئەزانی
پە پوولەیت و
بەشوێن گوڵ و هەلاڵەدا
دێ یت و دەچی و
بۆنی هەرە خۆشی عەتری
باخچەی ژیانت مژیوە
**
کەچی داخەکەی داخانم
ئە مجارەیان
پێچەوانەی جاری جاران
بەو چیرۆکە دڵتەزێن و
بەسەرهاتە خەماویەت
وەك مامۆستا
هاتی تەختەسڕت هێنا
چی نوسرابوو
لەسەر تەختەی هەست و هۆشم
دەربارەی کامەرانی ی تۆ
هەر هەموویت کوژانەوە
**
ئەمە وابوو
بەلاّم ئاخۆ تۆماری ژین

دەفتەری تەمەنی مرۆڤ
تەنها یەك دوو لا پەڕەیەو
ئەبڕێتەوە ؟
مرۆڤ چی یە ؟!
حەزو خولیاو ئارەزووە
تیشکی ئێستەو رابوردووە
کانی ی هەستێکی زیندووە
گەربیەوێ
باڵدارێکی سەرکەوتووە
دەریایەکە
سەدان شە پۆلی نەبەزی و
نەسرەوتن و یاخی بوونی
بۆ گەوهەری کامەرانی
بۆ ئەو ژینەی
شیاوی ناوی مرۆڤ و
دوا ڕۆژی ڕووناك و گەشە
گرتۆتە خۆ

**

دەتۆش وەرە ، بەگوێم بکە
بەسەر درکی ڕێ ی ژیانا
هەتاکو سەر هەنگاو بنێ
وەك مرۆڤێکی بێ پەروا
هیچ مەترسە ، هیچ سڵ مەکە
وەك کۆترێ
بفڕە بەرەو ئەو باخچەیەی
گوڵی ڕەنگاوڕەنگی لێ یە :
خۆشەویستی
دڵنیایی
ئارامی زۆر
خەونی سەوز
کەسایەتی
ئەبێ من و تۆ بزانین
گوڵی باخچەی
ئەگەر هەبێ – کامەرانین

سامانی چڵکن و پڵکن
هەر پێشکەشی ژەنگ و ژارکە
وەکوو کردت
چۆنت ئەوێ ، وەها بژی
بەشانازی ، بەسەربەرزی

## شاعیر بۆیە شیعر ئەڵێ

1986

کەوشکە خەم ئەتوێتەوەو
ئەبێ بەفرمێسکێکی گەش
ئەڵێن باری لەش سووک ئەبێ
ئەی ئەوانەی خەمیان زۆرەو
لەناوەوە خۆیان ، خۆیان ئەخۆنەوە
چاویان فرمێسک ناناسێ
ئاخۆ قورقوشمی سەر دڵیان
چەن گران بێ ؟!
بەو هەموو خەمە سەوزەوە
ئەگەر شاعیر شیعر نەڵێ
ئەبێ هەور
لەوەرزی شەستە بارانا
دانەکات و

بەهاریش وەجاخی کوێر بێ و
گوڵی پێ نەگەشێتەوە
بەوهەموو خەمە چڕەوە
ئەگەر شاعیر شیعر نەڵێ
ئەبێ چاو بۆ بینین و
گوێ بۆ بیستن و
دڵ بۆ لێدان و بۆ ژیان نەبێ
**
بەو هەموو خەم و ژانەوە
ئەگەر شاعیر شیعر نەڵێ
ئەبێ دایك نەزۆك بێت و
مناڵیش بێ هەناسە بێ و
لێوی ساواش
بزە هەر نەزانێ چی یە
**
شاعیر بۆیە شیعر ئەڵێ :
وشکە خەمی بتوێتەوەو
ببێ بەفرمێسکی شیعر
ببێ بەبارانی شیعر
گوڵ و بەهارانی شیعر
ببێ بەچاو
بەگوێ
بەدڵ
بۆ بینین و بۆ بیستن و
بۆ چرکەو لێدانی شیعر
**
شاعیر مناڵیشی نەبێ
بەشیعر وەجاخی ڕوونە
چاوی کۆرپەو لێوی ساوای
گەربشگری
هەربزەیەو زەردەخەنە

**بروسکەی پرسەیەك**

لاواندنەوەی ( هێمن )ی شاعیر و هاوڕێمە 1986

هەر کە( بارگەی یارانەکەی )بەهێمنی گەیشتە شار
زوو زانیم کەبارگەو بنەی هێمنیش دەگاتە هەوار
زوو زانیم کە ( پاشەبەرە ) شیعرێکی نائاسایی یە
کزەو سۆزی هەناوەکەی ژیلەمۆی ماڵ ئاوایی یە
فرمێسکی ئەو چاوە تەڕەی لەو پارچە شیعرەیا هەبوو
تۆمارێکە بۆ تەمەن و بۆ ڕەوتی ژینەکەی هەموو
ئەو بارگەیەی هەر هەناسە و ئاخ و داخ و سکالآیە
شیوەنێکی گەرم و گوڕی کالأکەی لەقەد بالأیە
بەدەم سەرنجی شیعرەوە بۆ تۆی ماندوو ، بۆ تۆی تینوو
چاوی خەیاڵم تۆی ئەدی و ئەیوت چاوێك بنێ و بنوو
ئاسۆ وەك جاری جارانی ، بگرە زیاتر ، تەماوی یە
مەڵبەند هەرلایەکی ئەگری ، ڕەشپۆشێکی خەماوی یە
ئێستەش بەبۆنەی کۆچەوە کە تۆمارت ئەخوێنمەوە
یادی هەڵگرو داگری ژیانەکەت ئەژێنمەوە
ئەی بلبلە خۆش خوێنەکەی باخچەکەی کوردستانەکەم
تەریوە دڵشکاوەکەی شەیداکەی نیشتمانەکەم
گوڵی شیعر لەباخچەتا گەشی بۆن و بەرامەبوو
پاراوی خۆشەویستیت و گۆشی ئەوهەموو زامەبوو
گوڵی کام شیعرێ ناسکە لەتاریك و ڕوونا هەیە
بۆ جوانی و بۆ ئەم خاکەیە ، بۆ ئازادی ئەم کوردەیە
شاعیرە پەخشان نووسەکەی زمان پیت و پاراوەکە
ئەی بەبەرهەم گوڵە باخی سەر لق بەرزە گەشاوەکە
ئەی ئاوارەو دەربەدەری دەستی خەباتی چەن ساڵە
بۆ مافی کوردی ڕەنجەڕۆ ڕێبواری ئەوڕێگە تاڵە
بەناو ( هێمن )ی ، جەربەزەی ئەو هەورازە سەخت و کووڕە
بەناو دڕك و داڵی زۆرا ، ڕووبەڕووی وەیشوومەی تووڕە
تاڵە نزیکی ( چوارچرا ) سەری شەکەتت نایەوە
شیعرو خەبات و ناسۆری و مەهاباتت بۆ مایەوە


www.pertwk.com

## بۆ مێژوو

- پێشکەشە بەگیانی سمایل خانی سمکۆ -

سمکۆش ، وەك شێخی نەمر
هەڵۆیەك ، بوو ، بەرزەفڕ
لەسەر لوتکەی چیاوە
هەر بەهەوری ئەدا دڕ

***

لەشەقەقەی باڵی خولیای
ئەدا ، بۆ ئاسۆی هیوا
بەسەر هەزاران هەزار
دوندو تە پۆلکەو شیوا
لەشەوی کوردستانا
سمکۆ بڵێسەو گڕبوو
بۆ خۆری سەر فرازی
خوێنی مەشخەڵ هەلگربوو
زۆر بن دارو بن بەردی
ئەم خاکی کوردستانە
بۆ هاژەی پەرو باڵی
هەڵۆ مان ، داستانە
ئەو ئارەق و خەباتە
جێ ی شانازی مێژووە
بۆ سەر بەرزی ی وڵاتە
هەڵمەتەو نەمر بووە
تاڕاوکەری تامەزرۆ
بەخوێنی گەشی هەڵۆ
ئەم کوردەی کرد رە نجەڕۆ
بەکسپەی مەرگی سمکۆ
ئەو چیا سەربەرزانە
بۆ هەڵۆ هەر هێلانەن
بۆ ئەو بەچکە شێرانە
هەر بێشەن و هەرلانەن

بۆ قاسملۆی شەهید

1990

www.pertwk.com

دنیاشەوە

خەم وەك شارە زەردە واڵە

ورووژاوە

چاویش خەوی لێ زڕاوە

نەِ خوێنی سووری تێ زاوە

ئاخۆ ئەستێرەی عومری کێ

داکشاوە

***

دە ئەی بەهرەو قەڵەم بەجووت

ئێوەش هەردوو بکەونە خۆ

بنەخشێنن تابلۆی شیعر

بۆ رەوت و کۆچی قاسملۆ

***

بۆکێ ؟ بۆ کاکە رەحمانێ

بۆ گەوهەرێ ، بۆ ئینسانێ

بۆ هەڵۆیەکی بەرزە فڕ

لەکوێستانێ ، لەگەرمیانێ

سەرانسەری کوردستانێ

لەجیهانێ

***

بۆ کام مەزن ؟ مامۆستایە

بۆ نووسەرێ ، بۆ زانایە

بلیمەتێ ، کەم هاوتایە

بۆ مەشخەڵێ ، بلێسەیەك

رۆشن کەری رێ ی کاروانێ

بۆ قەڵەمێ ، بۆ ویژدانێ

خاوەن ( کورد و کوردستانێ )

***

بۆ سەرداری ، خەباتگێڕێ

رۆڵەی کوردی شۆڕشگێڕێ

بۆ رابەرێ ، وەك پەروانە

بەدەم عەشق و سووتانەوە

خۆی لەدەوری مەرگ بگێڕێ

باخەوانێ ، شەتڵ و نەمام

بەئارەق و خوێن بدێرێ

بۆ سەربەرزی و بۆ مافی کورد

گیان بەسەر دەستی بسپێرێ
لەرێ ی پرشنگی باوەڕا
لەرێ ی سەرفرازی کوردا
لەئاگرا ، بەناوگڕا
لێرەو لەوی
هیچ نەسرەوێ
قارەمانێ
بەسەرمەرگا هەنگاو بنێ
خۆی بۆ ژینی نەمر دانێ
***
بۆ کام مرۆڤ ؟ بۆ ئینسانێ
دلاوەرێ ، بۆ جوامێرێ
بەرەو خۆری کامەرانێ
هەموو گەلان
بۆ ئاشتی ، بۆ دۆستایەتی
هاودەردانی هەموو جیهان
بۆ ئازادی چەوساوەکان
لەشەوەزەنگی ژیانا

بەرەو تیشکی گزنگی خۆر
لەریزی پێشی پێشەوە
لەزەوی وشك و رەقەنا
تۆو بچێنێ
نەمام و خەلف و چووزەرەی
ناسنامەی کوردی بڕوێنێ
شە پۆلی نوستووی دەریاکان
ببزوێنێ
لەگۆشەی هەموو دەرفەتێ
مافە رەواکان بنوێنێ
بەدە زمان
لەسەر هەقی خوراوی کورد
گەلانی دوورو نزیکی
گۆی ئەم زەمینە بدوێنێ
***
کەچی داخەکەی داخانم
ئەو گەوهەرە
ئەو نووسەرە

ئەو رابەرە دلاوەرە
ئائەو هەڵۆ بەرزە فڕە
تەفرە درا
کەوتە داوی پیلانەوە
زرمەی گوللە بارانەوە
لەهەندەران
لەلایەن خوێن خۆرانەوە
کەللەی پژا
خوێنی رژا
لەگەڵ عەبدوڵلاو فازیلا
ئەو سوارچاکە هەڵکەوتووە
لەتەك ئەو دوو هاوڕێ یەدا
ئەسپەکەی نووچی دا ، گلا

***

تۆش ئەی ئارامگاکەی پاریس
خاکی پیرۆزی ( کۆمونە )
هەروەکوو پاڵەوانانی
مێژووی گەشت
تۆش ئەی گڵکۆ !
تەرمی خوێناوی قاسملۆ
ماچ بکەو بگرە باوەشت
نوێنەرێکی کوردستانی گڕگرتووە
رێبوارێکی رێ ی خەباتی
دوورو درێژو ماندووە
مژدەی بەرێ
نەمردووە
نەمردووە
شەهیدێکی زۆر مەزنەو
هەر زیندووە

1990

## تاسەی نامەیەك

ئارۆ! ئارۆ!
هەرکە نامە بەسۆزەکەت
وەکوو کۆترێکی ماڵی
بەسەر دەشت و دەرو کێوا
بەسەر هەورازو نشێوا

فڕی و دای لەشەقەقەی باڵی
ڕێگایەکی دووری پێوا
بەگیانی وەك فریشتەوە
هەرهات و هات
بەگمەگم
لای هێلانەکە نیشتەوە
ئێمەی تینوو بۆ هەواڵێ
وەك خاك و خۆڵی شارەزوور
لەبەر قرچە قرچی خۆرا
بۆ گەواڵە هەورێکی دوور
بۆشنەیە ، بۆ شەماڵێ
بۆ بارانێ
بۆ گەشەی جاری جارانێ
بزەی لێوی بەهارانێ
ئارۆ! ئارۆ!
بۆ ئێمە ، ئێمەی تامەزرۆ
نامەکەت ئەو بارانە بوو
گەشەی جاری جارانە بوو
بزەی ئەو بەهارانە بوو
**
لێم ئەپرسی
بێ دەنگی ی تۆ ئەم ترسێنێ
بۆم ئەنووسی
گێژەڵوکەی سەختی دووری
ئەم هەژێنێ
لەبێ دەنگیم هیچ مەترسە
سەرسەختی من ڕۆژی ماوە
خۆت ئەمناسی
گەرچی پیری تێم ئالاوە
وزەم گەرمە ، ورەم لاوە
تۆش ئارۆ گیان!
وەکوو کاکەی ئاوارەمان
لەئاسۆگەی ئارامەوە
گێژەڵووکە را بماڵە


www.pertwk.com

ئەو گەوهەرەی من ئەیناسم
گەرچی بۆ دەریای غەریبی
بێ ئەزموون و کرچ و کاڵە
وەك ساڵ ، وەك تەمەن مناڵە
پێوانەی تەمەن ژیری بێ
- بەسەر درك و داڵی خەمی -
دووری و دابڕانا زاڵە
وەکوو کاکۆ
وەك هەزاران جگەرگۆشەی
وڵاتی بەفرو نێگس و
نەورۆزی پڕ لە گوڵاڵە
ئارۆ! ئارۆ!
هاکا زانیت لەتاوانا
لەگەڵ گڕی جگەرمانا
ئێمەش دامان لەشەقەی باڵ
بەرەو دنیای خەون و خەیاڵ
بەرەو هێلانەکەی ( سانا )

## بۆ عەزیز نەسین

- پێشکەشە بە ( د.کەمال مەزهەر )ی مێژوو نووس و دۆستی دێرین کە ئیلهامی ئەم شیعرەی پێ بەخشیم 1990-

( 1 )

عەزیز نەسین!
ئەی مامۆستای بەهرەی نووسین
بەدەست و قەڵەمی ڕەنگین


www.pertwk.com

بەچیرۆك و بەرۆمانی
بە پیْزو پیرۆزو سەنگین
بەتەوس و تەشەرو تانەو
پلارو بزماری ژەنگین
دڵ و قەلاَی زۆردارانت
خستۆتە سەر لەرەو لەرزین
هەژارانیش هەویْنی تۆن
بۆ بەرهەم و بەهرەو بەخشین
(2)
عەزیز نەسین!
ئەی مرۆڤە کەم ویْنەکەی
رووی سەرزەمین
ئەگەرچی جیْ ی بەراوردو
پرس نی یە
لیْم مەگرە گەربیْت و بلیْم
بۆمان هەیە کەبپرسین
عەزیز نەسین!

تۆش ئەژیت و پارەدارە -
چاوچنۆکەکانیش ئەژین
(3)
عەزیز نەسین!
ئەی ئازیزی تورکی
نزیك و دراوسیْ
ئیْمەی کوردیش
لەخەرمانی بەرهەمتەوە
لەهەڵویْستی سەرجەمتەوە
لە پرشنگی سەردەمتەوە
وەکووو گەلانی سەرزەمین
لەمیْژەوە ، عەزیز نەسین
ئیْمەی کوردیش تۆ ئەناسین
نەك هەر ناسین
بەڵکو تۆو ئەوانەی وەك تۆن
لەناخمانا
لەقەڵەم و زمانمانا

بۆ پێ نازین
مایەی سەربەرزی و شانازین

(4)

عەزیز نەسین!
وەکوو ئێمە تۆ ئەناسین
تۆش دەمێکە کورد ئەناسی
بێ وەفانین
خاوەن مافی ناڕەوا نین
بەش خوراون
هەر خوراون
تۆش بۆیە واهاتیتە دەنگ
تا گورگەکان بکەی بە پەنگ

(5)

عەزیز نەسین!
لەم شارەوە
لەم نەورۆزو بەهارەوە
لەجیاتی چەپکە نێرگسێ
بۆتۆی نزیک و دراوسێ
لەکوردی وەفادارەوە
وەك شاعیرێ
وشەی هەستم بۆ تۆچنی
چونکە خۆشەویستی منی
ئەم شیعرەم بۆ بەڕێ کردی
لەبەر ئەوەی
خەمخۆرێکی گەورەی کوردی

## بۆ شەدە

لە پاییزی هەشتاو هەشتا
بەدەم شەپۆلی تاسەوە
( سروە ) ، ( شەدە )ی هێنایەوە
یەکەم شەوبوو گەشایەوە
لەوباخەوە
یەکەم شەو بوو کرایەوە

بەدیاری ی بابەو دایەوە
بەچە پکێ مام و خاڵەوە
شەدە رووی کردەماڵەوە
***
چاوی گێڕا
ماڵێکی بێ منداڵی دی
بێ بزەو گرو گاڵی دی
کە ژووری دی ، کەهۆڵی دی
هێلانەی چۆڵ و هۆڵی دی
نەبێشکەیەو نەساوایە
دەنگی گریانی لێ نایە
***
بەبێ دەنگی هاواری کرد :
من نۆبەرەم
ئەو نەفەرەم
خۆشەویستی و نازم هەیە
گریانی من جریوەیە

چەن چکۆلەم ، هێندە گەورەم
مەڕوانن جورم و شێوەم
تێکدەری بەرنامەی ئێوەم
هەر بەتەنها بۆ من ئەلوێ
کەشەو گریام هیچ کەس نەنوێ
دەبمناسن
بەبێ من بۆ هیچ کوێ ناچن
***

تۆش ئەی شەدە بچکۆلەکە
بەوێنەی بەچکە چۆلەکە
گوڵە تازە گەشۆلەکە
بجریوێنە
گەش بنوێنە
خۆشەویستمان بدوێنە
لەبێشکەو جۆلانەی نازا
سۆزی ئێمەو خۆت ڕاژێنە

ئەمڕۆ سبەی گڕوگاڵ کە
هێلانەکەت زۆرتر قاڵ کە
گفەو بڤەو زەردەخەنە
بەسەرمانا بکەن شنە
هەرچی ماڵێ بێ منداڵە
باشیرینیش بێ هەرتاڵە
بەخێر هاتی سەرچاومان
سۆزەی جەرگ و هەناومان

## چلەی ماتەمەو
## کۆچی بەهرەیەك

– سەبارەت بەوەی کە مامۆستا ( محەممەد مستەفا کوردی )ی کۆچ کردوو زۆرتر چێژی لەشیعری عەروزی و بابەتی قافیەی یەکگرتوو وەرئەگرت ، منیش بەهەوای ئەو حەزو ئارەزووەی ئەوەوە ، بۆ چلەی ماتەمەکەی – ئەم قەسیدەیەم ، لەسەر ئەو تان بۆیە چنی –

ئەی مامۆستا و ئەی هاوڕێ ی وشەی گیانی بەگیانی
گەرچی بەشێوەو دیمەن ونی بەرچاوەکانی
شەپۆلی دەنگی نزمت نادا لە پەردەی گوێمان

بێ تاسە ، بێ هەناسە ، لەشاری خامۆشانی
دوێنێ ( حافڤ ) ئەیفەرموو ، ئێمەش باوەڕمان وابوو
زیندوو کەمرد بەردێکە یادگارو نیشانی :
(( ئەمڕۆ کەلەبەر چاوم ، لوتفێ بکە لەگەڵما
سبەی مردم بێ سوودە فرمێسکی پەشیمانی ))
(( حاجی قادر ))یش فەرمووی : ( چی جێ بمێنێ ناوە )
ئەوناوەش ناوی چاکە ، بۆمان و بۆ نەمانی
تەمەن هەرچەن درێژبێ ، مردن ئەیپێچێتەوە
مرۆڤ چاك بێ ، یان خراپ ، چاو لێك ئەنێ ژیانی
دیارە پێوانەی راستی مرۆڤی راستەقینەش
خۆشەویستی و خەباتە بۆ گەل و نیشتمانی
خۆشەویستی و کنەی تۆش بۆ ئەم گەلی کوردەمان
بەرزو پیرۆزو دیارە ، وەك چیای کوردستانی
بەکوردی پەتی نووسین ، بەو هەموو هێزو پێزە
لەبەڵگە بەولاوەیە ، نەخشێنەری پەخشانی
چیرۆك و سەرگروشتەو پەندو باوی خۆماڵی
بەرهەمی بەهرەی تۆ بوون بۆ گە نجینە و سامانی


www.pertwk.com

ئەو بەهرەیەی کە سروشت بەو قەڵەمەی تۆی دابوو
سیحری ڕووتە و ئەباری بۆسەر دڵدارەکانی
گوڵاو پرژێنی باخی عومری درێژی تۆ بوو
پرشنگی ( ژین ) و ( هیوا ) و ( ڕۆژی نوێ ) و ( سلێمانی )
خۆلە ( فەرهەنگی خاڵ ) دا سەربازێکی ون بوو بووی
لەو پەرێزەشا خۆت خۆت کردە قۆچی قوربانی
جارجارەش بەترسەوە لەگەڵ فریشتەی شیعرا
سەرەتاتکێتان ئەکرد ، ئەشچویتە جێ ژووانێ
لە شیکردنەوەی شیعری بەرزی دێرینی کوردا
سەرچاوەی متمانە بووی بۆ تینووی باخ و کانی
جێ دەست و پە نجەت دیارە بەتابلۆی کتێبەوە
بۆ جگەر گۆشەکان و بۆ ئەدەب و زمانی
لەئاقاری ڕەوشتی پیرۆزی تایبەتیشا
مرۆڤێ بووی نموونەی پاکی و ڕاستی و ڕەوانی
بێ فیزو بێ هەوابووی ، سادەوساکارو بێ وەی
قسە نەستەق و خۆش دەست ، سوارچاکی نوکتە زانی
ئایین پەروەری ڕاست و کوردێکی ساغ و سووتاو

دژی ئایین و ئۆیین ، بێ کەڵکەڵەی شەیتانی
مامۆستا گیان! ئەگەرچی چلەی ماتەمی تۆیە ،
پرسەی دوا کۆچ فرمێسکە و سۆزەو کسپەو گریانی
پرسەی گشتیش ئەگەربوو ، وەك هەیە ، هیچ ناگرین
گریان چەکی داماوە ، بۆ بێ دەستەوستانی
خەم ئەبێ ببێ بەگڕ ، فرمێسکیش بە بڵێسە
چرا ئەگەر نەسووتێ ، شەوەو تاریکستانی
تۆش لەشەوی تاریکا ، وەك مۆم ، کز کز ئەسووتای
ڕووناکیت پێ ئەبەخشین ، ڕووبەڕوو ، یان پەنهانی
داخەکەم ، بەروبوومی تیشکەکەت هەرمەڵۆ بوو
زاخاوی چاوتی نەدا ، نەشاراو نەخەرمانی
چاولێك نێ ، دڵنیابە ، نەوەی ئەمەکداری کورد
( کوردی ) فەرامۆش ناکا ، ئەرکێکەو لەسەرشانی
تائەم کوردە بمێنێ ، یادی ( کوردی )ش ئەمێنێ
بێ خەم بنوو لەخاکا ، تۆ شەکەتی وچانی


www.pertwk.com

بۆ مەدهۆشی شاعیرو
بەڵێنەکەی

نەفس بەهیوای ئەو بەڵێنە بوو
هێلکەی چی؟! هەمووی دووزەردێنە بوو
وتیان بیٚ خویٚ یە ، من کەتامم کرد
بەینی بەینەڵلاّ هیچ بیٚ خویٚ نەبوو
پیری یە ، یان خەم زەینی کول کردوون
بیر تیژی ی ئێوە خۆ کەم وێنە بوو
چوارشەممەو شەممەو سەفەر دوایی هات
دەنگی تەلەفۆن بۆ بەر گویٚ نەبوو
سەرما خەریکە دوورکەوێتەوە
جلقەی هێلکە بۆر لەهیچ کویٚ نەبوو
قەرز کۆن ئەبیٚ ، بڵیٚ ی نەفەوتیٚ ؟
مەسەل کۆنە ، هی ئەمڕۆ و دویٚ نەبوو

1987

بۆ شارەکەم

ئەی شارەکەم!
نازانم تۆ
تینووی خوێن و تاسەی منی
یان من تامەزرۆی خاکتم؟
بۆیە هەرچەن شەوی ژینم
لیٚ تاریك و شەوەزەنگ بیٚ
شیلەی تەمەنی شیرینم

لەخەما ، پڕ ژارو ژەنگ بێ
خۆشەویستی نێوا نمان
هیچ نایەوێ ، لەتۆ دووربم
هیچ نایەڵێ ، وەك باڵدارێ
تەریوی ئەودیو سنووربم
***

ئەی شارەکەم!
کەلە شاعیرێکیان پرسی :
چۆنە عەشق و خۆشەویستی
پاریست کردۆتە خولیا ؟!
چۆنە وا نایگۆڕیتەوە
بەهەموو شارانی دنیا ؟!
لەبەر ئەوەی کەزیندووە
بزێوو سەربە گێچەڵ و نەمربووە
***

سلێمانی !
منیش لەئاسۆی ناخەوە
بەگوێ ی تۆدا ئەچرپێنم تا بمێنم
خوێنم شاری وەك تۆی ئەوێ
دڵم یاری وەك تۆی ئەوێ
بلبلی سۆزو کەڵکەڵەم ،
هەر بەهاری وەك تۆی ئەوێ
هەر هەواری وەك تۆی ئەوێ

## لایلایە

( سەعیدی شەمسی ئەنصاری )
لەفارسیەوە بۆ شیعری کوردی

ئەی کۆرپەلە نازدارەکەم!
بەئاسوودەیی بخەوە
بەگوێ ی فریشتەما چرپان
لەبێشکەکەت دوورکەونەوە
تا بەبەستەی نەرم و نیان
تۆ هیچ بێدار نەکەنەوە
ئەودەمەی چاوت لێك ناوە

بە پە پوولەکانی باخچەم وت :
گوڵاو گوڵ نەکەن لەم ناوە
چونکە ئەوەندە ناسکی
بەباڵە فرەی پە پوولەش
چاوەکانت هەڵێناوە
منیش گۆرانی هێمنی
لایەلایە
نەرم نەرم ئەڵێمەوە
دڵۆپ دڵۆپ شیری گیانم
ئەرێژمە ناو ئەو دەمەوە
تا لەژێر رەشماڵی شەوا
لەرەو ترپەی هەناسەی کورت
شنەی بڕژێتە گوێمەوە

( لەچلەی بەهرەیەکدا )

بەبۆنەی چلەی ماتەمی شاعیری
دیارو کۆچ کردوو ( کامەران )ەوە

کە پرشنگێکی بەهرەدار
وەکوو خۆر سەرئەنێتەوەو
بۆ یەکجاری ئاوا ئەبێ
لێم مە پرسە
گێژەڵوکەی پەژارەو خەم
لەناخی شەکەتی منا
چۆن ئەوروژێ

***

هەر کەجگەر گۆشەی شیعر
- بە کۆچی بێ گەڕانەوەی -
خەمخۆری کۆستی ئەکەوێ و
لە پایزێکی درەنگا
وەك منالێکی نازداری
گەرماو گەرم لەناز کەوتوو
یان بابڵێ ین
وەکوو کۆترێکی تەریو
بەگمەگم
لەبەرۆچکەی دیوانێکا
دەفتەرێکا
کاغەزێکا
کزو کەساس هەڵ ئەکورمێ
من لێرەوە
ئاگرێکم تێ بەرئەبێ
بەگریانی وشك نەبێ

بەشەپۆلی هیچ ڕووبارو
هیچ چەمێ ناکوژێمەوە
کەبەهرەیەك
لەناکاوا
وەکوو ئەستێرە گەشەیەك
لەئاسۆی شاری دێرینی
هەولێرەوە
بەرەو سلێمانی ئەکشێ
بۆ ماڵ ئاوا
- لەژێر سێبەری درەختی -
بێ گەڵای دار ئەرخەوانی
سەیوانی خەما رائەکشێ
هیچ مە پرسە
دڵدارانی شیعرو وشەو
خۆشەویستی
هەناسەیان
چۆن بۆ کۆچی ئەو بەهرەیە

ئەو هەورەیە
لەجێ ی بەفرو ، لەجێ ی باران
پرسەو ماتەم ئەبارێنێ
ئەو بەهرەیەی
سەردەمێکی دوورو درێژ
وەکوو ( حاجی ) ، وەکوو ( بێ کەس )
لەرێ ی وشەو هەڵبەستەوە
بۆ نەتەوە
بەچەپك ( گولاڵە سوورە )ی
خوێن گەرمی ی ڕشتە بەستەوە
بەدەم ( ڕەنج و ئاوات )ەوە
بلێسەی ( ئاگرو ژیلە )
لەشەوگاری شەوە زەنگا
مەشخەڵێ بوو بەدەستەوە
بۆ ( دیاری ) ، ( گوڵە ئەستێرە )ی
گەشەو زەبری هۆنراوە بوو
گوڵێ بوو ، بەرهەمی شیعر
کە چوار وەرزە گەشاوە بوو
بۆ سەرفرازی ی ئەم کوردەو
بۆ مرۆڤی چەوساوە بوو

***

ئەو بەهرەیەی
کەشوێنە زای نۆبەرەی شیعری
( بەدرە )بوو
دەست بەسەری ی ، بەندی ی ، خەبات
هۆی هەژان و تەقینەوەی
کانی و کارێزی بەهرە بوو
لەزیندانی تاریکەوە
زرەی زنجیر ئەبێ بڵێ :
( هەزار سلاو لە خاکەکەم
کەخۆمی بۆ والێ ئەکەم
کاتێ دڵی من ئەگەشێتەوە
کەبەفری خەمی کورد بتوێتەوە )
ئێستەش هەرچەن ئەو بەهرەیە

ڕێبواری سەر ئەوڕێگەیە
بەناکامی
دڵشکاوی
بێ ئارامی
لەسەیوان سەری نایەوە
بەناچاری ی حەسایەوە
ئەویش وەك زۆر شاعیری کورد
تا هانای بۆ ئەرخەوان برد
تەنها بەناو کامەران بوو
خێرنەدیو بوو
بەلاّم لەجیهانی شیعرو
وشەی گەرم و ڕا پەڕینا
پشکۆی دیار بوو
لەدنیای گیانی و هیوادا
بەختی یار بوو
بۆیە کوردستان هەتا بمێنێ
سەرلوتکەو کەژی

گوڵ و گولاّڵەی هەڵبەست و نووسین
وەك نێرگسە جاڕ
نەورۆزو بەهار
بگەشێتەوە ، بشەکێتەوە
وەك ساوای نازدار
بشنێتەوە ، بخنێتەوە
ئەویش لەشیعرو بەرهەمی جوانا
گولاّڵە سوورەو دار ئەرخەوانا
خەمە گەورەکەی دڵی سەیوانا
گزنگی ئاسۆی گەشی هەمووانا
وەك نەمرا نمان
کامەرانیشمان
زیندووەو ئەژی